# جەللاد

## دیوانی هاوار( عەلی حەسەنیانی )

ئا : د.لوقمان رەئوف

ناوی كتێب: جەللاد
دیوانی عەلی حەسەنیانی( هاوار)
نوسەر: د.لوقمان رەئوف
تایپ:   لاوەند لوقمان
نەخشەسازی: پەیوەست
تیراژ:   500 دانە
چاپخانە، چاپخانەی دێكانی سلێمانی
نرخ: 4000 دینار
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان، ژمارە(      )ی
ساڵی2014 پێدراوە.

مەژی بۆئەوەی بژی
بژی بۆئەوەی بب

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاسی تایبەت بۆ هەریەكە لە بەڕێزان (د. زاگرۆس حەسەنیانی) كوڕی شاعیر، و كاك هێدی هاوڕێی شاعیر

# پێڕست

– ژیاننامەی هاوار.........................................8
– سێکوچکەی شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.10
– نامەیەکی مامۆستا هێمن بۆ کاك هاوار...................52
– پیرشالیار............................................................54
– بە یادی هاوار........................................................59

## بەشی یەکەم

## شیعرە کلاسیکییەکان

شەم ........................................................66
باران.........................................................................66
پەڕەسلێرەکە..............................................................67
گوڵی سور...................................................................69
کۆچی دوایی.................................................................72
گوناه...........................................................................74
کەوان...........................................................................75
خەمبار.........................................................................76
جوانە کچ......................................................................77
تاپۆ..............................................................................79
پێشمەرگە.....................................................................84

بەهاری ئازادی..................................85
ئاگر................................................88
سەفەری واوان .....................................89
تراوکە............................................91
تامەزرۆ ...........................................93
دڵ ئەستێن........................................94
مەبەستی ڕاستی.................................94
تۆ منی، من تۆم...................................96
وێنە................................................97
مەلی تەمەن.......................................98
پەیکەری بلوور....................................99
ڕەشی و گەشی..................................108
تاپۆی هێمن......................................112
شینی هێمن......................................171
نەورۆزو نازێ ...................................126
ئالان................................................127
ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت..............128
وردەواڵە...........................................136
تێهەڵکێش.........................................139
چوارینە...........................................140
تاك.................................................150

## بەشی دووەم

## شیعرە نوێکان


جەللاد.......................................152

بۆمباران.......................................154

کەژاڵێ .......................................157

خەونی نامۆش.......................................159

پرسیار.......................................161

خۆفرۆش.......................................162

ئاواتی مردوو.......................................164

خەیاڵ.......................................165

بەسەرهات.......................................167

هەموو رەنگە.......................................171

کیژی خەم.......................................173

شاری خامۆشان.......................................174

گەلی هەژار.......................................177

دوو پەری.......................................179

تاریکی و نوور.......................................180

ئەتۆم دەوێ! .......................................182

مزگێنی........................ 185

گوڵی هیوا.............................186

مەڵێ مەیە! ............................188

ماڵ ئاوایی...........................190

گێژەڵوکە...........................192

سنووری بەیان..........................194

زەماوەندی گەورە............................195

خەم مەخۆ گوڵم! ..............................197

یاد.........................................199

داوەڵ..........................................201

دەنگ...دەنگ...دەنگ.............................205

گڕوو.......................................206

مەرگی شاعیر..............................208

هاوارە ئاشنا...! ................................209

دەڕۆم...........................................212

دەوری خۆشی....................................215

چۆن دەتوانم؟.......................................217

ئاوات...............................................219

زەردەشت...............................................221

وەڵامێك بۆ جەلال مەلەكشا.........................224

تۆ هەر ماوی.............................................228

ژیانەوە.................................................230
چاوەکەت.................................................233
ئازیز.................................................235
پیری ڕێبوار.................................................237
هۆی دەربەدەریم.................................................240
وەبیرم دێ.................................................241
بەندی و کۆیلەیی.................................................243

# ژیاننامەی هاوار

-هاوار(عەلی حەسەنیانی) لەساڵی 1939 لەگەڕکی پامنار لە تاران لەدایك دەبێت.

-لەساڵی1946 دەگەڕێنەوە مەهاباد، لێرە تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی فیردەوسی دەخوێنێت، پاشان دەچێتە تاران و لەقوتابخانەی دکتۆر سوڕتگەر دەخوێنێت.

-دوای ساڵێك دەگەڕێتەوە مەهاباد و تا لە قوتابخانەی محەمەد ڕەزا وەرگتنی بڕوانامەی دیبلۆم بەردەوام دەبێت.

- لەساڵی1959 دەچێتە زانكۆی تاران بەشی ماف و زانیارییە سیاسییەكان ، لێرە لەگەڵ روناكبیرانی كورد تێكەڵ دەبێت.

- لەساڵی 1964 دوای مانگرتنی خوێندكارانی زانكۆی تاران لەگەڵ سوارەو هاوەڵەكانی دەخرێتە زیندان.

- دوای ئازادبوونی درێژە بەخوێندن دەدات و كۆلێژ تەواو دەكات.

- دواتر لە وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێت، بەڵام بەهۆی بیورای سیاسی چەندین جار دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە جیاوازەكان لەوانە( كومیجان، ئەراك، تەفریش، ئاستارا، دەرڕەشار لە ئیلام)، ماوەیەكیش لە سنەو بانە دادەمەزرێت، بەڵام زووبەزوو

رایدەگوێزن، بەهۆی ئەم گواستنەوەیەشەوە واز لە وەزاررەتی ناوخۆ دەهێنێت،و دەچێتە خولی پارێزەری لە تەورێز.

- پاش ساڵێك وەك پارێزەر دەچێتە شاری میاندواو لە نزیك مەهایاد،چونکە رێگەیان نەدەدا بچیتە مەهاباد.

-پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەساڵی 1978 دەگەڕێتەوە مەهاباد.

- لەساڵی 1980ناچاردەبێت مەهاباد جێبهێڵیت و بچێتە شاخ.

-لەساڵی 1983 بەهۆی گرفی خێزانییەوە دەگەڕێتەوە مەهابادو لە تاران نیشتەجێدەبێت.

-لەساڵی 1985 دەگەڕێتەوە مەهابادو وەك پارێزەر کاردەکات، و هاوکاری گۆڤاری سروە دەکات، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیر ئەنجومەنی ئەدەبی دادەمەزرێنێت.

- 1989 ولأت بەجێدەهێڵیت و دەچێتە فیلاند، پاشان دەچێتە دانیمارك و لەوێ ناوی خۆی دەکاتە( ئازاد ساسان).

- بەرلەوەی پەنابەری وەربگرێت بە شەوی 1992/5/8 بەهۆی سەکتەی دڵەوە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی کۆپنهاگن بەخاك دەسپێرێت.

# سێکوچکەی شیعری نوێی کوردی
# لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانی
## د. لوقمان ڕەئوف

**پێشەکی:**

ئەگەرچی تا ئێستا لەبارەی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان( ئێران)ەوە، لەم هەرێمەدا کارێکی جدی نەکراوە ، بەلاّم هەندێك هەولْ وەك ئامارژەو هەولْی سەرەتایی هەن، ئەمەش لەوەوەیە کە تا ئێستا کە باس لە شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەلاّت دەکرێت، ڕاستەوخۆ باس لە سوارەی ئیلخان زادە دەکرێت، سوارەش ئەگەرچی کەسی سێیەمی ڕەوتی شیعریی نوێی کوردی ڕۆژهەلاّتی کوردستان ی ، و لە زەمەنێکدا ڕۆلْێکی دیاری لە ناساندنی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەلاّتدا هەبووە، بەلاّم ئەم کاروانە لە سێکوچەکەی شیعریی( هاوار ، پشکۆ، سوارە)ەوە دەستی پێکردوە.

هەرچەندە شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەلاّت زیاتر لە شیعری سەربەست و لەدوای شاعیرانی سلێمانییەوە دەستی پێکردوە، بەلاّم شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەلاّت، خاوەن پێگەو بنەماو زمان و وێناو.......تاد بەهێزی خۆیەتی، لەگەلْ ئەوەشدا هەریەکە لە شاعیرانی نویْ لە هەموو پارچەکانی کوردستان، یەکەم هۆکار یان سەرەکیترین هۆکار بۆ هەنگاونان بۆ نوێکردنەوەو نوێگەری زانینی زمان بووە،

واتە لەڕێگەی کەلتوری ئەوروپاو زمانە ئەوروپیە کانەوە بۆنمونە کامەران بەدرخان زمانەکانی(فەرەنسی – ئینگلیزی– ئەڵمانی) و (عەبدوڵلاّ گۆران ، ئینگلیزی ) و( ڕەشید نەجیب ، ئینگلیزی) و (عبدالڕحیم هەکاری، ئەڵمانی– رووسی) و( قەدریجان، فەرەنسی )یان زانیوەو ڕاستەوخۆ سودیان لە زمانە ئەوروپیەکان وەرگرتووە،و لەڕیگەی ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوە سودیان لەم قۆناغ و هەنگاونان بۆ نوێکردنەوەو نوێگەری وەرگرتوە.

کەواتە شاعیرانی رۆژهەلأتی کوردستانیش بە هەمان رێگەی شاعیرانی پارچەکانی تر بەرەو شیعری سەربەست رۆشتون، لەرێگەی زمان و فۆلکلۆرەوە گەڕاونە سەر نوێکردنەوەی شیعری کوردی.

## چەمك و پێناسەی نوێخوازی

هەرچەندە جیاوازێکی زۆر لەنێوان نوێکردنەوەو نوێخوازیدا هەیە، چونکە هەرچی نوێکردنەوەیە کار لەسەر گۆڕینی سیمای هەیکەڵی دەق دەکات و پایە سەرەکییەکانی دەق وەك خۆیان دەمێنەوە، بەلاّم نوێگەری گۆڕێن یان هیڵەیشان ، یاخود دەسکاریکردنی پایەسەرەکیەکان و بنیادنانەوەی رەوتێکی نوێترو جیاوازترە لە رابردوو، لە بەرامبەر نویکردنەوەدا لە عەرەبیدا زاراوەی (تجدد) و لە

ئینگلیزیدا(Inovation) و بنچینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، سەبارەت بە هەلومەجی نوێکردنەوە"پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعر لەسەر سێ کۆڵەگە وەستاوە, یەکەم, زەمینەو بارودۆخی لەبارو دووەم, هۆکارو کاردانەوە لە بەرانبەر شیعری کۆن و سەرچاوەی یارمەتیدەرو سێیەمیش کەسی داهێنەر بۆ خوڵقاندن و نوێکردنەوە"[1]

"گومانی تیانییە کە خواستی گۆڕین لەرەوتی شیعریی و رووکردنە داهێنانی نوێ لە هەموو سەردەمێکی ئەدەبیدا لەلای تاکە تاکەی شاعیران بەدی دەکریٚ"[2]

نوێخوازی بزوتنەوەیەك، یاخود کۆمەڵە بزوتنەوەیەکی هونەریەو هەڵگری تەکنیکی هونەری نوێیە، کە لە هونەری پێش خۆی یاخی دەبێت، یاخود مۆدێرنیزم واتە دەرچوون لە سەدەکانی ناوەڕاست و پێشوازیکردن لە چەرخی ئەستێرەو زانست و ئازادی و داهێنان لە بوارە جیاوازەکان، یاخود وەستان لە دژی دواکەوتوویی، بۆیە نوێخوازی عەقڵیەتێکی نوێی هەیە ، عەقڵیەتێك کە لەهەموو چەمکێکی کۆن ڕزگاری

---

1- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن خۆشناو، لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیمایوشیج، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007،ل1

2- محەمەد فازل مستەفا،دەنگی پیرەمێردلە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2008،ل12

بووە، هەموو شتێکی نوێ بەشێوەیەکی بابەتی شیدەکاتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات. ئەم عەقڵیەتە نوێیە، لەهەموو ژیاندا ڕنگدەداتەوە، لەوانە لە شیعرو هونەریشدا.

لە کۆتایی سەدەی 19 یەمدا، لەئەوروپا وشەی نوێخوازی لەبواری شیعر نوسیندا هاتەئاراوە. ئەوانەی ئەم جۆرە شیعرەیان وروژاند، بۆدلێری‌و ڤالێری‌ورامبۆو بردۆست‌و گلڤیك‌و ئۆکتاڤیۆپازو ئیفابۆنفواو ....تاد بوون و ڕۆڵێکی دیاریان لە گۆڕینی وێناو زمان و چوارچێوەی شیعرییدا هەبووە.

بنچینەی زاراوەی مۆدێرنیزم لە لاتینیەوە وەرگیراوە و بەواتای هەرشتێ ، یان کەسێ پەیوەندی بە ئیمڕۆ ، یان سەردەمێکی نزیکە، یان هاوچەرخ هەیە ، بەڵام لە زمانە ئەوروپیکاندا زاراوەی (MODERN)هەنێ جار تا دووای سەدەکانی ناوەڕاست دەگرێتەوە، بۆ نمونە سەردەمی ڕێنیسانس کەیەکەمین دەروازەی (modernzm)ە لە هەموو بوارەکانی ژیان و کلتوری ئەوروپا سەریهەڵدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی و لە سەر ئاستی ئەوروپا و جیهاندا هاتەئارا، بەڵام زاراوەی مۆدێرنیزمی فەرەنسی بەواتای بەخشینی شێوەیەکی نوێ تر ، کە لە تەکنیکی ئەمڕۆوە وەرگیرابێت، یاخود خۆگونجاندن لەگەڵ بەکارهێنانە هاوچەرخەکاندا، ،بیری نوێخوازی لەفەلسەفەی ئەوروپیدا

،بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەوەی:(مرۆۋ و کۆمەڵ ، یان داهێنان ئاماژە بۆ ئێستایی بوونی خۆیان بکەن و پرسیار لەبارەی هاوچەرخ وبونی خۆیان بکەن[3]، یاخود" تازەگەرەکان ئەو دەستە نوسەرە فەڕەنسیانەن کەلەکێشەو ململانێ دا بەرەنگاری تەوژمی ئەدەبیاتی کۆن بونەوە لەساڵی (1678ز–1714ز)دا،ئەمانە بە گەرمی دەیان ویست لە بابەتە ئەدەبیەکان و ژانەرە ئەدەبیەکان تەزەگەریەك بەرپا بکرێت و دەیانوت هیچ پێویست نیە نوسەر پابەندبێت بەلاساییکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەغریق و ڕۆمان"[4] کەواتە ئەم دەستە نوێخوازە تێوری لاساییکردنەوەیان ڕەتکردەوەو بەپێویستیان دەزانی ، ڕێگاو شێوازی تازە بۆ دەربڕین ونوسینی بەرهەمی ئەدەبی بەکاربهێنن ، لە هەمانکاتدا ئەمانە کەلەپوری کۆنیان ڕەتنەکردوەتەوە ، بەڵکو دەیانوت دەبێ تازە گەری تێدابکرێت.

---

[3]- لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرن لە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، 2013. ل26

[4]- مجدی وهبة، مصطلحات الادبیة

# زەمینەی سەرهەڵدانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان

بەگشتی شیعری نوێ لە پارچەکانی کوردستان، هەریەکەیان هەلومەرجێك پاڵنەربوو بۆ سەرهەڵدانیان، بۆنمونە لە باکوری کوردستان لەساڵی 1919 عبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری بە هۆی گۆڤاری ژین لە ئەستەمبوول (21) شیعری بلاٌوکردوەتەوە، دوای ئەویش مصگفی شەوقی لە (12) شیعری دیسان لەهەمان گۆڤاردا بلاٌوکردوەتەوە، جگەلەمەش لە گۆڤاری(هاوار، ڕوناهی ، ڕۆژا نوێ)دا کۆمەڵێ دەنگی شیعری دەرکەوتن کەدەکرێ بۆ خۆیان بە بزوتنەوەیەکی شیعری ناو ئەدەبی کرمانجی ژوورو دابنرێن، بەلاٌم سیمای دیاری ئەو دەنگانە، کاریگەربونیان بەئەدەبی تورکییەوە نیشاندەدا.[5]

هەرچی باشوری کوردستانە بەهۆی گۆڤاری گەلاوێژەوە دەنگی شیعری نوێ سەریان هەڵداوە، وەك شێخ نوری دەڵێت:

تەماشای لاپەڕی ژین کە نیە جێی نوقتەیە خاڵێ

لەبەر ئەشعاری تازەی شاعیران ئەمسەر هەتا ئەو سەر

---

[5]- ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن خۆشناو، لێکچوون‌و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران‌و نیمایوشیج ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007،

بزوتنەوەی شیعریی نوێی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان، پەیوەندی راستەوخۆی بەو بارودۆخەی ولاتەکەوە هەیە،کە تێیدا گۆڕانکارییەکان روویانداوەو زەمینەیان بۆ ئەم هەلومەرجە رەخساندوە، بۆ نمونە لەسەردەمی مەشروتەوە هەلومەرجێك هاتەئاراو دوای مەشروتە تاوەکو سەردەمی کۆماری کوردستان ئەم هەلە نەڕەخسایەوە، دوای کۆماریش تاوەکو کۆتایی سالانی پەنجاکان، ئەم سەرکوتکردنە کاریگەری لەسەر رەوتی شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەلات هەبووە.

دەربارەی ئەم بزوتنەوەیە شیعریەی کوردستانی ڕۆژهەلات( عوسمان محمد خزر دەشتی) دەڵێت"کاروانی شیعری کوردی لە موکریانو لە ڕۆژهەلاتیش وەك هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، لە ئاکامی ئەو ئاڵو گۆڕە بنەڕەتیانەی لە بارودۆخی ئابوریو کۆمەلایەتیو سیاسیو فەرهەنگی ناوچەکە پێك هاتن، دوابەدوای ئینقیلابی عوسمانی (1908) شۆڕشی مەشروتە لە ئێران (1906–1911) بەرە بەرە لە ڕێڕەوی کلاسیکیو کۆن لای داو هەم نیشانەکانی ڕێبازی رۆمانتیکیو هەم بابەتو ناوەڕۆکی ڕۆشنگەری تەنویری سیاسیو ڕەخنەی کۆمەلایەتی لێ بەدیار کەوتن، کە ئەم دیاردەیە بەڕوونی لە شیعرو بەرهەمی چەند شاعیرێك بەدیار دەکەوێت، کە دەکرێت وەکو شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە لە

نێوان‌و کۆن‌و نوێ، دەورەی یەکەم‌و دووەمی شاعیرانی ئەم مەڵبەندە سەیر بکرێت"[6]

هەندێك لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵیان هەبوو لە بنیادنانی بناغەیەیەك بۆ سەرتای دەستپێکردن بریتین لە: (قازی زادە ، مەلا مارفی کۆکەیی، سەیفی قازی)ن[7] کە بەهۆی کاریگەری بە قوتابخانە فیکری‌و ئەدەبیەکانی (تورکیا ،ئێران) بەتایبەتی ئەوقوتابخانانەی دوای شۆڕشی مەشروتە لەو دوو وڵاتەدا سەریهەڵدا، ئەم بنەمایە دامەزرا.

پیش خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات)، عەباسی حەقیقی، محمەدی عەتری گلولانی، هەژاری موکریانی، شێواو، هێدی، دەبنە دیارترین دەنگی شیعری کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەیەم‌و چارەکی یەکەمی نیوەی دووەمی ئە وسەدەیە.

جگەلەمەش لە کوردستانی ڕۆژهەلآت دا، لەسالآنی 1945 لەژێر کاریگەری سەرهەڵدانی بزوتنەوەی سیاسی‌و پێکهێنانی کۆمەڵەی (ژ-ك)و دامەزراندنی حوکومەتی کوردستان لە (مهاباد)، زەمینەیان بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێ دەنگی شیعری لاو و شۆڕشگێڕ ڕەخساند، بزوتنەوەیەکی

---

6- ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلآیەتی لە شیعری هێمندا، نامەی ماستەر،ل11

7- هەمان سەرچاوە،ل12

شیعری نوێی لە کوردستانی ڕۆژهەلاَت سەریهەڵدا، لەوانە( حەقیقی، خاڵەمین، هەژار، هێمن، هێدی).

دیارە چالاکی ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی (کۆماری کوردستان )دا لە (مهاباد) ڕۆڵی گرنگی لە هاندان‌و پەروەردەکردنی شاعیرانی ئەو قۆناغەدا بینی، بەلاّم پاش لەناوبردنی (کۆماری کوردستان) شیعر توشی سستی هات، بەلاّم نەتوانرا ئەم دەنگانە بمرێنرێن، چونکە دواتر سەریانهەڵدایەوە، لەوانە (عاشق)، (شپرزە)، سەید عوبەیدولاّ ئەیوبیان،هێژا، هاوار، پشکۆ ، عومەر سوڵتانی (وەفا)، محمد صدیق موفتی زادە.ئیبراهیم ئەفەنی، سەید ئیبراهیمی ستودە، سەید محمود سوجادی (کاردۆ).....تاد، لەبارەی قۆناغی یەکەمی شیعری کوردی لەرۆژهەلاّتدا دەڵێت "حەسەنی سەیفی قازی(سەیفولقوزات)"(1877- 1944) ڕێبازێکی تایبەتی هەڵبژارد و هەنگاوی بەرەو نوێبوونەوەی شێعر هەڵگرت" شێعری کوردی لە وشەی ڕەق و عەڕەبی بژار کرد.سەیفی قازی کە بە "مامۆستای شاعیرانی موکریان" ناسراوە، ئەوەی بۆ ڕوون ببۆوە کە دەبێ وشەی پەتی و ڕەسەن لە دێ و لە نەخوێندەوار فێر بین و کێشی شیعر لە فۆلکلۆری کۆن وەرگرین"8

---

8-هێدی، گوناه، دیوانی هاوار ،مەهاباد،1390،ل17

ئەبوبەکر عەبدوڵڵا دەڵێت"لەدوای دامەزراندنی (ساواك) لە (1956)ز، زیاتر فشار خرایە سەر شۆڕشگێڕانی ئێران، بەڵام وەك شیعری نویٚ پاش ماوەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵدایەوە، دیارترین دەنگی نوێخوازیش بە بۆچونی ئەو نوسەرانە دەنگەکەی (وەفا)یە. کە سەرەتا بە فارسی شیعری وتوە، گەلێك پێش ئەوەی یەکەم شیعری کوردی بڵێت، کۆمەڵەی شیعرە فارسیەکانی خۆی(سرود پرستو)ە لە(1958)ز، دا لە چاپداوە"[9] بەڵام لەراستیدا چ وەفا و چ ئەو شاعیرانەی تر لە شیعری نوێی ئێراندا دابەشکراون بە دوو قۆناغ:قۆناغی یەکەم:لەسەردەمی کۆماری مەهابات تاوەکو سالآنی 1958 هەموو ئەو شاعیرانەی کە پێشتر باسکران دەچنە ئەم خانەوە.

قۆناغی دووەم: لەسالآنی 1959 بەدواوە، کە شاعیری نوێی رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبازو ستایلێکی نوێوە دەستیپێکردوەو لە هەمانکاتیشدا سەرقافڵەو لوتکەیی خۆی گرت، چونکە لەم قۆناغەوە شیعری سەربەستی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستیپێکرد.

---

[9]- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن خۆشناو، لێکچوون‌و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران‌و نیمایوشیج ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007،

## سەرەتای گۆڕانکارییەکان

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لە شیعری هەموو جیهاندا، بەچەند هۆکارو بنەمایەکی گرنگدا تێپەڕیوە، لەوانە هۆکاری زمانزانی، ئەدەب فۆلکلۆر، وەرگێڕان لای شاعیرانی رۆژهەلاتیش ئەم پۆلێنبەندییە هەیە.

"کۆمەڵی ئێران لە سەردەمی حوکمی قاجاردا، کۆمەڵێکی وەستاو بوو، بواری ئەوەی نەبوو لەناوەوەی خۆیدا خرۆشێکی وا پەیدا بکات و ببێتە هۆی دروست بوونی شێوەی جیاوازی ژیان"[10]، بەڵام بەهۆی درووستبوونی پەیوەندی لە نێوان ئێرانو ئەوروپادا، سەرەتای نوێکردنەوە گەیشتە ئێرانو مەشروتەش هەر بە کاریگەری ڕۆژئاوا دەستی پێکرد، بۆنمونە،" یەکەمین نیشانەکانی نوێکردنەوە لە شیعری فارسیدا، لەگەڵ بزوتنەوەی مەشروتەدا دەرکەوت، کە ئەویش خۆی بە دیاری ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدراو لە سەردەمێکدا دەستی پێکردبوو کە پێوەندییە کولتوورییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا بە تایبەتی فەرەنسا، بەهۆی مامۆستای بێگانەی دار ئەلفنونو

[10]- محمد مختاری، نیماو شعر امروز، چ2، فصل سبزوتوس، تهران، 1379، ل11

سەفەری هەندێ ئێرانی بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن، فراوان بوو"[11].

"لەماوەی حوکمی بنەماڵەی قاجارەکان تەلگراف، چاپخانە، رۆژنامە، خوێندنگای زانستی، رێگای ئاسنو دەیان دیاردەی نوێ هاتنە ناو ژیانی خەڵکەوە"[12]، جگەلەمەش هەندێ کەسایەتی خۆیان هاندەرو پشتگیری نوێکردنەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوون، لەگەڵ بزوتنەوەی ریفۆرمخوازو رووناکبیران[13] "یەکەمین نیشانەکانی رێنیسانس یان نوێکردنەوە لەنوسینەکانی ئەم نوسەرانەدا دەرکەوت"[14]، پاشان کاریگەری پرۆسەی وەرگێران، گەشتی بەردەوام بۆ دەرەوەو کاریگەربوون بەشۆڕشە جیاوازەکانی ئەوروپا. لەراستیدا شۆڕشی مەشروتە بە کەوتنە ژێرکاریگەری

---

[11]- موسى اسوار، شعر امروز ايران، فرهنگستان زبان وادب فارسى، تهران، 1384،ل58

[12]- شمس لنگرودى، تأريخ تحليلى شعرنو، چ3، نشر مركز، تهران، 1378،ل35

[13]- مهدى اخوان ثالث، بدعت بدايع نيمايوشيج، چ3، نشر زمستان، تهران، 1376،ل62

[14]- د.علي حسين پور چاڤ، جريانهاى معاصر فارسى، انتشارات امير كبير، 1384،ل18

شۆڕشی (1905)ی رووسیاو شۆڕشی فەرەنسا، یان ئەورووپا بەگشتی، ئەمەش دیسانەوە کاریگەری زمان بەهێزتردەکات، بۆیە "ئەو بابەتانەی هاتنە ناو شیعری فارسییەوە هی ڕۆژئاوا بوون، و سەرچاوەکەیان ئاشنابوونی شاعیرو نوسەران بووبە کولتوورو بیری ڕۆژئاوایی."[15] هەرچەندە"شیعری فارسی خاوەن مێژوویيەکی زیاتر لەهەزار ساڵەو لەماوەی ئەو هەزارو چەند ساڵەدا چەندان شاعیری بلیمەتی وەك فیردەوسی و حافیزو سەعدی و خەیامو رودەکی خولْقاندووە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕێساو یاسا سەختگیرانەی خۆی، بەدرێژایی مێژووی دوورو درێژی ئێران گۆڕانکارییەکی گەورەی تێدا ڕووی نەداوە، ئەمەش واتە نەبوونی گۆڕانێکی گەورە لەڕەوتی شیعری فارسیدا، کەواتە ئەم راستیەش بۆ شیعری کوردی رۆژهەلاّت دروستە، هەرئەمەش وایکردوە شیعری نوێی رۆژهەلاّت، هەنگاوەکانی بەهێز نەبن و بڕینی قۆناغەکانیش سست بن"[16]

---

[15]- د.محمد شفیعی کدکنی، ادبیات فارسی از عصر جامی تا روزگار ما، چ2، ت حجت الله اصیل، نشر نی، تهران، 1382،ل73

[16]–هێدی، وتار، مالپەری تایبەتی خۆی

لەگەڵ ئەوەی مەشروتە شۆڕشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بوو، هەموو ئاقارەکانی لە شیعردا بەرجەستە کرابوو، (ئیدوارد براون) دەڵێ، "ئەگەر هەموو شیعرەکانی سەردەمی مەشروتە کۆبکرێتەوە، بەگشتی مێژووی شۆڕشەکە دروست دەکەنو"[17].ئەم نموونەیەش بۆ شیعری کوردی بەگشتی و دوونامەکەی نالی و سالم بەتایبەتی دروستە.

بەگشتی"مەشروتە سێ دروشمی سەرەکی هەبوو کە بریتیین لە:ڕەتکردنەوەی ستەمو زۆرداری دەسەڵاتداران، دامەزراندنی عەدالەتخانەو دادپەروەری، دامەزراندنی ئەنجومەنی میللی."[18]کە بەگشتی ئەمانە سیمای شۆڕشە نوێخوازەکان بوون.

لەراستیدا شاعیرانی مەشروتە، بەچەند هەنگاوێك زەمینەیان بۆ نوێ کردنەوەی شیعری فارسی خۆشکرد. لاهوتی بە نوسینی شیعری هیجائی(بڕگە)، عارف بە ئاوێتەکردنی شیعرو گۆرانیو نەسیمی شیمال بە وەرگرتنی تەنز لە ئەدەبی تورکیو جەعفەر خامەنەئیو شەمس

---

17- قیصر امین پور، سنت ونو آوری در شعر معاصر ایران، چ1، شرکت انتشارات علمی وفرهنگی، تهران، 1383،ل293

18- سید مهدي زرقانی، چشم انداز شعر معاصر ایران، چ2، نشر ثالث، 1383،ل65

کەسمایی‌و تەقی ڕەفعەت "بە لاساییکردنەوەی شیعری ئازادی ئەوروپایی‌و کورت‌و درێژ کردنەوەی دێڕەکان"[19].

کەواتە نوێکرنەوەی شیعری فارسی، زادەی شۆڕشی مەشروتەیە، "مەشروتەش خۆی ئەنجامی ئاشنابوونی ئێرانییەکانە بەکولتووری ئەوروپا، واتای ئازادی‌و مافە مەدەنییەکانی خەڵك‌و مەسەلە فیکرییەکان بوو"[20].

هێدی دەڵێت"ئەو بزووتنەوە نوێخوازییەی ئەوروپا لە سەرەتای شۆڕشی دەستووری(مەشروتە) (1906) دا و تەنانەت پێش ئەویش، بە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی ئەوروپا، لە ئێراندا دەستی پێکردو شتی تازە و بیری نوێ ڕوویان لە و ئێران کرد.

سەرچاوەیەکی دیکەی نوێکردنەوەی شیعری ئێران تورکیا بوو، بەوەی "لەساڵی 1839 فەرمانی (تەنزیمات) کە بەیەکەمین ڕێکخستنی یاسای نوێ لەژیانی دەوڵەتی عوسمانی دەژمێردرێ، بۆئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بگاتە " پێشکەوتووی شارستانیەتی ئەوروپایی"[21] کاریگەری لەسەر شیعری ئێران دروستکرد.

---

19–هەمان سەرچاوە،ل86

[20]- محمد مختاری، نیماو شعر امروز، چ2، فصل سبزوتوس، تهران، 1379،ل13

[21]- زینب ابو سنة وآخرون، الادب العربي والعالمية، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة 1999ص145

شاعیرانی پێش بزوتنەوەی شیعری نوێی ئێران بەگشتی هەموویان زمانی فەرەنسییان دەزانیو خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی رۆژئاواییو ئاشنای شیعری نوێی تورکیش بوون، لەوانە تەقی ڕەفعەت، ئەبولقاسمی لاهوتی، عەشقی، شەمسی کەسماییو جەعفەر خامنەیی، بۆیە سەرەتای نوێکردنەوە دەستیپێکرد.

"نیمایوشیج"(عەلی ئیسفەندیاری)یش(1895- 1959) کە بە بابی شیعری نوێی فارسی نێودێر کراوە،لە قوتابخانەیەکی فەڕەنسی دا خوێندوویەتی و شارەزای زمان و ئەدەبیاتی فەرانسا بووە. دیارە ئەو شارەزاییە ڕچەی نوێخوازی پێشان داوە و ئەویش بوێرانە شکاندوویە"622

هەرچی رابەری شیعری نوێی ئێرانە کە( نیما)یە بەهۆی زانینی زمانی فەرەنسییەوە، شیعری بۆدلێرو ڕامبۆو مالارمێ دەخوێندەوەو بەهۆی ئەو خوێندنەوەیە هەستی بە پێویستیی گۆڕینی شێوازی شیعری کردو بەکورترین ماوە هەوڵی جدی بۆدا، بۆیە نیما" بەسوود وەرگرتن لە شیعری ڕۆمانتیكو سمبولیکی فەرەنسی شیعرییەتی خستە ناو شیعری فارسی"23،جگەلەمەش لەبارەی رۆڵی زمان و سەرهەڵدانی

[22]- هێدی، گوناه دیوانی هاوار ،مەهاباد،1390،ل17

[23]- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن خۆشناو، لێکچوونو جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆرانو نیمایوشیج ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007،

شیعری نویٚ ئێران وسەرەتای نوێکردنەوەی شیعری فارسی بەناردنی چەند خوێندکارێك دەستی پیٚکرد کەعەباس میرزا– کە زۆر پەرۆشی نوێکردنەوەی ئێران بوو بەدەرککردنی پێویستیی نوێکردنەوەو وێڕای هەموو ئەو گیروگرفت و تەنگژانەی رووبەرووی ببونەوە،جگەلەمەش بۆ "یەکەمین جار کۆمەڵە لاوێکی ئێرانی بەمەبەستی فێربوونی زانست ناردە ئەوروپاو هەر خۆیشی خەرجیی خوێندنەکەیانی خستە ئەستۆ"24.

بۆیە بەگەڕانەوەی ئەم خوێندکارانە، سەردەمێکی نویٚ لەشیعری نویٚ ئێران دەستپێدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا چاپخانەو ڕۆژنامەو خوێندنگای نویٚ دامەزران‌و باری کۆمەڵایەتی گۆڕا.

---

[24]- د.کاوس حسن لي، گونهای نو آوری در شعر معاصر ایران، نشر ثالث، تهران، 1383.

## سەرەتای شیعری کوردی لە ڕۆژهەلاَت

ئەو هۆکارو قۆناغانەی کە شیعری کوردی پێیدا تێپەڕیوە، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان هەمان هەنگاو بوون، بەگشتی لە شیعری کوردیدا بۆ نوێکردنەوەی شیعر پشت بە دوو هەنگاوی سەرەکی بەستوە:

- شیعری فۆلکلۆرو هەورامی
- زمانزانی

شاعیرانی کلاسیکیش لەلەگەلْ ئەوەی ئاگاداری فۆلکلۆری کوردی بوون و زمانی تریشیان زانیوە، بەلاَم ڕێساکانی قوتابخانەی کلاسیکی ئەوەندە ڕەق و سنوورداربوون، شاعیریان ناچارکردوە لە فۆلکلۆر دوور بکەونەوەو خودی سروشتی خوێندن و زمان زانینەکەش هۆکاری گواستنەوەی قوتابخانەکە بووە بۆ ناو زمانی دووەم .

هێدی لەبارەی سەرەتای سەرهەلْدان بۆ لادان لە رابردو دەلْێت" بەیتە فۆلکلۆرییەکان و شێوەی داڕشتنیان کە بۆن و بەرامەی خۆمالْییان پێوە، بوونە بنەمای داڕشتنێکی نویْ کە شێعری نوێی ئەوڕۆشمان دەگەڕێتەوە سەر ئەو بنەمایە، هەروەك لەزەمبیل فرۆش دا دیارە کە دانەرەکەی خوێندەوار بووە و بۆ ئەوەی خوێندەوارییەکەی دەربخا بەیتەکەی بە وشەی عەڕەبی و فارسی ئاخنیوە و تەنانەت بە کێشی عەرووزیش دەستی پێکردووە:

"حەق! دڵ وەرە جارێك بە جۆش
جامێ جە ئەشقە مەی بنۆش
کین قەزیەتی زەمبیل فرۆش
فەسیح بکەم حیکایەتێ
دەست دە کورسی سەناعەتێ".[25]

هەروەها دەڵێت "لاس و خەزاڵ"یش یەکێکە لەو بەیتانەی کە زۆر وەستایانە داڕێژراوە، میسرەعەکانی کورت و درێژن، بەڵام لە کاتی درێژبوونەوەی میسرەعەکانیشدا کێشی بەیتەکان پارێزراوە:

"یای خەزاڵ، نە قەولت قەولە، نە شەرتت شەرتە، نە دینت دینە،
هەزار باری دە نەحلەتانت ببێ لە پیرە داکێ، لە برای گچکەڵە، لە بابی ڕدێن شینە،
ئەمن بۆ تۆ دەچوومە کوێستانی عەزیم و بوزرگینە،
دەسکێکی سۆسن و هەڵاڵەم دەچنینە،
دەسك بە دەسکم کردن، بە ئاوریشمی دوکانێم بەستینە."[26]

عەلی بەردەشانی کە شاعیری هێندێك لە بەیتەکان بووە و وێدەچێ سەوادیشی بووبێ، لە داڕشتنی بەیتەکاندا ئەوەندە شارەزا و وەستا بووە کە کەس نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بدا.

---

[25]- هێدی، گوناه دیوانی هاوار ،مەهاباد،1390،ل18
[26]- هەمان سەرچاوە

بەیتی "خەزێم" کە لەوانەیە هی وی بێ ئەو لێهاتوویيە دەردەخات:

"سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە
هەشتا لە موسڵێ، شێست لە شنۆیە
کراس بدروون لە گوڵی لیمۆیە،
دە بڵا تەنك بێ
ناسك و شلك بێ
بۆ چاو هەڵۆیە."[27]

## سێکوچکەی شیعری نوێی کورد لە رۆژهەلأت

هەرچەندە هەلومەجی سەرهەڵدانی شیعری نوێ رۆژهەلأت، خاوەن هەلومەرجی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرلەبەرئەمەش قۆناغی شیعری نوێی و سەربەست لە رۆژهەلأت درەنگتر سەریهەڵداوە، بەلأم بنەمای سەرهەڵدانەکەی زۆر بەهێزترو تۆکەمەترە لەچاو سەرهەڵدانی شیعری نوێ و سەربەست لە هەندێك لە پارچەکانی تری کوردستان ،بۆیە" شیعری کوردی رۆژهەلأت پێویستی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ورد هەیە، لە پێناو دیاریکردنی ئەو پنت و رەوت و فۆرمە نوێیانەی کە قۆناغەکانی شیعر دەیخوازن، ئەمەش لە پێناو دیاریکردنی ئەرکی شیعرو توانای شاعیر لەسەردەمە جیاجیاکاندا ئەو

---

[27]– هەمان سەرچاوە

پرسیارەی کە لەسەر شیعری کوردستانی عیراق دەکرا، بەوەی کە ئایا شێخ نوری، یان گۆران رابەری نوێگەرە؟ خودی گۆران خۆی وەلامی دایەوەو شێخ نوری دەبو بەرابەری دەسپێکەرو زو بلاوکەرەوە،بەلام گۆران خۆی دەبوو بە چەسپێنەری هەموو ئەو فۆرمانەی کە نوێگەریەکە دەیخواست، بەمەش توانی شیعرێکی نوێ بهێنە گۆڕێ کە تەواو جیاواز بێت لە پێش خۆی" [28] بەهەمان شێوەش لە رۆژهەلاتی کوردستان هاوار بوویە رابەری شیعری نوێ و دواتر پشکۆ، بەلام سوارە بوویە ناسنامەی شیعری نوێ لە رۆژهەلاتدا، کەواتە ئەو سێکوچکەیەی کە شیعری نوێی رۆژهەلات تەواودەکەن بریتین لە( هاوار، پشکۆ، سوارە).

## 1- هاوار

هاوار(عەلی حەسەنیانی) لەسالی 1939 لەگەڕکی پامنار لە تاران لەدایك دەبێت،لەسالی1946 دەگەڕێنەوە مەهاباد، لێرە تا پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی فیردەوسی دەخوێنێت، پاشان دەچێتە تاران و لەقوتابخانەی دکتۆر سوڕتگەر دەخوێنێت، لەسالی دوای سالێك دەگەڕێتەوە مەهاباد و تا لە قوتابخانەی محەمەد رەزا وەرگتنی بڕوانامەی دیبلۆم بەردەوام دەبێت، لەسالی1959 دەچێتە زانکۆی

---

28- لوقمان رەئوف، ئەدەب و رەخنەی نوێ و سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەکادیمی، سلێمانی ،2013، ل40

تاران بەشی ماف و زانیارییە سیاسییەکان ، لێرە لەگەڵ روناکبیرانی کورد تێکەڵ دەبێت، لەساڵی 1964 دوای مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی تاران لەگەڵ سوارەو هاوەڵەکانی دەخرێتە زیندان، دوای ئازادبوونی درێژە بەخوێندن دەدات و کۆلێژ تەواو دەکات، دواتر لە وەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێت، بەڵام بەهۆی بیروڕای سیاسی چەندین جار دەگوازرێتەوە بۆ ناوچە جیاوازەکان لەوانە( کومیجان، ئەراك، تەفریش، ئاستارا، دەڕڕەشار لە ئیلام)، ماوەیەکیش لە سنەو بانە دادەمەزرێت، بەڵام زووبەزوو رایدەگوێزن، بەهۆی ئەم گواستنەوەیەشەوە واز لە وەزاررەتی ناوخۆ دەێنێت،و دەچێتە خولی پارێزەری لە تەورێز، پاش ساڵێك وەك پارێزەر دەچێتە شاری میاندواو لە نزیك مەهایاد،چونکە رێگەیان نەدەدا بچیتە مەهاباد، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لەساڵی 1978 دەگەڕێتەوە مەهاباد.

لەساڵی 1980ناچاردەبێت مەهاباد جێبهێڵێت و بچێتە شاخ،لەساڵی 1983 بەهۆی گرفی خێزانییەوە دەگەڕێتەوە مەهابادو لە تاران نیشتەجێدەبێت، لەساڵی 1985 دەگەڕێتەوە مەهابادو وەك پارێزەر کاردەکات، و هاوکاری گۆڤاری سروە دەکات، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك شاعیر ئەنجومەنی ئەدەبی دادەمەزرێنێت، 1989 وڵات بەجێدەهێڵێت و دەچێتە فیلاند، پاشان دەچێتە دانیمارك و

**لەویٚ ناوی خۆی دەکاتە( ئازاد ساسان)، بەرلەوەی پەنابەری وەربگریٚت بە شەوی 1992/5/8 بەهۆی سەکتەی دلٚەوە کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی کۆپنهاگن بەخاك دەسپیٚریٚت.**

**ئەگەرچی هاوار زۆر بەگەنجی دەستیداوەتە شیعر نوسین، لەگەلٚ ئەوەشدا لە تەمەنی (20) سالٚیدا هەنگاویٚکی بویٚرانەو جدی ناوە سەبارەت بە شیعری نویٚی کوردی و یەکەمین دەقی شیعری نویٚ بەمانای جیاوازتر لە سەردەم و رابردوی خۆی و شیعری سەربەست لە رۆژهەلاٚ دەنوسیٚت، بەم تەمەنەو ئەم شیعر نوسینە، دەتوانین بلٚیٚین هاوار خاوەن توانست و عەقلٚیەتیٚکی نویٚ بووە، بەلاٚم ئەوەش بۆخۆی پرسیارە، کە بۆچی لە دوای شیعری( جەللاد، بۆمباران) کە لە سالٚی 1959 نوسراون، کەچی دوابەدوای ئەم هەنگاوە گرنگە، شیعری کلاسیکی لە سالٚی 1960 دەنوسیٚت، وەك لە شیعرەکانی( شەم، باران،پەڕە سیٚبکە .....) ئەم کارەشی هاوشانی شیعری نویٚی تاکۆتایی تەمەنی دریٚژی هەبووە، واتە لەیەککاتدا شیعری کۆن و نویٚی نوسیوە.**

**کەواتە یەکەم پارچە شیعری نویٚی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەلاٚت، دەقی شعری (جەللاد)ی (عەلی حەسەنیان)ی (هاوار)ە کە لە سالٚی (1959)ز نوسیویەتی، ئەو هەنگاوەی کە هاوار لەم دەقانەدا ناونی ، هاوشانی ئەزموونی چەند**

جارەی شاعیرەکانی ترەوە، بۆیە شیعری نویٚ لە رۆژهەلاٚتی کوردستاندا شیعری(جەللاد) بووە ناسنامەی، وەك دەلیٚت:

وەرە جەللاد
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکو
بزانی چۆنە ئیمانم،
ئەتۆ جەللاد !
ئەگەر دەربیٚنی ئیٚسکانم،
ئەگەر بیٚنی لەبەر چاوم بکووژی گشت
عەزیزانم
بەوەلْلاٚهی
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم، قەتیش نالیٚم پەشیمانم
وەرە جەللاد !
وەرە ئەی خویٚنمژی بەدکار
دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار
ئەوە شانازیە بۆ من،
بەوە ناکوژیٚ ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە
بۆ من.....ل111

"هاوار بە دوای شیعری جەللاد شیعریٚکی دی لەسالٚی 1959 بە ناوی "بۆمباران" دەنوسیٚت، مامۆستا هیٚمن کە چاوی بە شیعری بۆمباران دەکەویٚ، دەلیٚ: "میللەتیٚك کە لە

ئەدەبیاتەکەیدا ئەو شێعرەی هەبێ، هەرگیز نامرێ"[29] وەك دەڵێت"

شەوێکی بێدەنگ

تاریك، شەوەزەنگ

به بەهارەشەو

درەنگ، کاتی خەو

دێ دامرکاو

جار جار قڕەی قەل،

لە بنەی دار و باخ،

یا دەنگی کوندێك

لە لای شاخ و داخ،

یا لوورەی گورگێك،

لە لای تەل و گرد،

بێدەنگیی دێیان لە نێو لادەبرد...

جار جار دوو لك دار،

هەر وەك دوو دڵدار،

سەریان وێك دێنا، سرتەیان دەکرد..

پاش تاوێکی دی

گەڵایەکی دی

دەکەوت و دەمرد..................ل113

---

[29]– هەمان سەرچاوە، ل22

ئەو دەقەی (هاوار) لەڕووی تەکنیك‌و بونیاتی شیعریەوەو لە بازنەی شیعری کوردی کوردستانی ڕۆژهەلأتدا نوێیەو هەنگاوێکی نوێخوازانەیە بەرەو گۆڕینی (دەق)، کە ئەو شەقلٚ‌و سیما نوێگەرییەی بەدەستپێکردن و سەرەتای شیعری نویٚ دانانریٚ ئەگەر بێت‌و لە ڕوانگەی سەرجەم شیعری نوێی کوردیەوە لێی بڕوانین، لەراستیدا ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەلٚ شیعری پارچەکانی تری کوردستان، لەهەمانکاتدا ئەم شیعرەی هاوار جێگەی خۆی دەگرێت و دەبێتە دەنگێکی دیاری شیعری نوێی کوردی لەم پۆلێبەندییەدا، بەلأم ئەوەی هاواری بەهێزکردوە ئەوەیە، لەلایەك لەتەمەنی(20) سالٚیدا شیعری نویٚ و سەربەستی نوسی، ئەم تەمەنەش لەچاو شاعیرانی کورد دەسپێشخەرییە، هەروەها لە کوردستانی رۆژهەلأتیشدا هەنگاوێکی نوێی ناوە.

## 2- پشکۆ

پشکۆ ناوی فاتح و نازناوی بنەماڵەی شیخ الاسلامی21ی مارسی 1942 نەوروزی 1321ی شەمسی. لە گوندی سێف،سەربە شاری مەریوانی ئێران لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە ناسراوە بە چاوە، بەلأم نازناوی شیعریی سەرەتا پشکۆ ،پاشان ف. پشکۆ بووە، تا شەشی سەرەتایی لە شاری

مەریوان، پاشان  تا شەشی ناوەندی لە سنە خوێندویەتی، دواتر شەش ساڵ لە زانکۆی تاران خوێندویەتی، سێ ساڵ ئیلاهیات، ساڵێك لە "دانشسرای عالی تربیت دبیر" بەشی ئەدەبییاتی فارسی، دوو ساڵ لە فەوق لیسانس "موسسه تحقیقات و مگالعات اجتماعی" دانشگای تاران، عولومی ئیجتیماعی.

زمانی فارسی بەهۆی خوێندنەوە فێری فارسی بووە،بەڵام لە سەرەتاییدا لە مەریوان بە یارمەتی باوکی خوێندن و نوسینی کوردی، بە کتێبی قوتابخانەی عیراق، فێربووە، عەرەبیش بە شێوەی خوێندنی کلاسیکی سوننەتی فێربووە.، بەلاّم ئێستا زمانی(سۆرانی)، هەورامی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، سوید دەزانێت.

لەبەرئەوەی خوێندن و نووسینی هەر لە سەرەتاییەوەو بە خوێندنەوەی کتێبی سەرەتایی کە ئەوکات لە کوردستانی عیراق دەخوێنرا، هەروەها چاپەمەنی کوردی وەك گۆڤاری "گەلاوێژ" فێری نوسینی کوردی بووە. ، فاتح دەڵێت"لە شەشی سەرەتایی بووم، پێموایە ساڵی 1951 یا 1952 بوو، مامۆستا عەلادین سەجادی کتێبی "مێژووی ئەدەبی

کوردی"ی بە کەسێك دا کە سەفەری بەغدای کردبوو، بە دیاری بۆ باوکم ناردبوو. هەر ئەو ساتەی خستیانە بەر دەستی باوکم هەڵم گرت و دەستم بە خوێندنەوەی کرد ،جوان لە بیرمە، هەتا تەواوم نەکرد دام نەنا. ئەوەندەی بچیتەوە سەر شیعر و ئەدەبی کوردی، بێ شك خوێندنەوەی ئەو کتێبە ڕەنگی بە حەزی ئەدەبی سەردەمی لاویم داوە"

فاتح لە بارەی فێربوونی زمانی هەورامییەوە دەڵێت" هەورامی بە منداڵی فێر بووم. کاتێکیش لە سنە ناوەندیم دەخوێند، ساڵێك لەگەڵ دوو برای هەورامی هاومەنزڵ بووم. ئەمە هەورامی بۆ قسەکردن لە مێشکمدا چەسپاند، هەروەها خوێندنەوەی شیعرەکانی مەولەوی تاوگوزی، کە بێ میزان کەیفم پێ دەکرد، سەرچاوەی سەرەکیم بوون. دواتریش هی شاعیرانی وەك: سەیدی، بێسارانی، خانای قوبادی، یۆسۆ ئاسکە و زۆری تر کە ناویانم لەبەر زەین نیە. ئەمانە هەورامییان بۆ کردم بە زمانی دووهەمی خۆماڵی، زازاش هەروا، فێر نەبووم.

لەبارەی نوسینەوە فاتح دەڵێت": نووسراوەکانی تا ئێستام شیعر، وتار، وتاری درێژ، زنجیرە وتار، ریسالە (جزوە) و

کتێب بوون کە زۆرێکیان، بە داخەوە بێ ناونیشانن. سوژەکان زۆرتر سیاسی و بە میزانێکی کەمتر ئەدەبین، بۆ نموونە ژمارەیەك لە شیعرەکانم لە گۆڤاری "کوردستان"، کە سالانی 1959 تا 1962 ؟ لە تاران دەردەچوو، چاپکران. لە دانیشگا ریسالەی لیسانسم لەسەر شاعیری عەرەب: "امرو القیس" نووسی، لە دانشسرای عالیش رسالەیەکم لەسەر ئەدەبیاتی کوردی و چاپەمەنی کوردی نووسی (دیارە بە فارسی). هیچ کامیان نە چاپکراون نە لای خۆم ماون. ڕەنگە لە دانشگا یان، دوهەمین یان، لە کوردستان لای هەندێ کەس مابن. تا شۆڕشی 1979 دەرفەتی چاپکردنی هیچ شتێکم نەبوو (جگە لە وتارێکی کورت لەسەر زمانی مادی لە "نشریە دانشکدە ادبیات اصفهان). لەوە دواش کۆلێك وتاری سیاسیم نووسیوە (1980 هەتا 1989) چاپنەکران، تا ئێستا (مارسی 1997) هیچ کۆکراوەیەکم چاپ نەکراوە، نە شیعر و نە پەخشان، نە کوردی و نە فارسی"

"پشکۆ یەکەم شیعری نوێی خۆی بەناوی شیعری بووکی کۆست کەوتوو ، لە سالی 1961 دا نووسیوە"[30]، وەك دەلێن:

30– هێدی، وتار

سروەی بەربەیان
کاتێك خەڵکی دێ
تاقە تاقەیێ
لە خەو هەڵئەسان
تەماشایان کرد دارێك ڕواوە
دارێك بەرز و وڕ
بێ خونچە و گەڵا
بێ هەژگ و هەڵا
بەناموبارەك
بەری هێناوە
لەشێك سارد و سڕ
«» «» «» «»
لێی کۆ بوونەوە
یەك یەك و دوو دوو
زیز و بێ دەماخ
سینگی لە ترسی دوژمن دامردوو
جماوجم لە ئاخ
چاوی نەخەوتوو
لێوان لە فرمێسك
فرمێسکی خاوێن
-کە ورشەی نێزەی سەربازی بەد ئێسك

ڕێی پیٚ نەئەدا
بڕژێتە داوێن-
دڵی خەمگرتوو
پڕ لە شەرت و سوێند
لە گەڵ ئاهەنگی سروەی بەربەیان
سروودیان ئەخوێند
......................
......................
لە پڕ تاپۆیەك
دەرکەوت لە ئاسۆی تەمگرتووی دێوە
ماندوو و پێخاوس
لە دنیا وەڕەس
شپرزە و شەمزاو لە پەنای ڕێوە
داوێنی سووری لە دوو کێش ئەکرد
یەخسیری بەندی خەم و پەژارە
بە عاستەم هاتە عاستی سێدارە
بەڵام لەوێدا ئەویش کەوت و مرد.
«» «» «» «»
کیٚ بوو ئەو کیژە
بووکی کۆست کەوتوو
کە هەڵوەریبوو
بە سەر دارەوە خونچەی ئاواتی

ئەویش لە دەس چوو
تارای پەمەیی
-داخی داخانم-
کەوت بە میراتی.

بەڵام لە راستیدا یەکەمین شیعر پشکۆ شیعری (لوتکەی ئامانج)ە و لە هەمان ساڵ واتە لە تاران 1961دانوسراوە ، یەکێکیشە لەو شیعرانەی کە هێزێکی نوێتری بە شیعری نوێی رۆژهەلأت بەخشیوەو هیچی کەمتر نییە لە جەللادی هاوار، وەك دەڵێت:

شەو بوو
شەوێکی تار و ڕەش
وەك دەروونی دێو و درنج
یا وەك چارەی نەنووسراوی کوردی بێ بەش
* * *
شەوێکی بێ ترووسکایی
کە تاریکی
لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو
نە زەردەخەنەی ئەستێرە بەر چاو ئەکەوت
نە ڕیزە هەڵپەڕکێی "کۆ" بوو
نە بزەی مات و خەمگینی "حەوتەوانان"
* * *

شەو بوو
وەها لە پەنجەی پڕ هێزیدا ئەیگووشیم
ساتێ سەد جار
ئاواتم ئەخواست بە گۆڕەوشار
نە مانگەشەو ڕووناکی ئەخستە بەر پێم
نە حەتتا شوێنی ڕێبوارێ ئەهاتە ڕێم
* * *
تەنیا و بێکەس
بە پێی بلۆقاوی و لەشی زامارەوە
بە ڕابەریی چۆڵەچرای هومێد و بەس
زیخەڵانی بەربڵاوی ژینم ئەبڕی
هەر لە پەساش
بە دەستی تویێخ پێوە نەماو
ئارەقی تەوێڵم ئەسڕی
* * *
چەن هەورازم کردە نشێو
چەن خۆم بە شاخ و داخا دا
بەڵکو بگەمە لووتکەی کێو
چەن جار بە کۆڵێك زامەوە
چوومە شەرای مەرگ و دیسان گەڕامەوە
* * *
بەڵام ئیتر

تاریکیم پێ نەئەبڕا
تیرەی پێڵاوی تاقەتم
خەریك بوو لە یەك ئەپچڕا
تاکو لە پڕ
پڕیشکی ئەستێرەی بەیان
پەردەی ڕەشی شەوی تا خوارێ دادڕی
تاوێکی زۆری پێ نەچوو
تاویش هەڵات
پڕ نەشئەتر لە سەد بادەی کەللەتەزێن
ناوچاوی گرژی شاخەکانی کردەوە
بە ماچێکی تاسەشکێن
* * *
منیش لە سێبەری لووتکەی ئامانجمدا
تاوێك نووستم
کاتێك کە چاوم هەڵبڕی
ئەوا تۆ بووی لە سەرینم
ئەی نۆبووکی جوانی ئاواتی شیرینم
سەرمت گرتبووە سەر باسك
بە دەست و پەنجۆڵەی ناسك
ئارەقی تەوێڵمت ئەسڕی

بەڵام شیعری زستان لە ساڵی 1963 نوسراوە، لەگەڵ ئەوەی لەسەر هەمان ڕێچکەی نوێبوونەوەی شیعرەکانی پێشوتری نوسراوە، وەك دەلێت:

سێ چوار ڕۆژێك بە بێ وچان
کولوو کولوو بەفر باری
هەموو وڵات
سامالسا بوو بە یەکجاری
ئاسمانی ڕەش
تاوێك نەیئەترووکاند چاوێك
بەفر باری، بەفر باری
بستێك، ئەژنۆیەك، ناوقەدێك، باڵاپیاوێك

«» «» «» «»

لەم لاو ئەو لای دێیەکەوە
پەسا پەسا ماڵ ئەڕووخا
هێلانەی هەژار ئەشووخا
نا! نا! ئیتر پێی ناڵێم ماڵ:
گۆڕی گشتیی ژن و منداڵ!

«» «» «» «»

چەن ڕۆژێك بوو
باوکی نازدار
چووبوو بۆ شار
چووبوو جلی بۆ بستێنێ:

کراسی جاو
سەڵتەی بەر و پشت بەلاشە،
"نازداری خۆم پێی داپۆشێ ڕووتیی لاشە"
ئێوارەیەك
چەن تارمایی
تەرمێك لە کۆڵ
ئەیانشکاند بەفر و سەهۆڵ
ملیان ئەنا بۆ ئاوایی
تەرمی کێ بوو؟
تەرمی کێ بوو؟
تەرمی ڕەقبووی باوکی نازدار
هەی قوڕ بە سەر خەڵکی هەژار!
«» «» «» «»
ماڵێك لاڕووخاو
دڵێك پڕ زووخاو
ژینێکی پەڕپووت
نازدارێکی ڕووت
بە میرات مابوو
بۆ دایکی نازدار:
مەگری مەگری نازدارەکەم، دە مەگری بەسە
هەر ئێمە نین، خەڵکی هەژار هەمووی بێکەسە

مەگری، مەگری، نازدارەکەم بخەوی باشە
فریشتەی خەو بۆی دووریوی سەڵتەی بەلاشە
پاشان پشکۆ بە کۆمەڵێك شیعری سەرکوتووی وەك "شەوە، ، گڕەبا و..." دووەمی سێکوچکەی شیعری نوێی ڕۆژهەلأتی بۆ خۆی دەستەبەرکرد.

## 3- سوارە شیلخانی زادە:

سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغای ئیلخانی زادە لە ساڵی1937 لە گوندی ( تورجان) لە ناوچەی( بۆکان) لەدایك بووەو هەربەمنداڵی توشی نەخۆشی دەبیٚ،1938 دەچنە گوندی(قەرەگوێز) سەرەتا لای مامۆستای تایبەتی خوێندویەتی، دواتر لە بۆکان و تەورێزو تاران خوێندویەتی و بڕوانامەی ماف لە زانکۆی تاران وەردەگرێت، بەرنامەی (تاپۆ و بۆمەلێل) لە رادیۆی تاران پێشکەشدەکرد، 1975 بەروداوی هاتوجۆ لە نێوان رادیۆو ماڵەکەیدا گیان لەدەست دەدات، لە ناڵەشکێنە بەخاك دەسپێردرێت.

سوارە یەکێکە لەو شاعیرانە ئەگەرچی تەمەنی شیعریی کەم بوو ، بەڵام خاوەن پێگەی خۆیەتی"راستە لە پێش سوارە شاعیری تر هەیە، بەڵام سوارە توانی شیعری کوردی هاو

تەریب بکات، لەگەڵ شیعرو شاعیرە فارسەکاندا، لێرەشەوە سەرەتایەکی نوێی دروستکرد بۆ هاتنە ئارای قوتابخانەیەکی نوێی شیعری کوردی ئێران"[31]

سوارە شیعری (شار)ی لەساڵی 1351، لەسەر کێشی شیعری کەژاڵێی هاوار دەنوسێت. کەژاڵێی هاوارکە لە ساڵی 1961 دا نوسراوە و "هەسێرەکەم(بەرخەمامز)"ی "پشکۆ"ی کە دوای کەژاڵێ نوسراوە و شاری سوارە کە دوای کەژاڵێ و هەسێرەکەم(بەرخەمامز)" نوسراوە، هەر سێکیان لەسەر کێشێکن. پێدەچێ شاریش یەکەم شیعری نوێی "سوارە" بووبێت"، وەك دەڵێت:

"گوڵم!

دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ

دەڵێم بڕۆم لە شارەکەت

دەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم

عەلاجی کەم

کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتزارەکەت!"

"لە نەورۆزی 1964 دا هەر سێ شاعیر(هاوار، پشکۆ ، سوارە) لەگەڵ تاقمێکی دی، بە تاوانی کوردایەتی لە زیندانی قزڵقەڵای تاران، چونکە ئەودەم بەندیخانەی "ئێوین" دروست

---

[31]– لوقمان رەئوف، ئەدەب و رەخنەی نوێ،ل40

**نەکرابوو، قزڵقەڵا جێگەی زیندانییە سیاسییەکان بووە دەگیرێن. سوارە شیعری (سوورە قەڵا، دایکی بەڵا) لەساڵی 1964 لە بەندیخانەی قزڵقەڵا دەنوسێت، وەك دەڵێت:**

**"لە چاو تۆ "باستیل" بەهەشتە**

**"ئالکاتراز"یش جێگای گەشتە**

**"شیلان" بە ڕەنگی وەك شیلان**

**بۆتە جێی دیلان، بۆ دیلان**

**سوورەقەڵا!**

**دایکی بەڵا!"**

**لەساڵی 1967 شعری خێڵی درۆ دەنوسێت ، ئەگەرچی سوارە پێش ئەم ساڵە شیعری نوسیوە، بەلاَم تاوەکو ئێستا ئەو شیعرانەی کە بتوانن ململانێی رابەرایەتی لە نوسینی شیعری سەربەستی رۆژهەلاَتدا بکەن، دیارنین، لەشیعری خێڵی درۆدا دەڵێت:**

**ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ**

**گەلی دەم پڕ هەرا**

**نیشتەجێی شاری بەگرمە و دوو کەڵ**

**پێم بڵێن ئێوە چ کارەن؟ چ کەسن**

**ئێوە ئەی کرمە کتێب**

**یاری غاری هۆدە......ل39**

# ئەنجام

**لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە :**

1- **شیعری نوێی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەهەمان پێگەوە هاتوەتە مەیدانی ململانێی رابردوو.**

2- **دواکەتنی زەمەنی سەرهەڵدانی شیعری نویٚ لە ڕۆژهەڵات، پەیوەستە بەو هەلومەرجەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوو.**

3- **رابەری شیعری نوێی ڕۆژهەڵات هاوارو پشکۆیە، بەڵام سوارە بوویە رابەری ناسێنەری شعری نوێی ڕۆژهەڵات.**

4- **لە هەنگاونان بۆ نوێکردنەوەو نوسینی شیعری سەربەست، شاعیرانی کورد لە ڕۆژهەڵات هیچیان کەمتر نییە لە توانستی شیعریی لە شیعریی پارچەکانی تری کوردستان.**

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کوردیەکان:

1- سوارە ئیلخانی زادە، خەوەبەردینە،ئا: ئەفشین بەهاری،کوردستان،1388
2- هاوار، گوناه،هێدی،مەهاباد،1390
3- لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرن لە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەسدا، 2013
4- لوقمان رەئوف، ئەدەب و رەخنەی نویٚ و سەرەتایەك بۆ رەخنەی ئەکادیمی، سلێمانی ،2013

### دووەم: بیانییەکان:

1- مجدی وهبه، مصگلحات الادبیه،لبنان1997
2- د.علی حسین پور چافی، جریانهای معاصر فارسی، انتشارات امیر کبیر، 1384
3- د.کاوس حسن لی، گونهای نو اوری در شعر معاصر ایران، نشر پالپ، تهران، 1383
4- د.محمد شفیعی کدکنی، ادبیات فارسی از عصر جامی تا روزگار ما، چ2، ت حجت الله اصیل، نشر تهران، 1382
5- زینب ابو سنة واخرون، الادب العربي والعالمية، المجلس الاعلی للثقافة، القاهرة 1999.
6- سید مهدی زرقانی، چشم انداز شعر معاصر ایران،

چ2، نشر پالپ، 1383
7- شمس لنگرودی، تأریخ تحلیلی شعرنو، چ3، نشر مرکز، تهران، 1378
8- قیصر امین پور، سنت ونو آوری در شعر معاصر ایران، چ1، شرکت انتشارات علمی وفرهنگی، تهران، 1383
9- محمد مختاری، نیماو شعر امروز، چ2، فصل سبزوتوس، تهران، 1379
10-محمد مختاری، نیماو شعر امروز، چ2، فصل سبزوتوس، تهران، 1379،ل13
11-مهدی اخوان ثالث، بدعت بدایع نیمایوشیج، چ3، نشر زمستان، تهران، 1376
12- موسی اسوار، شعر امروز ایران، فرهنگستان زبان وادب فارسی، تهران، 1384

**سێیەم:نامەکان:**

1- ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن خۆشناو، لێکچوون‌و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران‌و نیمایوشیج ، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2007
2- محەمەد فازل مستەفا،دەنگی پیرەمێردلە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،2008

# نامەیەکی مامۆستا هێمن
# بۆ کاك عەلی حەسەنیانی( هاوار)*



عەلی گیان.....سلاوێکی گەرم، با هەواش گەرم بێ، دەتوانی کەمیك خۆت باوەشێن بکەی و براوە.

دیسان تکات لێدەکەم چورپێك ئاوی سارد بخویەوە، تا توورەییت نەمێنی. برا گیان ، ئیمە زۆمان پەند و گوڵمەز بەسەرهاتووەو قسەی سووکمان بیستووەو هەر ماوین و رەنگ بێ پاش مردنیش زوو نەمرین .

کاك کەریممان سەرکۆنەی بە زمان کرد..توش نابێ وا زوو هەڵچی .سەیرە من و کاك فاروق زۆرمان رەخنەکەت بە لاوە جوان بوو، بەلاّم لەوە دەترساین ئەگەر چاپی بکەین ،هەل بۆ

هەلپەرەسان هەڵکەویٚ و ئەعبیری خراپی لیٚ بدەنەوە، چاپمان دواخست تا بە خۆت دەستی تیٚوەردەی.
عەلی گیان ، دەزانی هەموو شت کەم و کوڕی تیٚدا هەیە . کەم و کوڕی ژمارە یەك وەبالٚ بەستوی ئەو کەسانەی کە هاوکارییان نەکردین و دەیانتوانی هاوکاریمان بکەن.
کتیٚبەکەت وەك بزانم چاپکراوە و تەواو بووەو ئەگەر نەهاتۆتەوە لەسەر ئەوانی دیکە راگیراوە. بە سوپاسەوە بیٚ سەر و شویٚنمان نەکرد و ئامادەی چاپە و لاپەڕەکانی سروە دەڕازیٚنیٚتەوە. بۆ خۆت دەزانی ئیٚمە جگە لە خزمەتی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، چ ئامانجی دیکەمان نییە. هیوادارم کە بەم شتانە لە خزمەت شل نەبییەوە.

براتە هیٚمن 64/2/18

*لە کتیٚبی چەپکیٚ گولٚ چەپکیٚ نیٚرگز.

# پیرشالیار

## عەلی حەسەنیانی( هاوار)

تا ئەو جێگایەی ئاگادارین کۆنترین شاعیری کوردی کە شیعری لە پاش بەجێمابیٚ، خودالێخۆشبوو پیرشالیارە. پیرشالیار بەر لە هێرشی ئیسلام لە مەڵبەندی هەوراماندا ژیاوە و یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بە گیان و دڵ ئایینی زەردەشتی وەرگرتووەو ژیانی خۆی بۆ تەبلیغ بۆ ئەو ئایینە تەرخانکردووە. پیرشالیار کتێبێکی لەبارەی ئایینی زەردەشتدا نووسیوە بە ناوی "ماریفەت" کە بە "ماریفەتا پیرشالیاریٚ" ناوبانگی هەیە.

لە شیعرەکانی پیرشالیار بەداخەوە زۆر کەمێ لە دەستدان و ئەو چەند دانەش کە ماوە سینگ بە سینگ گەڕاوە و پارێزراوە. ئەو شیعرانەی پیرشالیاری لە سەر کێشی بڕگەیین و هەر نیوە دێڕەی دە بڕگەن، کە کێشێکی ڕەوان و لە دڵان خۆشی تایبەتی کوردییە.

هێندێك كەس پێیانوایە كە دوو پیرشالیارمان هەبووە. یەكەمیان هەر ئەو پیرشالیارەیە كە ئێمە باسیدەكەین و خەڵكی بۆ پاراستنی ئایینی زەردەشت و پتەوتركردنی یەكێتی لە بەرامبەر عەڕەباندا هانداوە، دووهەمیان پیرشالیارێكە كە موسوڵمان بووەو لە دوای پیرشالیاری یەكەم دا ژیاوە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەو ئیدیعایە بەڵگەیەكمان لە دەستدا نییە. مەبەستی ئێمە لەم وتارە دا پپرشالیاری یەكەمە كە بەر لە هێرشی ئیسلام ژیاوە.

بەناوبانگترین شیعری پیرشالیار شیعرێكە كە پێشبینی هاتنی ئایینێك دەكات كە لە نێو عەرەبانەوە هەڵدەستێ و دەڵێ ئەگەر پشتی یەك نەگرن و یەكێتیتان نەبێ تێكدەشكێن. وەك دەڵێت:

وەروێ وەوارۆ وەروە وەرێنە

كەرگە ڕەشەڵێ هێلش چەرمینە

وریسێ بڕیۆ چوار سەرێنە

گوشەڵێ مێریۆ دووە بەرێنە

واتا: "بەفرێك دەبارێ کە بەفرخۆرکەیە". مەبەستی ئەوەیە کە ئایینێك دێ کە ئایینەکانی دیکە لە نێو دەبا.

"کەرگە" بە زاراوەی هەورامی واتا "مریشك". "مریشك ڕەشە هێلکەکەی سپییە". هێندێك کەس ئەو نیوە دێڕەی بەم جۆرە دەڵێن: "کەرگەسیاوێ هێڵش چەرمینە". "کەرگەسیاوێ" واتا " قازەڵاخ" کە مەلێکی تەواو ڕەشەو گۆشتی دەخورێ.

مەبەستی پیرشالیار ئەوەیە کە ئەو ئایینە کە لە نێو عەرەبی ڕەشدا سەرهەڵدەدا، دینێکی سپی و خاوێن دەبێ، هەروەکو مریشکی ڕەش یان قازەڵاخی ڕەش کە هێلکەی سپی دەکەن.

"گوریس بپسێ چوار سەری لێ پەیدا دەبێ". واتا ئەگەر یەکێتیتان نەبێ بەش بەش دەبن، هەروەکو گوریسێك کە ئەگەر بپسێ چوار سەری لێ پەیدا دەبێ. هێندێك کەس پێیانوایە کە پیرشالیار پێشبینی ئیسلامێی کردووە کە دەبێتە چوار مەزهەب، بەڵام یەکەمینیان وێچووترە.

"دیزە ئەگەر بگلێ(خلۆر بێتەوە) دوو دەرك(کون)ی لێ پەیدا دەبێ". واتا دیزە تا ساخە نرخی هەیە، ئەگەر خلۆر بۆوە و گلا کونی تێدەبێ و لە بایەخ دەکەوێ. مەبەستی ئەوەیە ئایینی زەردەشت هەتا لە جێی خۆیەتی ڕێز و بایی هەیە،

ئەگەر وە لەقین کەوت وەك دیزەیەك دەگلێ و کون دەبێ و قیمەتی نامێنێ.

لە سەر یەك مەبەستی پیرشالیاری ئەوەیە کە دەبێ زەردەشتییەکان لە بەرامبەر ئیسلامدا یەکێتییان هەبێ و پشتی یەکتری بەرنەدەن دەنا لە نێو دەچن و بێ بایەخ دەبن. ئەو مەبەستە لە دوو نیو دێڕی سێهەم و چوارەمدا ئاشکرایە، بەڵام لە دوو نیو دێڕی یەکەم و دووهەمدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە پیرشالیار ددان بە ئەوە دادێنێ کە ئیسلام پەرە دەستێنێ و وەك بەفرخۆرکە، کە بەفران دەتاوێنێتەوە ئایینەکانی دیکە لەنێو دەبات و هەروەها ئایینێك کە لە نێو ڕەشە عەڕەباندا سەرهەڵدەدا ئایینێکی ڕوون و سپی و خاوێنە.

ئەو شیعرەی پیرشالیار لە نێو کرمانجیی ژووروی کوردستانی ئێراندا بە زاراوەی کرمانجیی سەروو باوە. تەنیا نیودێڕی یەکەمی گۆڕدراوە دەنا سێ نیودێڕەکەی دیکەی تەواو وەك سێ نیودێڕی دوایی شێعرەکەی پیرشالیارە:

شوغولی خودێ غەیبەتییە

مریشك ڕەشە هێگ سپییە

وریسیٚ بقەت چار سەرییە

دیزەڵیٚ قول بە دوو دەرییە

نیودێڕی یەکەم واتا: "کاری خودا نهێنییە."

جا چۆن شیعری پیرشالیار لە بەشی خوارووی کوردستانی ئێران، کوردستانی ناوەندیی ئێرانی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە کوردستانی سەرووی ئێران، هەروەها چۆن زاراوەکەی گۆڕدراوە و نیودێڕی یەکەمی ئاڵوگۆڕی بە سەر دا هاتووە، بۆمان ڕوون نییە.

گڵکۆی پیرشالیاری لە شاری هەورامانە و لە دوور و نزیکەوە کوردەکان بۆ زیارەت و ڕاز و نیاز دەچنە سەری. شاری هەورامان شارۆچکەیەکە، کە ڕەنگە چوارهەزار کەسی تێدا بژی. ئەگەر لە شاری مەریوانەوە بۆی بچی گوندەکانی دزڵی، دەرەکیٚ، دیٚمەویٚ و کەماڵە بەجێدەهێڵی جا دەگەیە شاری هەورامان. لە بەر دەرکی گڵکۆکەیدا بەردێکی لێیە کە ئەوانەی دەچنە زیارەتی کەمێکی لێدەکەنەوە و وەك متفەڕك "متبرك" لە گەڵ خۆیان دەیبەنەوە" سەیر لەوە دایە کە ئەو بەردە هەڵدەدا و وەك دارێك کە دەیبڕنەوە گەورە دەبێتەوە. ئەوە سەدان ساڵە لەو بەردەی دەکەنەوە و هەر لە نێو نەچووە و زیادی کردووە و کەمی نەکردووە.

# به یادی هاوار

## عەلی حەسەنیانی

**نامەی یەکەم:**

"تا ئەو جێگایەی کە لە بیرمە یەکەم شیعری نوێ "جەللاد" و دووەمیان "بۆمباران"ی منن. سێیەمیان شیعری فاتیحە، کە پێموایە ناوی "نازدار"ە، بەڵام خودا هەڵناگرێ ئەگەرچی کاک سوارەی خودالێخۆشبوو سێیەم کەس بوو کە شیعری نوێی نوسی، بوو بە شاسواری ئەو مەیدانە، بە تایبەتی بە شیعری "خەوەبەردینە" گەیشتە دوندی سەرکەوتن، کە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە شیعرێکی وەك "خەوەبەردینە" بڵێ. زۆری زەحمەت لە سەر "خەوەبەردینە" کێشا. شیعرەکە ئاوای د ستی پێ کردبوو:

"خەوەبەردینە دەبینێ کانی،
خۆی لە سەر دەیئەتی بەرد"...

بەڵام پێی جوان نەبوو و دۆستانیش ڕەخنەیان لێ گرت، ئەمجا گۆڕی. چوارەمین کەسیش قاسم موئەییەدزادە(هەڵۆ)یە(3). خودا یار بێ ئەوەی لە بیرم بێ لەبارەی ئەو چوار کەسە دا بۆت دەنووسم." – بەشێك لە نامەی عەلی حەسەنیانی(هاوار) بۆ هێدی، لە 1991/5/15 نووسراوە-.

**نامەی دووەم:**

**"سوارەش و چاوەش و ئەمنیش لە پێشدا شیعری فارسیمان دەوت، ئەگەر شیعری کوردیشمان هەبوو زۆر کەم بوو. تاکو لە ساڵی 1338(1959) ئەمن چوومە زانستگای تاران. لە گەڵ کاک سەلاحی موهتەدی هاوکلاس بووین. کاک سەلاح کوردی باش دەزانی و لە شیعریش باش تێدەگەیی. ئەو هانیدام کە بە کوردی شیعر بڵێم. خودالێخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغای موەتەدی، باوکی کاک سەلاحیش، پیاوێکی ئەدیبی کوردیزان بوو کە بە هاتوچۆکردن بۆ ماڵە ئەوان، زۆر کەڵکم لە خزمەتی وەرگرت و فێرە کوردی بووم و زۆر وشەی ڕەسەنی لێ فێر بووم و زۆر شێعری حاجی قادری کۆیی و نالی و هەژار و هێمن و... هی دیکەی بۆ شیدەکردمەوە. لە ساڵی 1340(1961) کاک سوارەش هاتە زانستگەی حقوق. لەو سەر و بەندەشدا لە گەڵ کاک فاتیح کە ئەودەم ئیلاهیات(معقول و منقول)ی دەخوێند ئاشنا بووین. لە ساڵی 1339(1960) وردە وردە دەممان لە شیعر وەردا. تا ئەو دەم ئەمن، "مامۆستا گۆران"م هەر بە ناو دەناسی ،بەڵام چاوە باشی دەناسی و شیعرەکانیشی خوێندبۆوە و کتێبەکانی "فرمێسك و هونەر" و "بەهەشت و یادگار"ی مامۆستا گۆرانی هەبوو. فاتیح منی لەگەڵ شیعری گۆران ئاشنا کرد. شیعری گۆران لە لایەك و ڕەحمەتیی حاجی ڕەحمان ئاغا لە**

لایەکی دی ئێمەی بۆ دانانی شیعری کوردی بە گشتی هاندا. کاك سەلاحیش زۆری پێدەوتین چوارچێوەی شیعری کلاسیك تێکبشکێنین و شیعری ئازاد بڵێین، بەڵام نەماندەوێرا خۆ لەو بوارە بدەین، تاکو ئەو دەم لە زانستگای تاران مانگرتن و خۆپێشاندان دەستی پێکرد. قسەی شۆڕشگێڕانە و شیعری شۆڕشگێڕانە بە پێی فیلان بوو. ڕۆژێك کوڕێك شیعرێکی فارسی خوێندەوە، کە بە شێوەی نوێ بوو و ئاوای دەستپێکرد: "الا جلاد ننگت باد..."، ئەو شیعرەم زۆر پێ خۆش بوو. چوومەوە ماڵێ و قوڵە قەڵەمم دەستدایە و جەللادی خۆم خوڵقاند. لە دوایەدا پێشانی کاك سەلاحم دا، زۆری پێ خۆش بوو و زۆری تەشویق کردم. ئەمنیش بە شوێن ئەو دا شێعری "بۆمباران"م دانا. شێعری بۆمباران وەدەست خودالێخۆشبوو مامۆستا هێمن دەکەوێ و مامۆستا دەفەرموێ: "میللەتێك کە لە ئەدەبیاتی دا ئەم شیعرەی هەبێ: "جار جار دوو لك دار، / هەر وەك دوو دڵدار، / سەریان وێك دێنا سرتەیان دەکرد..." هەرگیز نامرێ". ئەو قسەیەی مامۆستا هێندەی دی هانی دام کە لە گۆمی شیعری ئازاد دا باسکان باوێم و مەلەی بکەم.

دوای بۆمباران چاوە یەکەم شیعری نوێی خۆی دانا کە وەکو بۆم نووسیبووی پێموایە ناوی "نازدار" بوو: "باوکی نازدار چووبوو بۆ شار، / چووبوو جلی بۆ بستێنێ، / سەڵتەی

بەروپشت بەلاشە(بەلاشە= خام) / نازداری خۆم پێی داپۆشیٚ ڕووتی لاشە..." بەڵام لە گەڕانەوەدا "سەربازی بەدئێسك"ی دوژمن دەیپێکیٚ و ...، بە داخەوە ئەو شێعرەم لە لا نییە.
لە ساڵی 1341(1962)(1340(1961) ڕاستە. – بڕوانە نامەی سێیەم) دا ئەمن شیعری "کەژاڵیٚ"م دانا، بە شێوەی ئازاد. کاك چاوەش هەر بەو کێشە شێعرێکی دانا و لە دوای ئەو سوارە شیعری "شار"ی نوسی. نازانم شیعری "شار" یەکەم شیعری سوارە بوو یان نا، لە بیرم نییە، بەڵام پێموایە کاك سوارە لە ساڵی 1341(1962) دا دەستی کرد بە شێعری ئازاد گوتن.
تا نەورۆزی ساڵی 1343(1964) دەتوانم بڵێم هەموو ڕۆژی هەینییان کۆڕی ئەدەبیمان بوو. خودالێخۆشبوو حاجی ڕەحمان ئاغا لە هەر دەرفەتێك کەڵکی وەردەگرت و دانشجوویەکانی بانگهێشتن دەکرد﴿جاری وابوو 40 – 50 کەس بووین. خەڵکی مەهاباد و سەقز و بۆکان و سنە و مەریوان و هەورامان و ...) و دەبوو بە بەزمی ئەدەبی. لە نەورۆزی ساڵی 1343(1964) دا ئەمن و سوارە و چاوە و نزیکەی 150 کەس گیراین، بە تاوانی کوردایەتی و ئەندامەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران. چەند مانگێك لە قزلٚ قەڵای تاران بووین. کاك سوارە شیعری "سوورە قەڵا، دایکی بەڵا"ی لەویٚ دانا. دوای زیندان ئیدی کۆڕی ئەدەبیمان نەما.

لە داهاتوودا ئەگەر شتێکی دیکەم هاتە بیر بۆتی دەنووسم."
– بەشێك لە نامەی عەلی حەسەنیانی(هاوار) بۆ هێدی، 3.6.1991 نووسراوە-.

**نامەی سێیەم:**

"نازانم لە پێشدا بۆم نووسیبووی یان نا، لە بارەی شیعری "شار"ی سوارەوە دەبێ بڵێم: لە پێشدا ئەمن لەسەر ئەو کێشە شێعری "کەژاڵێ"م دانا کە ئاوا دەس پێدەکرێ:

کەژاڵەکەم!
خەیاڵەکەم!
هەزار هێندە ڕابرێ،
هێشتێ هەر خەیاڵی تۆ هەوێنی بەستەکانمە،
بیری خۆشی ناز و خەمزەکەت هومێدی نیو ژیانمە...

ئەو شیعرەم لە ساڵی 1340(1961) دا داناوە، وابزانم لە نامەکەی پێشوو دا بۆم نووسیبووی ساڵی 1341(1962) کە هەڵەیە و 1340(1961) ڕاستە. لە دوای مندا چاوە شیعری "هەسێرەکەم"ی هەر لە سەر ئەو کێشە دانا کە بەشێکی ئاوایە:

هاتمە هەوارەکەت،
ڕێم گەیشتە بەر دەوارەکەت،
بە جارێ تاوی لێ چنیم،

بەژن و بارەکەت...

لە دوای چاوە، سوارە "شار"ی خولقاند. لە پاش سوارەش هەلۆ(قاسم موئەییەد زادە) "لادە لادە لادە لا- دە لەچکە تەسکە کەسکەکەت"ی دانا. هەموویان لەسەر کێشی عەرووزی "مفاعلن، مفاعلن..."ن.

من و سوارە و چاوە لە ساڵی 1343 = 1964 لە زیندانی "قزلّ قەڵا"ی تاراندا گیرابووین، ئەودەم بەندیخانەی "ئەوین" ساز نەکرابوو و "قزلّ قەڵا" جێگەی بەندییە سیاسییەکان بوو، سوارە شێعری "سورەقەڵا، دایکی بەڵا"ی لەوێ دانا کە بەشێکی بەم چەشنەیە:

لە چاو تۆ "باستیل" بەهەشتە
"ئالکاتراز"یش جێگای گەشتە
"شیلان" بە ڕەنگی وەك شیلان
بۆتە جێی دیلان، بۆ دیلان
سوورەقەڵا
دایکی بەڵا."

بەشێك لە نامەی عەلی حەسەنیانی(هاوار) بۆ هێدی،لە 1991/6/13 نووسراوە

# بەشی یەکەم

# شیعرە کلاسیکییەکان

## شەم

شەوە،بێ نوورییە،باییستە ئەی شەم!
بلاّ تاریکی و خامۆشی بەس بێ
دەفریام گەر نەیەی ئەمشۆ،سبەینێ
کە ڕۆژە بۆوە بڵێی کارت لەدەس بێ؟

تاران- 1339 (1960)

## باران

باران!سەبر ببارە بە سەر دەشت و کێو و دۆڵ
بەشکەم بڵێسەی ئاگری شەڕ بێ بگاتە مە
سەرمایە، بەسیە با گڕی هەڵمەت، گڕی خەبات
تینی هومێدی ڕۆژی خەلاسی بخاتە مە

مەهاباد-1339 (1960)

# پەڕەسلێرەکە 32

پەڕەسلێرەکە !دەنگت هەڵێنە
خونچەی ژاکاوی دڵ بخەمڵێنە
تۆ وەکو من نی بە کوت و زنجیر
هاواری بڕاو لەگەرووی یەخسیر
ئازادی، بەندی و پێ بەستراو نی
لەماڵە خۆتا تێهەڵدراو نی
دەخولێیتەوە گەرمێن و کوێستان
سەر و خوار دەکەی خاکی کوردستان
دەگەڕێی شار و چیا و لادێ
ئاگای لە ئاواو لە چۆل و لاڕێ
لە هیچ ماڵێکا تۆ بێگانە نی

---

32– لە ڕۆژنامەی "کوردستان"چاپی تاراندا بلاۆبۆتەوە

ئاشنای گەلی بۆ هەر کوێ دەچی
سا بەو چریکەی سەرخۆشی دێنیٚ
دلیٚ خەم گرتووی گەل دەلاوێنیٚ
بلّیٚ بزانم گەلی داماوم
لە نیشتمانی بەش بەش کراوم
چۆنن ؟ بەکەیفن ؟شادن؟دلّخۆشن؟
چەشنی دلیٚ من هەر وا لە جۆشن ؟
بلیٚ بزانم نەمامی خەبات
بەری هێناوە ؟ ئاوات وەدی هات ؟
پەڕەسلێرە! کەی بۆم دەخوێنی؟
بیٚ وازم، ئەی کەی دلّم دەدوێنیٚ؟
مەلی نازدارم ! دەنگت هەلّێنە
شووشەی جەخاری دلّم بشکێنە
پەردەی خەیالّم بلەرزێنەوە
کۆرپەی ساوای دلیٚ بلاوێنەوە

مەهاباد–1339(1960)

# گوڵی سور[33]

گوڵی سور و گەش و بۆنخۆش و جوانم !
گوڵی سووری ولاّتی کوردەواری !
دەزانی بۆ جوان و دڵنشینی ؟
لە نێو مێرگی ولاّتمدا دیاری
*
وەبیرت نایە زۆر پێش هاتنی تۆ
لە جێی تۆ لاوێکی کوردی شەهید بوو
ئە لەم جێگایە وا هاتوویە دنیا
گوڵێك پێش تۆ خەزنانی دی و لە دەس چوو
*
ئەتۆ جوانەگوڵی سووری ولاّتم!
لە خوێنی پاکی ئەو کوردەی ڕواوی
لەبەر وەی تۆ تەمەن کورتی گوڵی من!
کە بیری خوێنێکی ناهەق ڕژاوی
*
هەموو ڕۆژێ بە یادی لاوی کوژراو
بەسەرتا ئاسمان ئەسرین دەرێژێ
دەڵێی دایکێکی زگ سوتاوی دیلە
کە تاقانەی بەدەستی خۆی دەنێژێ

---

33– لە ڕۆژنامەی "کوردستان " چاپی تاراندا بلاّو بۆتەوە.

*

شەماڵیش دێت  و وەك ئاواڵێكی باش
بەسەبرا دەسترێ ئاونگی سەر رووت
ئەتۆش كاتێ دەبینی باوەفایان
بزەت دێت و لەگەڵ شادی دەبی جووت

*

گوڵی سووری   وڵاتی كوردەواری
بە ئاواتم كە دایم گەش بمێنی
كە یادی خوێنی كوردێكی بەنرخی
جوانی ، خۆشەویستی ، ڕەنگی خوێنی

*

گوڵی سوور و گەش و بۆن خۆش و جوانم !
گوڵی سووری وڵاتی كوردەواری !
دەزانی بۆ جوان و دڵنشینی ؟
لە نێو مێرگی وڵاتمدا دیاری

*

وەبیرت نایە زۆر پێش هاتنی تۆ
لەجێی تۆ لاوێكی شەهید بوو
كە لەم جێگایە وا هاتوویە دنیا
گوڵێك پێش تۆ خەزانی دی و لە دەس چوو

*

ئەتۆجوانە گوڵی سووری وڵاتم !
لە خوێنی پاکی ئەو کوردەی ڕواوی
لە بەر وەی تۆ تەمەن کورتی گوڵی من !
کە بیری خوێنێکی ناهەق رژاوی
*
هەموو ڕۆژێ بەیادی لاوی کوژراو
بەسەرەتا ئاسمان ئەسرین دەڕێژێ
دەڵێی دایکێکی زگ سوتاوی دیلە
کە تاقانەی بەدەستی خۆی دەنێژێ
*
شەماڵیش دێت و وەك ئاواڵێکی باش
بە سبرا دەسترێ ئاونگی سەر ڕووت
ئەتۆش کاتێ دەبینی باوەفایان
بزەت دێت و لەگەڵ شادی دەبی جووت
*
گوڵی سووری وڵاتی کوردەواری
بە ئاواتم کە دایم گەش بمێنی
کە یادی خوێنی کوردێکی بەنرخی
جوانی، خۆشەویستی ،ڕەنگی خوێنی

تاران–1340(1961)

## کۆچی دوایی[34]

بۆ هاوڕێی لە دەس چوو"سولە
یمانی شافیعی "

داخی بە جەرگم ، هەی ڕۆ ،گوڵم ڕۆ
هێزی ئەژنۆم ڕۆ ، شادی دڵم ڕۆ

"سولەیمان" گوڵە پەرپەر بووەکەم!
هاوڕێ بەنرخە لەدەس چووەکەم!

کۆچی دواییت چەن بێوادە بوو
خۆشەویستەکەم! ئەوە بۆ وا زوو؟

لە دوای نەمانت هەتاوی خۆشی
ئاوا بوو لە پشت کێوی پەرۆشی

ئەی گیانی شیرین! برای خۆشەویست !
ژینم لێ تاڵ بوو کەی تۆوات دەویست ؟

---

[34] – لەڕۆژنامەی" کوردستان" چاپی تاراندا بڵاوبۆتەوە .

کەی تۆ دەتویست بگریم ، بنالم ؟
مردی؟ بڕوا کەم ؟هاوار بەمالم...

دایکی نیشتمان چاوی لە ڕێت بوو
من چی پێ بلێم؟ بلێم بۆ کوێ چوو؟

بەرۆك دادڕە دایکی نیشتمان؟
بە دلی پڕ ئاوات نێژرا "سولەیمان"

ئەستێرەی ژینی لە ئاسۆی ژیان،
کەمیك وەسەر کەوت ئاوا بوو دیسان

بەسەرما کشا هەوری تەم و خەم
"سولەیمان" نەما،من ڕوو لە کوێ کەم؟

هاوار، بۆ دلی نەسرەوتی خەمبار
هاوار بۆ خەلکی بێ هاوار، هاوار...

تاران–1341 (1962)

# گوناه

شەوێکی بێدەنگ، هەوارێکی خۆش
داری سەر چاکی ڕازداری خامۆش
گەڵایەك وەری بە سروەی شەماڵ
سێبەر جووڵاوە بە نەرمی خەیاڵ
گەڵا سرتەی کرد:
–هەستن، درەنگە
تا کەڵەبابی بەیان بێدەنگە[35]
پەری بۆ سرتە لێك کۆ بوونەوە
سێبەر بوو بە دوو، لێك جۆ بوونەوە
جارجار بە ئاوڕێك یەکتریان دەدی
گوناه! بەخێرچی تا جارێکی دی

تاران 1342(1963)

---

4– ئەم نیوە دێڕە فۆلکلۆرە

## کەوان

دوو چاوی تۆ وەکو جووتەی کەوانە
برۆکانت بەرەو  سینگم کەوانە
بەیانان  قاسپەقاسپی پێکەنینت
لە گوێی من دا لە گوێن قاسپەی کەوانە
هەزار خۆزگەم بە دەرزیلەی بەرۆکت
کە بۆ ئەڵماسی بەرۆیت دەرکەوانە
وەبیرم دێ کە بۆم  هاتبوویە  ژوانێ
هەچی دەمکرد ئەتۆ دەتگوت کە :وا نە
خەمم هێند زۆرە بۆم نایەتە پێوان
بەسەد پێوانەو کیلەو کەوانە
ئەگەرچی پیرو داماوم ئەوێستێش
دڵی من هەر بە ئاواتی کەوان

تاران 1342(1963

# خەمبار

دڵی دیلی خەیاڵی خاوە ئەمشۆ
هەموو دنیا لەمن گۆڕاوە ئەمشۆ
لە دوندی ئەستەمی بوون و نەبوونا
پەشۆکاوم ، نەهاتی هاتە تووشم
گوڵی کوێستانی دڵ شەمزاوە ئەمشۆ
پەژارەو خەم وەکو لاولاوێکی ڕەش
لەدەوری گیا و لەش هالأوە ئەمشۆ
لەبەر چاوم وەنەوشەی سیسی هیوا
ملی کەچ کردوەو ژاکاوە ئەمشۆ
ئەجەل بۆ گرتنی کۆتری ژیانم
خەریکی دان و تەپکەو داوە ئەمشۆ
لەبەختی ڕەش بە داماوی و کلۆکڵی
هەموو دەرکیٚ لە من بەستراوە ئەمشۆ
کزم،سۆرانی شینم، مل بە کوێنم
پەری بەختم لە من تۆراوە ئەمشۆ

لەمن هاوارە کۆرپەی جوانی شادیم
لە گێژاوی خەما خنکاوە ئەمشۆ
بە مستی دێوی زاڵی بێوەفایی
دەڵێی کۆشکی وەفا ڕووخاوە ئەمشۆ
فریشتەی ژیکەڵەی ئاواتی دوورم
لەزیندانی شەوا داماوە ئەمشۆ
شنە دیلی شەوەی شو گارە هاوار
نە ئەستێرە،نە شەوبا ماوە ئەمشۆ
تەفریش1345 (1966)

## جوانە کچ

ئەی جوانەکچی چەشنی گوڵی سووری موکریان !
لەو ڕۆژەوە تۆم دیتووە شێواوە ژیانم
ڕۆیشتی لە گەڵ بۆنی بەیانانی هەڵاڵان
من ماوم و تەنیایی و فرمێسکی شەوانم

*

ئەی هاوبەشی ڕۆژانی پڕ ئاواتی لە دەس چووم !
سەد خوزگە بە ئەو ساڵە کە دڵ گەرمی ئەوین بوو
ئەمڕۆکە ئەگەر چەشنی خەزەڵ زەردم و کەوتووم

ئەودەم خەمێکی نەمبوو بە مەرگت خەمی ژین بوو

*

ئەی بووکی دڵم! پڕ بە دڵم تۆ دەپەرەستم
لەو ڕۆژەوە جێت هێشتووم عەزادارم
هەرچەندە دەزانم کە ئیدی نایەوە دەستم
تا ڕۆژێ بەشم دەبڕێ لە دنیا بە تاماتم

*

ئەی سوێسنی بۆنخۆشی لە ئاسۆگی هەواران!
کاری منی ئاوارە لە دووریی تۆ کراوە
جارێ بکە یادی منی دوورکەوتوو لە شاران
تا ڕایەڵ و پۆی نیوەژیانم نەپساوە

*

ئەی تاقە ستێرەی شەوی بێ نووری ژیانم !
هەوری ڕەش بەختم بە خودا تۆشی لە من کرد
هاوارە لەمن دیلی رکەی بەندی گرانم
تۆ رۆیی و من مردم و ئاواتی دڵم مرد...

ئاستارا–1350(1971)

# تاپۆ

خۆری رەنگ زەرد و ساردی سەرماوەرز
وا خەریکی دوا پشوی ژینە
زەردە گۆییێکی نێو خمی شینە
ئاورێکی کوژاوی بیٚ تینە
بیری رۆژانی گەرمی هاوینە

کزەبا نێو دلاٚن دەلەرزێنیٚ
کێیە کۆرپەی هەتیو بلاوێنیٚ؟
داری رووت و گەلاٚ وەریوی کز
خۆ دەلارێنیٚ، خۆ دەلارێنیٚ

ئاو لەنێو جۆگەدا قەتیس ماوە
شەوچەرای ژینی خەڵکی کوژراوە

دەمی شەمزان و شین و شێوانە
کاتی ئاواتی دلٚ فڕێدانە
کوا ژیان؟ بۆچی بوو بە ئەفسانە؟

وردەوردە نیشانەی ژین

رۆیی، ئاوابوو، کۆچی دوایی کرد
ترس و لەرزە لە جێگەی ئازایی
بووکی تاسە و ئەوین  و هیوا مرد

ئەی هەموو ناونیشانی هەستی ژین!
ئەی بزە! خۆشی! خۆشەویستی! ئەوین!
خۆرەتاو، ئەی هەتاوی گەرم و بەتین!
بۆچی مردن؟ نەمان؟ لەبەرچی رەوین؟

ئەوە شەو هات و خێوەتی هەڵدا
پشوو بەندی بووە لە نێو بەندا

دایکە کۆرپەی لە باوەشا دەکوشێ
دێوی خەم  نێو دڵی دلآنی گرتت
هاتی ڕۆیی، دەمی نەهاتی هات
شەوە هات و گەڕی گەڕانی گرت

گەرمیی شادی لە نێو زرێی خەمدا
سەری شێواوە، دوورەبەستێنە
دوند  و لاپاڵ و بەندەن و نواڵە
هەموو خەمهێنە، شادی ئەستێنە

خەم، نەهاتی، شەوە، تەم و زریان
شەوەزەنگ، رس و لەرز و سەرشێوان
دڵ پەشێوی ،پەرۆشی، دەرد و جەخار
بەشی ئەمشۆ کەیە،خودا هاوار

کێیە بێ و پێم بڵی چ قەوماوە؟
بۆ هەموو خەڵکی مات و شێواوە؟
شەمی هیوا لە بەر چی کوژاوە؟
پەریی دڵخۆشی بۆچی تۆراوە

نیوەنووزەی پیاوێکی لەرزۆك
کەلە ناخی دەروونی دێ بۆسۆ
دەڵی:بڕوانە دووری، سەر ئاسۆ
ئەوە دیسان هاتەوە تاپۆ

تاپۆ؟ تاپۆچی؟ بۆچی تۆقیون؟
بۆ دەترسێن؟ لەبەر چی شەمزیون؟

ئاخ...گوێ بگرە،دەنگی تاپۆیە
جارجار دێت و کێو دەلەرزێنی

ئەوە تاپۆ بە کۆڵێ تەوس و توانج
بانگی ئێمە دەکا و دەنەڕڕێنێ:

"ئەی ئەوانی منوو بە دەس بەستە
دایە دەس دوژمنانی ئاو و گڵم
ئەی ئەوانەی کە دیتتان گوللە
چۆنی دەبڕێ هەناو و جەرگ ودڵم
منتتان هان ئەدا بەرەو کوژران
ئەی ئەوانەی لە گۆڕی بێشەرمی
بێ سکالاّ بە دەستی خۆ نێژران
ئەوە من بووم وا بە شانازی
شەرتی خۆم بردە سەر پیاوانە
ئێوەش ئەی تاقمی لە دەس دەرچوو
وا بە سەرشۆڕی بوونە ئەفسانە
تەك وەباڵی منوو وە ئەستۆ بێ
تەك لە ماڵوو هەمیشە ڕۆڕۆ بێ"

"ئاه..
ئەی شەوە!تارمایی!ئەی تاپۆ!
بەسیە بۆ خاتری خودا لاچۆ"

ئەوە دەنگی کوڕێکی لاوە، دەڵێ:

"ئاه تاپۆ!ئێمە سەرشۆڕین
بەڕواڵەت دەژین،بەلاّم لە نێو گۆڕین
ئێمە مل خێسی تۆقی تووکی تۆین
شەو و ڕۆژ هەر خەریکی شین و رۆین
بەسیە ڕابواردنی بە سەرشۆڕی
ئەمشۆ لۆمەی تۆ ژینمی گۆڕی
شەرتە من بێم و شوێنی تۆ بگرم
نەك بە حیزی لە جێگەدا بمرم
یا نە ئازادیی خاکی کوردستان
یا لە دەس چوون،کەوتن،هەڵنەستان"

تاپۆ کەم کەم خوشی,نەما,ونبوو،
مانگ هەڵات،هاتە دەر لە سەر بستوو،
لاوی ژیر و بوێری کوردستان
بانگەوازی دەکرد لە بۆ هەستان

میاندواو–خالێوەی1358(1979)

# پێشمەرگە

ئەوەی وریا، بوێر، ئازاو بەجەرگە
ئەوەی دوژمن لە ئاستی ناگرێ بەرگە
ئەوەی ئاگای لە دەردی نیشتمانە
ئەوەی پارێزەری پاوانی مانە
ئەوە کێیە؟ هەڵۆی سەر ماه و زەردە
ئەوە پێشمەرگەیە، مەردی نەبردە
کە گیانی خۆی لەرێی گەلدا دەبەخشی
بە خوێنی ئاڵی کوردستان دەنەخشێ
بژی پێشمەرگە ئەی پرشنگی وڵات
بژی پێشمەرگەکەی حزبی دیموکرات
گەلی کورد هەمووی چاوی لە تۆیە
لە تۆوە نیشتمانم سەربەخۆیە
ژیانت بێ شکان و بێ بەدی بێ
بە ئاواتم کە ئاواتت وەدی بێ

مەهاباد،1385(1979)

# بەهاری ئازادی

گوڵەکەم ! نەماوە دوێنێ
کە بژین بە رەنجەڕۆیی
مەلی شادییەو دەخوێنێ
لەبەهاری سەربەخۆیی
دەمی ژیانەوە هەژارە
بزە هاتە جێی پەژارە

گوڵەکەم ! گوڵی هومێدم
شەو نەما، بەیانی ئەنگوت
خۆشەویستی دوورەزێدم
دێوی خەم کراوە دەمگوت
گوڵ بزەی لە سەر دەمانە
جێژنی گەورەی نیشتمانە

گوڵەکەم! بە ودمی شیبا
بەستەڵەك نەما، تواوە
شادی و ئەوین و هیوا
ئەڵقەئاڵقە تێکخراوە
هەلی شەو شنەی شەماڵە
کانی شەوگەڕی خەیاڵە

دەنگی شادیی ئێمە ئەمڕۆ
لە سنووریٚ تێپەڕیوە
خۆری ئازادی لەئاسۆ
شەوەزەنگی هەڵبڕیوە
کۆیلەیی و دیلی نەماوە
نەتەوی پشتی چەماوە

بزەیە و سەردەمی خۆشی
گوڵی شادی هاتە خەمڵین
تێکپێچاوە پەرۆشی
چیدیکە ئەسیری خەم نین
بۆ لە کازیوەی بەهاری
گوڵی من! لێم نادیاری؟

چەندە خۆشە کوردەواری
وەرە سەیری کێو و دەشتی
سەیری بژوێنی هەواری
لێڕەواری وەك بەهەشتی
هەموو لایێ سوور و شینە
کاتی خۆشیی گوڵ چینینە

چ جوان و دڵنشینە
چەم و لێڕ و دەشت و ئادە
وەرە بڕوانە،ببینە
کەوی سەرمەستی کوڕادە
چۆن دەقاسپێنێ بە مەستی
وەرە تۆش هەست بکە هەستی

لە سەری دوندی ژیانا
تەم و خەم بەرە فڕینە
لە زەوین و ئاسمانا
مۆسیقای خۆشی ئەوینە
لەتەواوی شوێن و مەڵبەند
بۆتە هەڵپەڕین و گۆوەند

چ دەبێ زێدە لە ژینم
بێیەوە بەرەو ئەوینت
جارێکی دیکە ببینم
بەژنی ڕێك و دڵنشینت
پێش ئەوەی لە دەس بچێ ژین
تامی خۆشی ژین بچێژین

مەهاباد–نەورۆزی1359(1980)

# ئاگر

پێم بڵێ نووری،برووسکەی یا گڕی؟
هەرچی هەی بۆ گیان ومالْم ئاگری
ڕوولە هەر لایێ دەکەم ، هەرکوێ دەچم ،
کۆترم، تۆ وەك شەهێن دێی دەمگری
یادی تۆیە ئۆگری ڕۆژ و شەوم
داخەکەم تۆ هەر لەگەڵ خۆت ئۆگری
دڵنشینی،دڵڕفێنی، دڵکوژی
دڵ بە کەس نادەی کەچی خۆت دڵگری
ئاخری دنیا هەموو دەگری بە ناز
خۆ تۆ"نازی" نی کە دنیا داگری
ڕێم بدە خونچەی دەمت بگرم بە لێو
خۆ چ ناقەومێ لە ئامێزم گری
مەهاباد–گەلاوێژی 1359(1980)

# سەفەری واوان

"فەرهاد" کە سەرقافڵەیە باش دەزانێ
ڕێ هەتڵە بکا بۆ کەژ و کۆ و چۆم و دەراوان
جارێکی دەمانباتە چیا و ئەستەم و بستوو
جارێکی دەمانخاتە  چەم و گۆم و کەناوان
ترسم ئەمەیە هێندە بڕۆین تاکو دەگەینە
لێڕ و کەژی "داودێ" مام کاوێ"و "ساوان"
"نۆکان" و"زەڵێ"و "تووژەڵ"و"نێوزەنگێ"بپێوین
ڕووکەینە گەلی بێئەمەکی دەرپێ نەماوان
پێمان هەموو کون کون بووە بەم تیغ و پەلانە
دڕکی دە بەنێ ئێستێ پەنامانە لە تاوان
بەم چەنگەڕنە چۆن دەبڕێ بەندەنی وا ڕژد؟
تینوویی چلۆن دەشکێ بە سوێراوی گڕاوان؟
بیستوومە دەڵێن لەو گەوەیە گەی سەدی وەك من
لێك بۆتەوە بێ دەرفەتی ڕێی چارە بەگاوان
پێی پێوە دەبێ هەرچی نەپێوی و بپێوێ
ڕێی زەبر و زرینگانە نەحاڵی و خاوان
ناکا لەنەکاو پێ بخزێ لەم گەوە سەختە
بگلێین و نەبینینەوە سەرکەوتن و کاوان
پێم وابوو کە نزیکە کەچی ئێستێ دەترسێم

بیٚ دیتنی واوان بگەمە دوو گەزە جاوان
هیچ چارە نییە باسی سەرە ڕەختە لە"فەرهاد"
زۆر زەبر و زرینگە و گەلیٚکی داوە لە ئاوان
وا باشە کە بیٚدەنگبم و "فەرهاد" نەغەزریٚ
چم داوە لە باسان و لە دەمگوان و لە قاوان
من پیرم و"مام قالە" لە من کۆنە کتیٚبتر
کەس نیٚ بلٚیٚ پیرینە چتان داوە لە لاوان؟
"ئیقبالٚ" لەگەلٚ ئیٚمەیە ئەمڕۆکە، ئەگینا
ناومان دەشۆراوە لەنیٚو دەفتەری ناوان
من تۆبە دەکەم لەمڕۆکەوە تا دەمی مردن
ناکەم هەوەسی دیتنەوەی کاولی واوان

چیا- گولاٚنی 1361(1983)

# تراوکە

گوڵم! تۆ رەمزی بوونی، هۆی ژیانی!
گزنگی دڵنشینی بەربەیانی!
گڕی عیشقی، فریشتەی خۆشەویستی!
هەناسەی چاوەڕێی کاتی ژوانی!
تکەی فرمێسکی شللێری بەشەرمی!
بزەی مەندی گەزیزەی لاپەڕانی!
ڤینۆسی، باڵی نەخشینی پەپولەی!
گمەی کۆتری دڵی، وەرزنی رەوانی!
دنەی دەنگی، زرینگەی جامی بادەی!
ئەوینی پێکەنینی ساردەکانی !
لەسەر پەلکی گوڵاڵەی دەم بەهاران !
دڵۆپی شەونمی ڕوون و جوانی !
لەتاریکیی شەوی بێ نوور و سوێدا،
گڕی،بۆڕێگە ونبوو ڕازی مانی!

بە ڕۆیین چەشنی کەروێشکەی بەهاری!
بە مەندی هەر وەکو شەرمی کچانی!
لە چاوی ڕێبواری ڕێی ئەوینا ،
تراوکەی دەشتی پان و بێ بڕانی!
لە هاندی تۆ هەموو هێزێ دەوەستێ،
ئەتۆ ڕاگیرکەری چەرخی زەمانی !
هومێدی ناهومێدی دڵ خەمینی!
کەچی بۆ من هومێدی بێ نیشانی!
من و تۆ چەندە لێك دوورین، هاوار
ئەمن دەس کورتم وتۆ کاکەشانی!

مەهاباد–پوشپەڕی 1364(1985)

# تـامەزرۆ

من کە مە حکوومی نەمام پڕ بە دڵ مانم دەوێ
نیوەنووزەم تاکو ماوە هێزی هەستانم دەوێ
ڕەوڕەوەی بەختم شکاوە و دوا هەناسەی ژینمە
بۆ ئەوەی نەمرم، بمێنم ئەم چەلەش قانم دەوێ
وشکەسویێمە و سووری هاوینە و گەوەی سەختم لە پێش
ئاوی ڕوونی کانیاوی بەر بنارانم دەوێ
تا دەمێ ئۆ خزنی بێتێ، ڕێژنەبارانم دەوێ؟
وست و داخوازیم وەدی نایە لە پاوانی خەما
کۆڕی یارانم دەوێ، کوا شاری مارانم دەوێ؟
چیدی ئەستێ و بەردی تیر و تانە بۆ من لێکمەدەن
بۆچی سەرکۆنەم دەکەن؟ ئینسانم و ژیانم دەوێ
بێ ئەوەی خۆشی ببینم ژینی دیلیم بردەسەر
پاشی مەرگم، دەوری تەرمم ، گەرمە دیلانم دەوێ
"تاریك و روون"ی" بەرەو ئاسۆ"وەڕێکەوتم کەچی،
دیم"هەواری خاڵی" بۆیە" سووری دەوران" م دەوێ
"سازی ناساز"ە دڵم" تاوانی بێهێزی"ی منە
سەردەمی مردن برست و هێزو هەتوانم دەوێ
دڵ شکا، دەنگی بڕا،هاوارە لەم رۆژە ڕەشە
هاودڵێکی دەردەداری یەك دڵ و گیانم دەوێ

مەهاباد- گولانی 1366(1987)

## دڵ ئەستێن

شاریٚ دیلی تۆیە  ئیدی دڵڕەفێنیت بۆ چییە؟
لادە چارشێوی ڕەشت، ڕازی نهێنیت بۆ چییە؟
دڵ ستێنی گەر دەکەی ، وردی مەکە نازدارە دڵ
دڵڕفێن! تۆ دڵ شکێنی  !دڵستێنیت بۆ چییە؟

سەقز–گەلاوێژی1368(1989

## مەستیی ڕاستی[36]

مەی زۆرو زەوەندە  وەرە گەر بادە پەرستی
مەیلانە جمەی دیٚ وەرە تۆش فێر ببە مەستی
مەستی ئەمەیە توڕی بدەی بیری ژیانت
جا هێندە بنۆشی نەتوانی کە هەڵەستی
بۆ چۆڕە شەرابیٚ مەگەڕیٚ دەرکە بەدەرکە

---

36 - وەڵامێکە بۆ شاعیری ناسک خەیاڵ(کاک قاسم موئەیدزادە–هەڵۆ) کە دەڵێت:

بۆ چۆڕە شەرابێك دەگەڕێم دەرکە بە دەرکە
هیچ کەس نیە مەردانە وەدی بێنیٚ مەبەستم

مەیگێڕیٚ وەبینە بنیٚ پەنجانی لەدەستی
بڕوانە بزە و ڕەوت و وتە و ڕوانینی مەیگێڕ
چاوت بکەوە،وردبەوە جا هەست بکە هەستی
داوێنی لە دەس بەرمەدە و خۆتی فیدا کە
تا ڕادەیەکی بادە دەگاتە لابنی خەستی
ئەستێرە وەلانیٚ دەخۆشیٚ ون دەبیٚ دەڕوا
سەد خۆزگە بەوانەی کە دەبن مەستی ئەلەستی
مەستانە بژی ،لێرە هەموو مەستن و سەرخۆش
بیٚ بادە مەڕۆ چونکە لە هەورازیٚ دەوەستی
گویٚ بگرە لە هاوار و لە هووهوو و لە هەوهەو
دەس هەڵگرە بەسیەتی ئیدی مەستیی بەقەستی

فینلاند–تورکو–سەرماوەرزی1369(1990)

# تۆ منی، من تۆم

ئەی تۆ دەریای پڕشەپۆل و بێسنور
بۆ شەو و شەوگاری من کانگای نور

چۆڕە ئاوم ، دیلی چوارچێوەی رکەم
تۆ زرێی بیٚ ئەوپەڕی، ئەمنیش تکەم

عیشقی تۆیە هۆی ژیان و مانی من
یادی تۆیە ئاگری سوتانی من

تۆ منی، من تۆ، ئەدی بۆ دووری لێم؟
چۆلبڕی رێتم کەچی بەستراوە رێم

ئەم دڵەم تاویٚ بەبیٚ تۆ ناسرەویٚ
دێم بەرەو تۆ بەرهەڵستم دێتە ریٚ

بەرهەڵستی پێگەیینی من"من"ە
خۆم دەبینم، خاوەنی خۆم لیٚ ونە

"من" منی خستوە بە دەم بەستێنەوە
تۆ منی ،تۆ من لە"من" بستێنەوە

خۆم نیشاندە ئەی سەلیبی تۆم لە مل
با وەکو "سینا " بسوتێم، ببمە کل

لەش کە سوتا سەردەمی هەرمانمە
لەش رکەی تاریك و تەنگی گیانمە

دەستی من بگرە کە بە دین بوومە دین
با چرۆ دەرکا نەمامی پێگەیین
فینلاند- تورکۆ-سەرماوەرزی 1369(1990)

## وێنە

نیشانەی شیوەن و شێوانە وێنەم
لە داماوی و کزی لێوانە وێنەم
روانگەی رۆژپەڕو کۆچ و خەڵوەر
دوا هەنگاوی رێ پێوانە وێنەم
فینلاند- تورکۆ-رەشەمەی 1369(1991 )

# مەلی تەمەن

دڵم ئەسیری خەمە،ساقیا دەسا تێکە!
ئەگەر بە وردی بنۆڕی زەمانە ساتێکە!
لە چەشنی هەوری بەهاری،تەمەن بە لەز دەڕوا،
و چانی بۆ نیە، بڕوانە مانی کاتێکە
نەمامی ژینی بەتاسەم چەما و بڕکەی مرد،
لە وشکەساڵی هومێدا چ شۆرە کاتێکە
سەلاٚ لە من کە بە شوێن ڕۆچنایی یا وێڵم،
ژیانی چەرمەسەریم تاریکەسەلاتێکە
مەلی تەمەن فڕی و پێم گەیشتە لێوی گۆڕ،
کەچی دڵی بەکوڵم چاوەڕوانی هاتێکە
چما چ ما لە چەما هێندە خوێن دەبارێنیٚ؟
نەماوە سوێی و ئەوێستیٚ پرووشەماتێکە
کلۆڵ و دیل و کزە کۆتری نەسرەوی گیانم
کەسیٚ لە حاڵیٚ دەزانیٚ کە دوور ولاٚتێکە
گەیشتە خاڵی دوایی ژیانی من هاوار
خەیاڵی خاوە ئەگەر چاوەڕێی نەجاتێکە

دانمارک–سەندهۆڵم–خەزەڵوەری

1370(1991)

## پەیکەرەی بلوور

کیژۆکێ!شنەی شەماڵی کوێستان
ئەی دڵ بە تەمای تۆ دەستەوەستان

کیژۆڵێ! جوانترین گوڵی هەرد
سینگت وەکو لۆکە،دڵ وەکو بەرد

باخی گوڵی ،پەیکەری بلووری
پڕشنگی،گڕێ، هەتاوی،نووری

ئەی جوانەکچی خودای جوانی!
تۆ شیعری دڵی،دڵی دلانی

چاوت وەکو بادە مەستی هێنە
ئاشق کوژە،مەستە،خەم ڕەوێنە

هەر چەندە کە کانیاوی ژینە
کاری هەموو کوشتن و بڕینە

ئەو دین و سەرنج و نیو نیگایە
هاوارە لە من، چ بێ ڕەزایە

کوڵمت گەش و لووس و ساف و تورتە
هەر بەختی منە کە دەستی کورتە

وەك بەفری سپی  لە دوندی ئاسۆ
ڕێك وخڕە گوڵمی دڵ کوژی تۆ

ئەستێرەیەکی لەسەر دیارە
ڕووگەی دڵی ئاشقی هەژارە

ئەستێرەیە ، دڵڕەفێنە خاڵت
بێ وێنەیە گوڵم و خاڵی کاڵت

کەی خاڵە ئەوەی کە نەخشی کوڵمە ؟
ئارامیدەری دڵی بە کوڵمە

لێوت وەکو شیعرە،شیعری شەیتان
پڕ شەهوەتە کوانێ مەردی مەیدان ؟

کاتێ بە بزەو وتە دەپشکوێ
گیان و دڵی دار و بەرد دەبزوێ

پڕ نەشئەیە،ئاورینە،نازە
کانگای هەوەسانە،ماچ خوازە

سینگت وەکو بەفری لەند و هەوشین
ڕێك و سپی وتراش و بەفرین

مەمکت خڕ و قیت و قنجە وەك گۆ
ئیمانی دلاّن دەبا بە فیڕۆ

کاتێ کە دەڕۆی نەرم لەرەی دێ
دەنگی دڵە یا مەمە"وەرە"ی دێ

بەژنت دڵ و دین دەبا بە جارێ
خوای جوانییە،جوانی لێ دەبارێ

خاڵێکی ڕەشت لە نێو مەمانە
خواکردە کە وا لە دڵ جوانە

جێگەی خەوی خوای ئەوینە سینگت
ئیلهامدەری شیعری ژینە سینگت

ڕۆینت وەکو وەزنی شێعری خوایە
کەی ڕەوتی کەوێ لە جوانی وایە؟

ڕۆیین نیە،ڕەوتی ئاسکانە
کەروێشکەیە،لابەری خەمانە

دەنگت وەکو نەغمەی ئاسمانی
یاچەشنی سروودی ساردەکانی

خۆشتر لە چریکەکانی "ئاکۆ"[37]
خاوەندی جوانترین وتەی تۆ

بۆ جوانی کلاوێکت لە سەردا
خەڵکی بەوە بوونە شێت و شەیدا

[37]– کچی خودای دەنگ لە یۆنانی کۆندا

عالەم هەموو هۆشی لێ بڕاوە
هاوارە لە دەستی ئەو کلاّوە

کیژۆڵێ !جوانیی تۆ تەواوە
لابە بە سەری خۆت ئەو کلاّوە

با دەرکەوێ پرچی نەرم و تاتا
با بۆنی بەرێتە هەندەران با

با بێتە دەرێ هەتاوی زێڕن
بەشکەم وەخەبەر بێ بەختەکەی من

کیژۆڵێ!ئەتۆ بۆ وا جوانی؟
سەرتۆپی هەموو جوانەکانی

"ڤێنووس"[38]کوا تاکوو تۆ ببینێ؟
داخەجڵێ،بگێڕێ گەرمەشینێ

[38]- خودای جوانی یۆنانی کۆن

جا بچتەوە خزمەتی "ژۆپیتێر"[39]
دەردی دڵی هەڵبڕێژێ تێر تێر

شین کا سەری با بە شین و گریان
هاوار بکا: ئەی خوای خوایان

بۆچی لە هەوەڵ منت نەدیبوو؟
خوڵقاندنی ئەو گوڵەت لە چی بوو

"ئاناهید"[40] ئەدی لە کوێ خزاوە؟
پێم وایە کە تان و پۆی پساوە

با بزانێ خوای جوانی "ئاری"
لەم کێو و چڕە کراوە کاری

چون جوانیی هەموو جوانی دنیا
کۆبۆتەوە لای تۆ تاقی تەنیا

نەشمیل و لەبار و قیت و قۆزی

[39]– خوادای خودایانی یۆنانی کۆن
[40]– خودای جوانیی ئاریاکان

کڵپەی دڵی ئاشقی ،بەسۆزی

ئاونگی لە سەر گوڵی بەهاری
ئاهەنگی ئەوینی تاسەباری

ئاواتی دڵی، گوڵی خەیاڵی
فرمێسکی بەفر، شنەی شەماڵی

بەیبوون و وەنەوشە و گوڵاڵە
شللێر و گەزیزە و هەڵاڵە

مەندۆك و کەما هەڵز و بیزا
گیاخاو و تەواوی گیای دە دنیا

بەم حەسرەتەوەن کە چەشنی تۆ بان
واتا کە شەپۆلی ڕەنگ و بۆ بان

کیژۆڵێ! بە من بڵێ ئەتۆ چی؟
سەد خۆزگە بەوەی چەلێك ئەتۆ دی

ڕاکێشەری بیر و هۆش و چاوی

## بۆمن–چ بڵێم؟–خویاڵی خاوی

ئاخر دڵ و دڵرفێنی و من؟
هەی داغی گران و سەد مەخابن

هەرەندە کە ئەهلی زەوق و شەوقم
ئەمڕۆکە نەهاتی بۆتە تەوقم

وەك چۆلەکەیەکی دەنگ بڕاوم
چەند ساڵە لەنێو قەفەس کراوم

سەد داو و بەنم لە دەست و پێدا
دایم تەم و مەینەتم لەرێدا

بابردەڵەیکی بێزمانم
یەخسیری گەڕانی گۆی زەمانم

خەم دەورو بەری هەموو تەنیوم
شمشێری جەفا دڵی بڕیوم

هاواری بڕاو و ناتەواوم

پێم سەیرە چلۆنە ئێستێ ماوم

جارجارە کە دێم و تۆ دەبینم
بۆم نوێ دەبێ جوانترین ئەوینم

بەم دیتنە دڵ دەگا بە ئاوات
ڕەنگین دەبێ لاپەڕەی بەسەرهات

دەکرێتەوە خونچەکەی ژیانم
تۆ دەبیەوە بووکی شیعرەکانم

# ڕەشی و گەشی

شەو کڕ و مات و مەلاٌسە و بێدەنگ
شنە با کەوتووە لە ترسی شەوەزەنگ
کوندەبوو دای لە شەقەی شاباڵی
ئێستێ بێدەنگە لە سووچی ماڵی
شەوی ڕەش زاڵە بە سەر دنیادا
بە بزە  و شادی چ مەودا نادا
هەموو دنیا کز و یەخسیری شەوە
هەلە بۆ هەوهەوی شەیتان و شەوە
دێتە گوێ چەل چەلە داد و هاوار
زیرەزیڕی کچی بەدبەخت و هەژار
کە بە زیندوویی  لە چاڵێ دەخرێ
داد و کۆکەی لە هەوادا دمرێ
گڵی وی هەڵدەدرێ کۆگایەك
گڵی دواکەوتوویی بارستایەك
گوڵی خەم دەڕوێ لە سەر گڵکۆیان
هەوری ڕەش خوێن دەدەڵێنێ بۆیان
گەڕی گۆوەندی شەوە و مۆتە و دێو
لە گەڕان دایە لە هەر بەرز و نشێو

دەگەڕێ شایی بە کەیفی شەیتان
کە بە قاقا دەڵێ بەند و بەیتان
بێ سنووره شەوی بێ ڕۆچنایی
ژینی ئاسایی ڕەشە و بێ بابی
ژین نیە ژانێکی بێ هاوارە
شەو نیە گۆشەیەکی شەوگارە
چ ولاّتێکە خودا هێندە ڕەشە
لە بزە و تیشکی ئەوین دوورە بەشە
کوا ئەدی موعجزەیەك تێکی بدا
بیرمێنێ،لەپڕا،لێکی بدا
لابدا پەردە لە فێڵ و دەلەسە
بێ و بڵێ ئیدی سیاڕۆژی بەسە
بۆچی ئەمشۆ لە هیوا بوومە بەری
بۆچی ناڕوانمە خوای ژووری سەری
خوایە هۆی بوون و هومێد و بڕوا
دوور لەوی هەرچی هەیە با بڕوا
کاتی هیوایە و سەرمایەی ژین
بۆ دڵی سەرد و شکاوە گوڕ و تین
نووری بڕوایە کە مایەی مانە
پاشی تەنگانە دەبێ فەرعانە
چاو هەڵێنە ئەوە هەیڤە کە هەلاّت

پێ دزیلکەی شەوەیە و هاتنی هات
لەپڕا چۆن بوو دەڵێی موعجزەیە
کاتی خەملینی نەمامی بزەیە
دێتە گوێ دەنگێکی ئارامیدەر
دەڵێ: خەملی گوڵی شانازی بەشەر
جێژنی مەولوودی "ڕەسوولەڵڵا"یە
شادییە، ڕوو دەکەینە هەر لایە
هاتە دنیا گوڵی باغی نەبەوی
بۆتە چیمن هەموو چوار قوڕنە بە وی
شەو شکا،شەق بوو،نەما دێوەزمە
کاتی خۆشیمە،زەمانی حەزمە
مەککە پڕ بوو لە ئەوین وگوڵ ونوور
تیشکە دێ ودەبڕێ سنووری بۆ دوور
کوانێ شەیتان و هەل وشەو گوردی
کێیە پێی بخزێتە داوی وردی
کوانێ کیژ کوشتن و کوا زیندە بەچاڵ
بەڵێ،بۆ زاڵمە فەوتان و زەواڵ
تێکی پێچاوە فڕ و فێڵ درۆ
ڕەشی ڕۆیشتن و نەما باوی دەهۆ
دڕك و زی بوونە زەمەند و زەنوێر
هەڕنەهووت بوو بە بەرامی شللێر

کۆیله ودیل و ژن ئازاد کران
بوت شکان و له زبڵدانیٚ خران
به"محەمەد"گەڕی مێژوو گۆڕا
ژینی ڕابردوو خرا نێو گۆڕا
ڕێی "محەمەد"هەموو ئینسانی بوو
پاکی و چاکه و یەکسانی بوو
خۆزگه ئێمەش له دڵی تیشکی ئەوا
دەترووسکاینەوە وەك گۆ له شەوا
ڕابردەبووین و بوتمان تێکدەشکاند
لاپەڕەی ژینی ڕەشیمان دەدڕاند
1987)1366/8/ 11

# تاپۆی هێمن

لەگەڵ سرووەی لە دڵ خۆشی بەهاری
کە گوڵ چاوی بە مەند هەڵدەهێنێ
لە کاتێکا پەپوولەی جوانی نەخشین
بە بێدەنگی گوڵاڵەی کەژ دەدوێنێ

لەگەڵ کازیوە پەیکی ژیاننەوە دڵ
کە گیان دێنێتە بەر دەشت وکەژ و کۆ
لە کاتێکا هومێد شادی دێنێ
گزنگی خۆر و ڕەنگی شینی ئاسۆ

لەگەڵ قاسپەی کەوی مەستی کوڕادە
لە لای کوێستانی سەربەرزی وڵاتم
لەناکاو زایەڵەی دەنگێ دەبیسرێ
کە دەمگوت:دێم و دێم...ئەمڕۆ کە هاتم

ئەوە کێیە بە دەنگی دڵ دەلەرزێ؟
ئەوە کێیە کە دەنگی ئاشنایە؟
شەپۆلی دەنگی دەڕوا بۆ هەموو لا
دنە واتەی وەفایە، مۆسیقایە؟

ئەوە کێیە کە دەنگی دڵنشینی
لە گوێن دەنگی پەریی ئەوسانەکانە ؟
لە نێوان بیری ڕابردوو و ئاوات
قسەی،هیوای دڵە،پردی زەمانە؟

لە بستووگەی کەژی لای ڕۆژهەڵاتان
لەپڕ تاپۆیەکی ئارام و هێدی
بەرەو بژوێن و زەنوێر دێتە خوارێ
بە دینی ئارەزووی دڵ دێنەوە دی

کەما و مەندۆك و بیزا و هەڵز و شللێر
کەنێر و سوێسن و بەند و گیاخاو
بە تێکرا ڕادەمووسن خاکی بەر پێی
بە ئاونگ ڕادەماڵن تۆزی پێڵاو

لە نواڵەی بەرزەکۆدا تاوێ تاپۆ
وچان دەگرێ و دەکا سەیری وڵاتی
مەلی بیری بەرەو ڕابردوو دەفڕێ
بەرەو چیرۆکی پڕ هات و نەهاتی

لەنێو بێدەنگییا دەنگ هەڵدەهێنێ

"ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"
وتەی چەشنی چریکەی ئاسمانی
هیوایە بۆو دڵەی زار و زویرە

بە چاوی پڕ ئەوین و تاسە باری
بە وردبینی، بە ئارامی،بە مەندی
دەنۆڕێتە هەموو لایەك،بزەی دێ
لە ئاکام و دوایی بەرژەوەندی

لە لایەك نەونەمامی باخی ژینی
"گۆڤاری سروە"بۆی هاتۆتە بەرهەم
دەڵێ:خوایە هزاران جار شوکرت
نەبوومە رەنجەڕۆ ، نیمە چ بڕ خەم

لەلایەك سەوزەڵانی شیعرو پەخشان
بەرەو بووژانەوەو پێشکەوتە ئەمڕۆ
زەمەندی دڵڕفێنی مێرگی فەرهەنگ
پەناگەی مامزی خۆشڕەوتە ئەمڕۆ

لە لایەك زێدەی زێدە لە جاران
جوانە، خەمرەوێنە، تیشکی داوێ

لەبەرخۆوە دەڵێ هەر ئاوەدان بێ
هەوێنی شیعرەکانم، شیلان ئاوێ

لەلایەك رووگەی ئاواتی، مەهاباد
شەمی کۆڕی هونەر، هەر دڵ بەستێنە
مەکۆی دڵخۆشی ، مەڵبەندی وەفایە
هەتاوی شادی هێنە ، شەوڕمێنە

ڕەزامەندە لە گەشێ شاعیری پیر
کە خونچەی ئارەزووی خەملیوە ئەمڕۆ
بزەی دێ و چاو لە هەر لایە دەگێڕێ
دەڵێ خوایە شوکور ڕووناکە ئاسۆ

بەڵام داخی گران و سەد مەخابن
تەمەن کورتە گوڵی بژوێنی خۆشی
هەتاوی شادی و ئۆخژنی شاعیر
دەبێ ئاوا لە پشت کێوی پەرۆشی

لەپڕ هەورێکی زەردی ناحەزی تووش
لە دووری کەم کەمە سەر هەڵدەهێنێ
دەڵێی دێوەزمەیەکی گیان ستێنە

کە دێ شادی دەبا،ماتەم دەمێنێ

وچان ناگرێ ئیدی چیدیکە تاپۆ
بە خەمباری،بە چاوی پڕ لە ئەسرین
دەڕوا،ئێمە دەمێنین و تەمی زەرد
دەبێ خەم داگرین،ئەسرینێ بسڕین

بەڵی هێمن کە شین گێڕی شەهیدە
دەچێ تا بۆ هەڵەبجە شین بگێڕێ
دەچێتە شارەزور تا لالەکانی
بەفرمێسکی دوو چاوی خۆی بدێرێ

# شینی هێمن

سافییا! ئاوڕدەوە ، ئاوڕدەووە
کۆی بزوتی هەست و بیرم گڕدەوە

با بەرەو دەریای شیعری روون بچم
جا بسوتێم و بەرەو هەربوون بچم

گڕ لە گیانم بەردە بمکە ژیلەمۆ
تا بزانم چارەنووس بۆ وایە بۆ؟

هەر دەبێ دیلی شەوەی شەوگار بم
نابێ یەك دەم من لە خەم رزگاربم

وابزانم خەم لەگەڵ من هاتەدی
بۆیە تا ئەمڕۆ دەمێ خۆشیم نەدی

خەم وەها ئۆگر بە گیانی من بووە
رایەڵ و پۆی بوون و مانی من بووە

وەك جلەو مالۆچە خەم هالاوە لێم
رێی بزەو شادی ئەوین بەسراوە لێم

بڕ کەمردوی سیس و ژاکاوم ئەمن
دڕکی وشك بەردە سوتاوم ئەمن

ژینی وەك من سۆزی زریانی خەمە
مەرگە ، مەرگێکی درێژو کەم کەمە

ڕێم نییە تاوێکی ڕەگ ئاژۆ بکەم
هەر لەدەوری خۆم دەبێ خەم کۆ بکەم

*

ساقیا بێچارە خۆم، بیچارەخۆم
چاو لەدەست و چاوەڕێی ئیحسانی تۆم

تێکە بۆم ، بڕوانە کاروباری دڵ
سا بەگوێی  دڵ بژنەوە هاواری دڵ

دڵ مەلێکە باڵ شکاوی دەردەدار
بێ پەڕوپۆی، بێ هومێدی ، بیقەرار

چۆن بکەم باسی دڵ و هاواری دڵ

کوانیَ کیَ دیَت و دەبیَتە یاری دلّ؟

کوانیَ یاری دلّ ؟ ئەوی دیم هەو نەبوو
چاری شیَوانی دلّی من بەو نەبوو

"هر کسی ظن خود شد یار من"
"وز درون من نجست اسرار من"[41]

هەر کەسیَ دیَ بەندی دلّدەپەسیَنیَ لیَم
خویَن دەنوَشی و جامی دلّ دەشکیَنیَ لیَم

نایە تا باسی دلّی خەمبار کا
تیَدەکوَشیَ تا لە دلّ خەم بارکا

کەس نیە گوَیَ داتە هاواری دلّم
کەس نیە کەم کاتەوە باری دلّم

چوومە لای نەی دیم کە ئەو خوَی بیَدلّە
گەرچی بنچینەی دلّ و نەی هەر گلّە

---

41 – هی( مەولەوی)یە

بێدڵە نەی، بێدڵ و هاواری دڵ؟
بێدڵ و دەردی دڵ و ئەسراری دڵ؟

" مشنو از نی نالەش از بیدلی است
نالە بیدل یقین بی حصلی است

مشنو از نی ، نی نوای بینواست
بشنو از دل، دل حریم کبریاست"[42]

هەر دڵەو ئاگای لە حاڵی دڵ هەیە
هەر دڵەو ڕێگای بە ماڵی دڵ هەیە
*

ساقیا! نازدارەکەم!دڵدارەکەم!
ئاشنای ڕۆژی ڕەش و شەوگارەکەم

ئاسکی دڵ ناسکی خۆش ڕەوتی من!
گوێ بدە دەردی دڵی نەسرەوتی من

تۆ بە دەردم ئاشنای دڵناسکەم
ئاشنای ئاوات و هیوا و تاسەکەم

---

[42]–هی خوالێخۆشبوو مامۆستا(مەلا عیسا مەددینی شافعی)یە

"اًشنا داندصای اًشنا
اًری اًری جان فدای اًشنا" [43]

سەردەمێکی ئەم دڵەم پڕ تین بوو
جێی پەرەستین و ئەوین و ژین بوو

ئێستیَ بۆتە دیلی شەمزان و کەسەر
چۆن دەتوانیَ خاوەنی ژین باتەسەر

کوێرە ئەستێرەم لەبەر تیشکی هەتاو
وشکە سوێمە، سوێم نەما بۆ چۆڕیَ ئاو

خێرخوایەك  کە کوا بە جامیَ ئاوی روون
ئەم هەلەش بمداتەوە مەودای بوون

تا بخولقێنم دوایین شینی دڵ
وێکی نێم ئەمجا کتێبی ژینی دڵ
*
ساقیا رووم تێکەوە، رووم تێکەوە

[43] هی (مەولوی)یە

**با بگێڕین گەرمەشێنێ پێکەوە**

**باوەفاکانم کوان؟ ئیستێ لە کوێن؟**
**تا بکەین سۆرانی شین و مل بە کوێن**

**تا بە سەرداکەین خم و خۆ نێینە هەش**
**چونکە ئاوابوو لە ئێمە ڕۆژی گەش**

**تێك درا، خاپوور کرا رووگەی ئەوین**
**شادی ئاوابوو لە بستووگەی ئەوین**
*****

**ساقیا بۆم تێکە بادەی ئاگرین**
**سەیرە دارو بەرد لەگەڵ من ناگرین**

**من لە ژێر دارێکی رووتی بێ گەڵاْم**
**بێ ئومێدم، ئیستێ ئامانجی بەڵاْم**

**کوانێ"هێمن" تا بەشیعری ئاگرین**
**تین بدا ئاورگی کووژاوەی ئەوین**

**داخەکەم"هێمن" نەما،"هێمن"نەما**

شووشەی ئاواتم شکا،پشتم چەما

شاعیری ئۆگر بە هەڵدێر و کەلان
هاودەمی لێڕ و کەژ و دوند و تەلان

ئاشقی شەوبا و شەو، بۆ شەو گەڕی
ژینی پێوا تا گەیشتە ئەوپەڕی

کۆچی کردو ڕۆژی ڕەش بۆ ئێمە ما
ئەو نەما، هیوا نەما،خۆشی نەما

چۆلبڕی دەشتی ڕەقەن خۆی ڕاشەکاند
تۆزی ماندوویی بە یەکجاری تەکاند

ئاخۆ ئێستێ هەڵز و بیزا و کەما
چۆن دەگێڕن شین لە بستوو و ئەستەما؟

ئێستێ مەندۆك و گیاخاو و کەنێر
سوێسن و بەیبوون و شەوبۆ و شلێر

سیس و ژاکاون کە خاڵی بوو هەوار

تێکشکا ئەستوندەکی تاوڵ و دەوار

تازە کوا ئێوارەپاییز لێڕ و کێو
زەردەیان بۆ زەردەیەکی دێتە لێو؟

یا لە دارستان کە مانگ هەڵدێ لە سوێ
کوا لە مەل"ناڵەی جودایی"دێتە گوێ؟

"سووڕی دەوران"ە کە ئێمەی تێکشکاند
داخی یارانە کە جەرگی مەی چزاند

ڕەمزی بوونم"سروە"یەکە جاروبار
دێت و بۆم دێنێ بەرام و بۆنی یار

*

خاکی ڕەش میوانی تۆیە"هێمن"م
ئەو کەسەی نووزەی بە ئاستەم دێ منم

وا خەریکم شین دەگێڕم ڕۆژ و شەو
لێم حەرامە پاشی "هێمن"خورد و خەو

قەدری بگرە،توند لە ئامێزی گرە
"هێمن"ە و پاشی نەمانیش دڵگرە

کۆچی دوایی کرد شکاندی پشتمان
مات و ڕەشپۆشین ئەوێستیٚ گشتمان

ئارەزوومە گیان لە لەش ئازاد کەم
بێمە لای و خزمەتی ئوستاد کەم

باوەفام و سپڵە نیم ئوستادمە
بۆیە دایم هەر لە بیر و یادمە

تابزانیٚ هەر وەفادارم ئەمن
لێرە بیٚ و لێرە نەبیٚ یارم ئەمن

بۆ منیش جێیەکی ڕابگرە لە لای
دێمە لای و دێمە لای و دێمە لای

## نەورۆزو نازیٚ[44]

هونەر دنیایەکی خۆش و بەرینە
زەمەندی سانەوەی ڕێبواری ژینە
لەپەیوەندی ژیانی دوو هونەروەرژ
وەرە دەنگدانەوەی شادی ببینە
*
شەوی پەیوەندی نەورۆزو گوڵی ناز
لەئاسمانیٚ پەری لیٚماندەکەن گاز
دەڵێن هەستن سەماکەن، شادی بێنن
کە دنیا بۆ هەمووومان بۆتە دڵخواز
*
بەهاران گولٚ لە هەر لایەکی دەڕویٚ
لەپەیوەندی گولاٚنە خۆشی دەنگویٚ
موبارەك بیٚ لە" نەورۆز" و " نازیٚ"
گزنگی بەرەبەیانی ژینیٚکی نویٚ

[44]–ئەم شیعرە بەبۆنەی زەماوەندی دوو ناسیاوی هونەرمەندی شاعیر"نەورۆز" و " نازیٚ" وتراوەو پیٚشکەشیانکراوە

# ئالان[45]

"ئالان"ە گوڵی جوان و سوورم
ئەی پەیکەری سوێسنی بلورم

بۆن خۆشی و مەندو دڵڕفێنی
بۆ شیعری جوانی دڵ، هەوێنی

ئاواتمە هەر بژی بەخۆشی
هەر دوور بێ لە تووشی و پەرۆشی

دایکت گوڵ و تۆ پەپولە، من شەم
ئێوە بە تەواوی"تورکۆ" نادەم

"سروە" وەکو تۆ گوڵێکی جوانە
بێوێنە، نازە، خانومانە

ئاگات لە" زەمەند"و خوشکی خۆت بێ
هەر دایکەو خوشکە بۆ تۆ دەمرێ

فینلاند– تورکۆ

[45]– کوڕی شاعیرە

# ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت

ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت
دەوەرە لەو شەرابە مەستم کە
وەرە تاویٚ بە جامیٚ بادەی ئاڵ
چاری دەردی دڵی بەهەستم کە
*
وەرە بۆم تێکە تا لە سایەی مەی
خەمی ژینم وەلانێم تاویٚ
بێکەس و دڵخەمین و ئاوارەم
وەرە تیشکی بزەم لە دڵ باویٚ
*
وەك دەڵێن ئاوی ژینە بادەو مەی
رەمزی شادی و لەخەم رەهابوونە
تێکشکانی تەلیسمە مەینۆشین
روو وە زەنوێری ئارەزوو چوونە
*
جامی جەم،جامی بادەیە مەیگێڕ
وەرە لێوانی کە و بدە دەستم
با لە شوێنیٚ کە دڵ هەمووی بەردە

بە خەیاڵیش بێ بێتە دی قەستم
*
با بە ڕوانینی جامی جەم تاوێ
سەیری بژوێنی نیشتیمانم کەم
بابمرکێ کوڵی دڵی بەسوێم
گڵێ وەسەر ژیلەمۆی خەمانم کەم
*
بیری یاران و خۆشەویستانم
پیری کردم لەدووره زێدیدا
پەلەقاژەی دەکەم بەبێ هودە
من لە گێژاوی ناهومێدیدا
*
ئاخۆ ئێستێ کوڕانی شیعرو ئەدەب
دەبێ چ بکەن لە کۆڕی هۆزنا؟
دەبێ ئێستی چلۆن بژین و باژوێن
گەلی یارانی دڵگرو زانا ؟
*
ئاخۆ" سیید"[46] سەرۆك و ئازیزم
پیری چازان و شاعیری لیزان
ئێستێ چۆنە ودەچێتە جێژوانان؟

[46]–خوالیخۆشبوو سەید قادر سەیادەت

بۆ کچی جوان قەشمەری هۆزان؟

*

شاعیرو توێژەری بلیمەتی کورد

"برڕەك"[47]ی خۆشەویست و چازانم

چ دەکا؟چی بەدەستەوە ئێستا؟

چۆن دەژی لەو ولاّتە نازانم!

*

دەبێ چ بکا لەگەڵ پەری شیعرا

"ئالی"[48]ئەو شاعیرەی بەسۆز و هەست

قافڵەی شیعری هەر لە رێدایە؟

شیعرەکەی هەر پیاو دەکا سەرمەست؟

*

"کاکەئەحمەد"[49]بە ڕانك و چۆغەی شین

وەك چەلان قۆزە؟چی لە باراندا؟

بەیت و باوانی هەر لە گەڕدایە؟

هەر شەممە ئەو لە کۆڕی یاراندا؟

*

"حاجی قادر"[50]ئەدی دەبێ چ بکا؟

---

[47]– کاك عبیدوڵلاّ ئەیوبیان

[48]– کاك عەزیز ئالی

[49]- کاك ئەحمەد بەحری

ئاخۆ ئێستێش لە کۆشك و تەلارە ؟
نان و چێشتی وەکو چەلان خۆشە؟
هەر لە "تەخمیس"ێدا گرفتارە؟
*
هەر بەکارە لە ڕەخنە گرتندا
نووکی پێنووسی کاکە "مەنسوور"م[51]؟
گەلێ تاسووخی ڕەخنەکانی ئەوم
سەد مەخابن لە مێژە لێی دوورم
*
شاعیری خۆشەویست و خوێن شیرین
"هەڵوەدا"[52]،کانیی دووگ و پیو و بەز
ئێستێ چۆنە لەگەڵ قەل و مامر
هەڵوەدا ماوە هەر بە شوێن "کاغەز"؟
*
ئەدی "سووتاو"ی[53] زۆبڵێی ئازیز
هەر گرفتاری گۆم و گەنداوە؟
شاعیری ژیکەڵە و سمێڵ بابڕ

---

[50]– حاجی قادرقادری (هیوا)
[51]– کاک مەنسوور حامیدی
[52]– کاک ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی
[53]– کاک ڕەسوڵ کەریمی

ئاخۆ هاواری خۆی لە بیر ماوە؟
*
کاکە" ڕێبوار"[54]هومێدی شیعر و ئەدەب
ئێستێ چۆنە لە نێو تەلیسمی "شین"؟
هەر لە شین دوور و هەر لەگەڵ شین بێ
ئەسپی تاو دا لە گۆڕەپانی ژین
*
کاك"شەریف"[55]شاعیری بە هەستی ژیر
دەبێ مەیلی منی لەدڵ مابێ؟
دڵنیام سەد ئەوەندە لێك دوور بین
هەر وەفادارە،بێ وەفا نابێ
*
"هەڵۆ"[56] بای باڵی خۆی دەدا ئێستا؟
یا نە هەر وا لە نێو ڕکەی بەندە
کوا دەزانێ ئەسیری سووچی ژین
جێی هەڵۆی دوندی بەرزی سامڕەندە
*
کاك"کەریم"[57]چۆنە؟ئاخۆ وەك جاران

---

54–کاکعەلی ئیسماعیل زادە
55–کاك شەریف حوسەین پەناهی
56–کاك قاسم موئەییدزادە

لە هەواری خەیاڵی خۆشی ونە ؟
خۆزگە دەیزانی نووسەری هێژا
وەکو ڕابردوو خۆشەویستی منە
*
ئاخۆ "ڕزگار"ی[58] باوەفای ئازیز
قەت بەدەگمەن دەکا لە من یادێ
خۆزگە دەمزانی کاکی خۆشناوم
نایە بۆ لای منی غەریب یادێ؟!
*
"خولە کرمانج "ی[59] قەڵس و توڕەی من
قەرزەکانی بڵێی لە بیر مابێ؟
تۆ بڵێی نووسەری قەڵەم نەخشین
قەڵەمی تیژی هەر لە گەڕدا بێ
*
"کاک سەلاح"ی[60] بەڕێز و دڵسۆزم
یادگاری بەنرخی مام هێمن

---

57– کاک کەریم قەیومی
58– کاک رزکار خۆشناو
59– کاک مەحمود شکاک نەژاد
60– خودالێخیۆشبوو کاک سەلاحی شێخەلئیسلامی کوڕی مامۆستا هێمن

دەبێ چۆن بێ؟لە مێژەە لێی دورم
سەنگەسیران دەخوا ئەرێ بێ من؟
*
کاک"حوسێن"ی[61] بەڕێز ومەندو ژیر
کە خودا لە بۆ مە رایبگرێ
کوا لە کوێیە کە بێ و بکاتەوە
لە دڵی پڕ خەمم هەزار گرێ
*
"یوسف" [62]خزمی خزمەکەم چۆنە؟
نووسراوەی دڵان دەبووژێنی؟
نووسەری لاوی شارەکەی ئێمە
لاپەڕەی "سروە"هەر دەنەخشێنێ؟
*
کاک"کەماڵ"[63]چۆنە؟چۆنی ڕادەبرێ؟
وەکو ڕابردوو کانیی هیوایە ؟
کێشەکەی دوایی هات لەگەڵ کێشا؟
یانە هەر کێشی دێ و لە بن نایە؟
*

---

61-کاک حوسێن مەرجانی
62–کاک یۆسف فازڵی
63–کاک کەماڵ خزرپوور

کاکە"جەعفەر"[64] لەگەڵ وەزن چی کرد؟
سووکی کردووەوە لە کۆڵی ئەو بارە؟
لاوی زانا و مەند و خوێن شیرین
ئێستێ هەر بۆ"شەریف"ی[65] من یارە؟
*
دەبێ هاواڵی ڕۆژی تەنگانە
کاک"خالید"ی[66] یەك دڵ و یەك گیان
هەر بە کەیفە و بزەی لە سەر لێوە
.....................................
*
ساقییا دەستی من بە دامانت
چاری من ناکا جامی سەرڕێژم
بگرە پیلم لە کووپەم هەڵکێشە
خوایە،بەشکەم بەوەی بکەی گێژم
*

تا بە گێژی و...

---

[64]–کاك جەعفەر ڕەشادەت
[65]–کاك شەریف حوسێن پەناهی
[66]–کاك خالید محەمەدئەمینی.

*

# وردەواڵە

ئەی لەسەرتاکو پێ بوتی زێڕن!
بۆچی ئاگر دەدەی لە ژینی من؟
جوان و بۆن خۆش ودڵڕەفێن و گەشی
خۆزگە دەمزانی تۆ گوڵی یا ژن؟
*

بە خۆم گوت با لە سووچێك دابنیشم
وەکو بەردێك،بە ئارامی و نهێنی
کەچی دیتم کە بۆم ناگونجێ ئاوا
ئەتۆ بەردی گرانیش وە قسە دێنێ
*

کیژێ!بەدبەختی من لە تۆ ڕایە
خۆزگە لە هەوەڵ تۆم نەدیبایە
ژینی پەڕی کا و هێرشی بایە
*

چاوەکانم ! دەردی دووری تۆ لە دڵما بۆتە خەم،
من لە سویی تۆ گیانەکانم، جا چۆن بەسەر خۆما نەدەم؟

یا ئەتۆ لوتفت هەبێ رۆژێك سەرێ لێرە بدە!

یا ئیجازەم پێبدە من بێم سەرێکت لێبدەم!

*

دەرکی دی زۆرە ئەگەر بمەوێ ڕوویان تێکەم

ڕوو لە هەر کوێیە بکەم غەیری تۆ ماڵم شێوێ

دەرکی تۆ دەرکی هومێدی منە هەر وەك جاران

دەرکەتم لێ وەکەوە،ڕێم بدە بێمە تێوێ

*

ئەم ئەنجومەنە سەوزەیە،زەنوێرە،زەمەندە[67]

فی حفلتنا تنجلی انوار السماوات

کهلیك سسنن گول اچلبدوور بو چمندە

هر گوشە نشاط است و شەغلە شدە مات

*

شیخ ما کاری ندارد جز نشکم![68]

پارو دادەگری چ پارو؟ وەك کەلەم!

بیر بلە اولآفنن مندە اشیت:

شیخنا احسن من الشیخ العجم

---

67–ئەو دوو دێڕە بۆ"ئەنجومەنی ئەدەبیی

مەهاباد" گوتراوە کە هەر نیوە دێوەڕێك بە زمانێکە .

68– ئەم دوو دێڕە بۆ حاجی سەید ئەنوەری هاشمی بە چوار زمان دانر

*

کێوەکان پێکەوەن کەچی تەنیان

وەکوئیمە کە پێکەوە و تەنیاین[69]

*

دینی تۆ بە بای هەموو بەرهەمی دینم

زۆر سەیرە کە بۆ دینێکی دی ئێستێکە دینم

*

نە لە زێدم هەیە جێگەی ژینێك

نە لە خاکی دەرەوە پەرژینێك

*

ئەتۆ پێت وانەبێ هەر خۆت لەپێشی

کەچی نازانی باری کێ دەکێشی؟

*

[69]–ئەم دوو دێڕە وەرگێڕراوی ئەم شیعرەی ئەحمەد شاملووی شاعیری ناوداری فارسە

کوها باهمندو تنهایند همچوما با همان تنهایان

# تێهەڵکێش

گوێبگرە بۆ هەژاری
باسێك لە کوردەواری
ڕۆژێك کچان، نەشمیلان
"دەستەی دەسماڵ تەنزیلان"[70]

چەپکە گوڵێکی رەنگین
کەژی و کەژاڵ و شیرین
پەری و رووناك و شیلان
" سازبوون بچن بۆ دیلان"[71]

لەپڕ دەنگێك لەدوور هات
" بەدبەختی بەپێی فیلان"[72]
" دیلان نابێ بۆ دیلان"[73]

تاران، 1340(1961)

---

70– لەگەڵ مامۆستا هیمن
71– لەگەڵ مامۆستا هیمن
72– فۆلکلۆر
73– لەگەڵ مامۆستا هیمن

# چوارینه

دەمیٚ کۆ نیوە شەو هەڵدیٚ لە دەم کۆ
بە کۆ ئەمرین لە چاوم دیٚ سوێی تۆ
دەمت بێنە دەمیٚ بۆ دەم دەمانیٚ
مەهێڵە خەم لە دەوری من ببیٚ کۆ
* * * *

خوێن ئەگەر بڕژیٚ لەسەر تا پێمەوە هێشتا دەڵێم:
کوردم و کۆڵنادەم دوژمن لە خاکم دەردەکەم
چت لە دەست دی بکە ئەی دوژمنی بەدفەر! کە من
یا دەکوژرێم یا کەلاکی پیسی تۆ سەنگەر دەکەم
* * * *

لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
رەوەی هەورم لە ژێر پێدا بەدیکرد
تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام شاگەشکەو خەنیکرد
* * * *

## چوارینە

حاڵەتێکی کە دوو چاوت هەیەتی
ئەمن خستۆتە نێو گێژی خەیاڵ
گێژدەدەم، سوڕێ دەخۆم ناسرەوم
بوومە بابردەڵەو دیلی شەماڵ
* * * *

چاوەکەت سیحرە، تەلیسمە،رەمزە
چۆن دەتوانم کە لە حاندی نەبەزم
رازی هەرمانەو ئارامیدەرە
شادییە بۆ دڵ و گیانی وەڕەزم
* * * *

لێوەکەت کانی ژیانە، جوان
بە بزە دین و دڵم دەرفێنێ
بۆ  وتە کاتێ دەپشکوێ وەك گوڵ
خەم لە رووبەرگی ژیان نامێنێ
* * * *

تۆ وێنوسی، پەری ، ئاواتی دڵی
جوانترین شیعری خودای رووناکی
گڕی نێو تاریکی شەوگاری رەشی
خوازنی جوانی و چاکی و پاکی
* * * *

## چوارینە

چاوم بە تۆ کەوت و تاوڵی ژین ڕما
تۆ بیرەوەریی ئەوینی مردوومی چما؟
تۆم دیت و نەما هێز وبڕستم،هەبەسام
وەك کەشتی کە گیرابێ لە نێو بەندی لما

*

تۆ ئاگری سووتێنەری، دڵخوازی منی!
ئارامیدەری دڵی منی، ڕازی منی !
چاوت گوڵ ولێوت گوڵ و بەژنت هەر گوڵ،
گوڵخوازم و تۆش گوڵی، گوڵی نازی منی!

*

ناپرسی لە من کە بۆچی ڕەنگم زەردە؟
نەتدی لە سەر ئەم دوو لێوە زەردە،زەردە
ژین ڕۆیی و پێم ناوەتە سەر لێوی گۆڕ
پاییزە،گەیشتە دەمی بستوو زەردە

*

ئاواتی منە ژیانی بێ تووشی دەمێ
دڵخوازی دڵە ماچی دەمی خونچە دەمێ
کوا یاری دڵ ئەستێن و شەو و شیعر و شەراب
ئەو خۆشی بە من بدا،منیش گیانی دەمێ

*

پێمخۆشە لەگەڵ تۆ ئاشنابم،نابم
بۆ تۆ و ئەوینی تۆ فەنابم ،نابم
چت دیوە لە من لە  خۆوە هەر دوژمنمی؟
من دۆستم و بۆ دوژمنی نابم،نابم
*
کەوتوومەتە نێو گێژێ زرێی مان و نەمان
بۆ مانەوە پێم ناوەتە رێی مان و نەمان
هەوڵ وتەقەلام هەر پەلەقاژەی ژینە
ئاخۆ دەگەڕێ بە کامی من سووڕی زەمان؟
*
ژینی منی ئاوارە هەمووی شێوانە
جامی  تەمەنم لە ژەهری خەم لێوانە
هەر دێت ونزیکتر دەبێ  لێم تاپۆی مەرگ
هاوارە لە من ،موویەکمان نێوانە
*
دووریی تۆ گڕی هەزار خەمی خستە دڵم
لێم کەوتۆتە نێو گرێی هەزار ڕستە دڵم
تەندووری خەمت بۆ دڵەکەم گرفەی دێ
تۆ خۆش بی ئەگەر کەوتۆتە سەر بستی دڵم

*

# چوارینە

زەمەندی عیشقی من کوا شینە بێ تۆ؟
هەناسەم ساردو دڵ خەمگینە بێ تۆ
ڕەشە ڕۆژم لە چەشنی چاوەکانت
هەتاوی بەختەکەم بێتینە بێ تۆ

*

دەمێك ئاو، دەمێك ئاوم بەبێ تۆ
مەلی هێلانەم سوتاوم بێ تۆ
سەرم سوڕماوە ئەی سروەی بەهاران
هەتا ئەمڕۆ چلۆن ماوم بەبێ تۆ؟

*

گڕی، نوری، بتاوێنی، بەتینی
گوڵی بۆن خۆش و جوان و ئاگرینی
بڵێ ئەی ئاخرین هیوا لەبەرچی
وەها شێواو و شەمزاو و خەمینی؟

*

لە بادەی چاوی تۆ من مەستی مەستم
خودا کردە کەوا جوانی پەرستم
کەمێکی دی لە چاوانم بنۆڕە
بلا ببزوێنێ هۆش و بیرو هەستم

*

ئەتۆ پاك و بەتینی چەشنی پۆلوو
خەیالاْوی لە گوێن عیشقی لەدەسچوو
من و تۆیان لە یەك كرد دووزمانان
خودایە! ماڵی شێوی دۆستی دووڕوو
*

لەچاویدا خەمانی كۆ كراوە
بەروویدا دەركی هیوا داخراوە
نەماوە، پەیكەرێكە جوان و بێگیان
ڤینۆسێكە لە سووچێك ڕۆنراوە
*

لە من هاوارو ڕۆیە تۆم لەدەسچووی
وەكو ئەستێرەی ئاوا بوو لە بستووی
بەدڵ من تۆم دەوێ وەك شیعرەكانم
كەچی بۆ من لە گوێن هەڵبەستی ونبووی
*

لەگەڵ بیری ئەوینت ئۆگرم من
لەنێو خۆما دەسووتێم ، ئاگرم من
چەما پشتم لە ژێر باری خەمی تۆ
گوڵم! ئەم بارە تاكەی هەڵگرم من؟
*

بەهارەو کوردەواری خەم ڕەوێنە
کەژ و لاپاڵ و نواڵە دڵڕەفێنە
بە سروە گەڵ هەموو خەملیوە ئەمڕۆ
بەهاری من!ئەتۆش چاوان هەڵێنە
*
ئەگەر شێتی کچێکی چاو کەژاڵم
مەکەن لۆمەم، مەڵێن خاوە خەیاڵم
تەوژمی با گەڵی ژینی ڕفاندووم
ئەویشم بۆ نەمێنێ وەی بە حاڵم
*
وشەی تۆ جوانترین شیعری خودایە
قسەت ، ماچت،بزەت بۆ من ڕەوایە
لەئاستی من دەبێتە شیعری شەیتان
جوانیێ!کوانێ شەرتی یاری وایە؟
*
بەهاری ئێمە دێ و خونچە دەخەملێن
دەرو دەشت و چیا گشتی دەڕەنگێن
لەگەڵ یاری بەتاسەی دوورەزێدم
دەچینە سەیری نواڵە و مێرگ و بژوێن
*
ئەوا زستانە بەندی بەندی بەندم

نەماوە پێکەنین و قام و بەندم
بەجێت هێشتم لە داوی بەند و باوا
کەچی دەتگوت : لەبەر تۆ لێرە بەندم
*
ئەوا نەورۆزە خەملیوە کەژ و کێو
ئەتۆ پێتوایە من چۆنم بەبێ تۆ؟
خەمینم، لێو بەبارم، دڵ شکاوم
لەناخی جەرگ و دڵ هەڵدەستێ بۆسۆ
*
وەکو کوێستانی تەم گرتوی وڵاتم
لە شەوگاری خەما داماو و ماتم
بەڵام نوری هومێدم هەر لە دڵدا
هەتا هەم چاوەڕوانی رۆژهەڵاتم
*
مەڵێ چۆن بووم و ئێستێ بۆچی ئاوام؟
مەڵێ بۆچی لەگەڵ یاران نەهاوام؟
دڵم پڕ بوو بە داواو پرسیاران
نەجوابم بوو، نە کەس گوێیدا بە داوام
*
پەژارە و خەسڵەتی هاواڵی رێمن
بەرەو هەرکوێ دەچم کۆڵێکە پێمن

بەتەنیا هۆی ژیانی من گوڵێکە
کە جوان و ناسکە وەك شیعری هێمن
*
بە تەنیا مامەوە وەك دوورەئادە
وەرە تاوێك خەمی ژینم بە بادە
لەنێو جامی مەیا ڕووی تۆم بەدی کرد
کەفرمێسکم تکا نێو جامی بادە
*
دەمیٚ کۆ نیوەشەو هەڵدیٚ لە دەم کۆ
بەکۆ ئەسرین لە چاوم دیٚ لە سوێی تۆ
دەمت بێنە دەمیٚ بۆ دەم دەمانیٚ
مەهێڵە خەم لە دەوری من ببیٚ کۆ
*
خوێن ئەگەر بڕژیٚ لەسەر تا پێمەوە هێشتا دەڵێم:
کوردم و کۆڵنادەم و دوژمن لە  خاکم دەردەکەم
چت لە دەستی دیٚ بکە ئەی دوژمنی بەدفەڕ! کەمن
یا دەکوژرێم یا کەلاکی پیسی تۆ سەنگەر دەکەنم
*
"زەمەند"م مۆسیقای خۆشی ئەوینە
گوڵی بۆن خۆش و جوان و ئاورینە
دوانی هەروەکو قاسپەی کەوانە

بزەی زەمەند و دڵ ئەستێن و بەتینە
*

حاڵەتێکی  کە دوو چاوت  هەیتی
ئەمنی خستۆتە نێو گێژی خەیاڵ
گێژ دەدەم، سووڕێ دەخۆم ناسرەوم
بوومە بابردەڵە و دیلی شەمڵ
*

چاوەکەت سێحرە،تەلیسمە،ڕەمزە
چۆن دەتوانم کە لە حاندی نەبەزم
ڕازی هەرمانەو ئارامیدەرە
شادییە بۆ دڵ و گیانی وەڕەزم
*

لێوەکەت کانیی ژیانە،جوانە
بە بزە دین و دڵم دەڕفێنێ
بۆ وتە کاتێ دەپشکوێ وەك گوڵ
خەم لە ڕووبەرگی ژیان نامێنێ
*

تۆ ڤینۆسی ،پەری، ئاواتی دڵی
جوانترین شیعری خوادی روناکی
گڕی نێو تاریکی شەوگاری رەشی
خوا ژنی جوانی و چاکی و پاکی

## چوارینە

" زەمەند"م مۆسیقای خۆشی ئەوینە
کوڵی بۆن خۆش و جوان و ئاورینە
دوانی هەر وەکو قاسپەی کەوانە
بزەی مەند دڵ و دڵ ئەستێن و بەتینە

تورکیا، چۆروم
1990/10/6

## تاک

ئەتۆ پێتوانەبێ هەر خۆت لە پێشی
کەچی نازانی باری کێ دەکێشی؟

# بەشی دووەم

# شیعرە نوێکان

# جەللاد[74]

وەرە جەللاد

وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکو بزانی چۆنە

ئیمانم،

ئەتۆ جەللاد !

ئەگەر دەربێنی ئێسکانم،

ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم،

بەوەڵڵاهی،

بە خاکی پاکی کوردستان،

ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم...

وەرە جەللاد !

وەرە ئەی خوێنمژی بەدکار!

دەتوانی بیخەیە ئەستۆم گوریسی دار

ئەوە شانازیە بۆ من،

---

74–یەکەمین شعری نوییە لە کودستانی رۆژهەڵات

بەوە ناکوژێ ئیمانم، ئەوە سەربەرزییە بۆ من...
وەرە جەللاد!
وەرە ئەی دوژمن، ئەی بێداد!
لەبەرچی مەعتەڵی، ئەی بۆچی نامکوژی؟
بەزیندویی لە گۆڕا بۆچی نامنێژی؟
قەسەم بەم کۆت و زنجیرە،
بە هەرچی دیل و بەخسیرە،
بەئاواتم،
بە ئیمانم،
بە ئامانجم،
بە پەیمانم،
بەخوێنی پاکی ئەو کوردەی لەریی ئاواتی کوژراوە،
قەسەم بەم خاکە خوێنینە،
قەسەم بەم ژینە شێواوە،
ئەگەر دەربێنی چاوانم،
ئەگەر بشکێنی ئێسکانم،
بەوەڵڵاهی،
بەخاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم، قەتیش ناڵێم پەشیمانم....

تاران،1338(1959)

## بۆمباران[75]

شەوێکی بێدەنگ،
تاریك، شەوەزەنگ،
بە بەهارە شەو،
درەنگ، کاتی خەو،
دێ دامرکابوو...

جارجار قرەی قەل،
لە بنەی داروباخ
یا دەنگی گوندێك،
لەلای شاخ و داخ،
یا لوورەی گورگێك،
لەلای تەل و گرد
بێدەنگیی دێیان لەنێو لادەبرد....

جارجار دوو لك دار،
هەر وەك دوو دڵدار،

75– لەساڵی1338 لە ڕۆژنامەی (کوردستان) لەتاران بۆوکراوەتەوە

سەریان وێك دێنا، سرتەیان دەكرد...
پاش تاوێكی دی،
گەڵایەكی دی،
دەكەوت و دەمرد...

بای پیرە شەماڵ خەمی دەپرژاند،
دڵی دەبرژاند،
شەمی سەر گۆڕی مردوی دەكوژاند....

شەوبوو،
ماتەم بوو،
دێوی شەو دەهات،
بزەی دەكوشت و خەمی جێدەهێشت....
ئاسمانی رەش،
لە چوارچیوەی گوند، تەمی دادەبیشت....
لەناكاو خەمی واهی و خەیاڵی
لە دێ وەدی هات...
لەباوەشی دایك، مرد كۆرپەی ئاوات.....
وەك رێژنە باران،
گوللە و بۆمباران،
بۆسەر دێ دەهات.....

سبەینێ نە دێ، نە ئاوەدانی،

نەژن، نە پیاو، نەیاخ،نەکانی،

هیچ نەمابوو.....

بەڵام لە دۆڵێك،

لەنێو دوو كێوان،

گۆڕستانێ بوو پڕ شین و ماتەم....

خودای تەم و خەم،

دەهات و پڕ مشت،

خەمی لێ دەڕشت......

تاران،1338(1959)

## کەژاڵێ

کەژاڵەکەم!

خەیاڵەکەم!

هەزار هێندە رابرێ،

هێشتێ هەر خەیاڵی تۆ هەوێنی بەستەکانمە....

بیری خۆشی نازو خەمزەکەت هومێدی نێو ژیانمە...

گەرمەلانی گیانەکەم،

جوانەکەم!

چاوەڕێی دوو کۆتری جوانی چاوتە...

دڵم کە ئۆگری خەیاڵی پووچ و خاوتە،

هەر بە ئارەزووی تۆ لێدەدا...

ژیانەکەم!

بەرخە کۆرپەلەی لەدوای مێگەلانەکەم!

هیچ لە بیرتە گوتت کە ئەوپەڕی ژیانمی،

ستێری ئاسمانی،

شەماڵی بەربەیانمی؟

گوڵم!

دڵم!

لەبیرتە خەیاڵمان ئەڕۆیی بۆ هەواری ئارەزوو...؟

لەژێر نم نمی وەفا،

بزەی دەهاتە سەردەمی،

گوڵی بەهاری ئارەزوو....؟

ئەوێستێ بیری تۆ لە چەشنی دەرکەیەك،

ڕێی هەڵاتنم وەبەر دەنێ،

لەداوی خەم،

لەچنگی مردنێ...

خۆشەویستەکەم!

خۆفریوئەدەم...

خۆفریوئەدەم، بەئارەزوی تۆ مەست ئەبم...

ئاخ...چ خۆشە مەستییەکی وا،

لە بۆ لەبیربردنێ،

لەبۆ لەبیرکردنێ...

تاران،1340(1961)

# خەونی ناخۆش

لە نێو تاریكییا، تاپۆ
بە ئەسپایی خزی،ونبوو
لە دووریی چۆمی نێو مێشە
سروودی مەرگی دەس پێكرد
لە ئاسۆ تاقە یەك ئەستێرە جێ مابوو
ئەویش مرد..

لە ڕێوە تارمایی،
بەرەو من هات
گەیشتە من ئەسپایی گوتی:
– هەڵێ...بۆ قوشقی ماوی؟
خەیاڵاوی،
هەموو دنیا لەبەر چاوم دەسووڕا
لە پڕڕا،
بە گوێی خۆم بیستم و هێزی دڵم مرد...
لە ماشێنێك،
دە،بیس كەس هاتنە خوار
هرووژمیان كردمێ و دەنگێكی ناخۆش
بە ئەزمانێكی دیكە تێی خوڕیم:

–زوو بن...ئەمەش کوردە

شەو و تاریکی و خەم بوو
سروودی مەرگ و ماتەم بوو
منی کەم بوو...
منیش هاتم...

لە ترسان ڕاپەڕیم،هەستام
شەوی کاس،
ڕەشیی ئاسۆ،
خەمی زۆر،
لە پشت دیوارێکی بەرزا،
تە قەو سمکۆڵ و حیلەی جوانوویەکی تۆڕ،
کە دەیویست دەرك و دیواری هەموو تێکدا،
هەڵێ،
ڕاکا،
هەموو مابوون
بە هیوای ڕۆژێکی ڕووناك و خەونی خۆش و دڵشادی

مەهاباد –

1341(1962)

## پرسیار

لەنێو ئەو گشتە ستێرانە کە تۆ دەیبینی،
تاکە یەك ئەستێرە،
هۆی ژیانی من بوو....
داخەکەم، لێم ونبوو....
خۆشەویستم! هاورێم!
پێمبڵێ لێی بگەرێم؟
یا بڕۆم لێی بگەڕێم...؟

مەهاباد،1342(1963)

## خۆفرۆش

هەر کاتە جییەك،
هەردەم لە شوێنێك،
هەر شەو بە مەستی،
میوانی نوێنێك...

بێکەس و تەنیا
دیلی داوی خەم،
ڕۆژگاری شەگار
ئۆگری ماتەم

بەرەو نەهاتی
دەچێتە پێشێ
تاوانبار نیە
تاوان دەکێشێ

تریفەی مانگە
لەنێو کەلاوان
شەمامەی جوانە
بۆ دەستی لاوان

جامی ژیانە
بەڵام شکاوە
تازە یەك بگرێ؟
خەیاڵی خاوە....

ڕۆژێ دەیبینی
گوڵێك پەڕپەڕبوو
یەك بە یەك دەڵێ:
ئەویش لەدەسچوو

تاران، 1342(1963)

# ئاواتی مردوو

لەنیو ئاسمانی ژینی لەدەسچوو،
ئەستێرەی ئاوات،
چەن شەوێك هەڵات...
ئەوێستێ من و بیری رابردوو،
داخوا کەی دیسان وەدی بێتەوە
ئاواتی مردوو...

زیندانی قزقەڵا،1343(1964)

# خەیاڵ

خەیاڵێك بوو...
وتم: با چارەنوسم،
-چارەنوسێکی کە دایانناوە بۆ من باب و باپیرم-
بگۆڕم،
تێکیدەم،
لایبەم....

خەیاڵێك بوو...
وتم: با بەردەلآنی ژینی داهاتووم،
-وەکو مەنسورەکەی حەلاج-
لە هەللاجی بدەم.
لایدەم...

خەیاڵێك بوو
خەیاڵێکی جوان و پاك و پیرۆزبوو...

دەمێك وێرغە،

دەمێك نەرمە

دەمێك پڕتاو،

کوتام،

ڕۆییم بەرەو ئامانج....

وتم: هەرچەندە بەردی ساردو گەرمم بێتە سەرڕێ نابەزم،

مەردم...

خەیاڵێك بوو...

خەیاڵی دوێنێکەم وابوو،

سبەینێ چۆن دەبێ ئاخۆ....؟

زیندانی قزقەلاّ،1343(1964)

# بەسەرهات

پۆلە کۆترێك بووین،
بێ خەم،
بێ خەیاڵ
شەو لە نێو هێلانەی ئاواتێکی بەرز،
هەر یەکی چاوی لە ئەستێرەی گەشی ئومێدی خۆی،
زۆر بە نەرمی　هەر وەکو ڕەوتی شەماڵ،
ڕووبەڕووی تیشکی بەیانی ئارەزوو پێشواز
بەربەیانان،
مەستی خەونی خۆشی شەو بووین
شەو دەبۆوە،
ڕۆژ دەبۆوە.
پۆلە کۆترێك بووین،
بێ خەم،
بێ خەیاڵ،
چەل چەلە دەنگێکی خۆشی ئاشنا
لەو بەری دیواری بەرزی دانراو
هەستی مەستی ڕادەژاندین
کاتێکیش ئەو دەنگە دەبڕا،
خۆ فریو دان خۆ هەبوو

پۆلە کۆترێك بووین،
بێخەم،
بێخەیاڵ
جوانترین مێرگی خودامان بوو
تاکو رۆژێ، داخەکەم:
یەك لەئێمە هەڵفڕی،
رۆیی،
هەواڵی لێبڕا
چونکە راوکەر شوێنی هەڵگرتبوو
ئێمەش وا مەسبووین کە تا بەینێکی بڕوامان نەکرد
پاشی چەندێ:
سرت و خورتن کەوتە بەینیێ،
کۆڕی خۆشن لیێ بلاوبوو
ماوەیەك رابرد،
یەك یەك و دوو دوو و سێ سێ کۆڕمان بەست
کۆڕێکی نوێ
– لێی نەڵێم باشە!
تازەڕاوکەر کۆتری دیبوو،

فێر بوو پێمان
تازە بێ و دەست هەڵگرێ لێمان؟

-داخەکەم هەی هوو!

ساڵێکیش ڕابرد
چەندینێکی دیش
تاکو یەك شەو،
-یەك شەوەی ڕەش،
هەروەکو ناخی دڵی دێو و درنج-
داخەکەی گەورە و گرانم:
مێرگ و هێلانەن نەما،تێکچوون
مێرگی ئێمە و چەندی دیکە،
کۆڕی ئێمە و چەندی دیکە
گشت بڵاو بوون
ئەو شەوە ڕاوچی لەپڕ هاتن بە سەر وەربوون..
یان وەچەنگ کەوتین و گیراین،
یا فڕین بۆ ئەوبەری دیواری بەرزی دانراو

سەر گوزەشتەی ئێمە وابوو...
یەك وەبەر کەوت،
یەك لە دەس چوو،
یەك فڕی،
یەك ما،

یەك لە كۆتری دەستی شوشت و بوو بە
قالاوێكی ڕوو ڕەش،
یەك نەترسا

سەرگوزەشتەی ئێمە وابوو
ئێستێ ئێمە و سیسەئەستێرەی هومێد،
پۆلێكی دی و كۆڕێكی دی،
ڕەوتی نێو شێوەردێكی دی
قزڵقەلاً-

1343(1964)

# هەموو ڕەنگە

ئابلۆقەیەك لە ساڵی1344 ی

شاری مەهاباد
شەقام و بازاڕ،
پڕ لە حەشیمەت،
نیوەی خۆمانە،
نیوەی بێگانە،
بێگانە ئازیز،
خۆیی بێقیمەت

کوردی تێداچوو:
یەکێك بێئیمان
یەکێك پەشیمان
یەك تەواو دۆڕاو،
یەك سەرلێشێواو
یەك تێدا سوتاو،
یەك بەفریوان خۆ فریودەدا
یەك تێدەکۆشێ خۆ لەکس نەدا
یەك کوڕی باشە،
یەك دیارە جاشە،
یەکێك وەك نیسکە بەرووپشتی نیە،

یەك كەس نازانێ لە كام لایە؟ چیە؟
یەك گیرۆدەی خەم ،
یەك بێزیانە زۆرو نە کەم،
یەك بەهیوایە زوو هەڵێ، دەرچێ
یەك دەستەو دوعا: قەت شەو لانەچێ

بەڵام بێگانە،
مشكی هەمبانە،
هەر زیتەی چاوەو بزەی سمێڵە
لەسەر مە گۆڵە، هەرچەندە دێڵە
ئەگەر بۆ ئێمە، بەهار پایزە،
خۆشین لێزیزە،
بۆ وان پایزیش چەشنی بەهارە
"تاكو ئەم بایە لەو كونەی ڕا بێ"[76]
بێگانە هەموو ئاغا و سوارە
لەلایەكی دی، جا مەگیم با بێ

مەهاباد،1344(1965)

---

[76] –فۆلكلۆر

## کیژی خەم

کیژێك، بێناوێك،
خەم لێهەڵاوێك،
بووکی چارەڕەش،
لەژیان بێبەش،
زەردەی خەزەڵوەر،
سرودی رۆژپەڕ
دوو چاوی کەژاڵ،
وەك بادەی خەیاڵ،
مەستن، مەست ئەکەن
دڵ پڕ هەست ئەکەن
کەزبە: باری شان،
لەش، زیندانی گیان،
لێو: خونچەی ژاکاو
بەستەی نەوتراو
خۆی: رەنگی بێڕەنگ

بێهەست و بێدەنگ،

ئاواتی مردوو

بۆنی بابردوو،

بڵێسەی بێتین،

دوا هەناسەی ژین،

چاوەڕێی نەمان

کوتن، هەڵنەستان

هەهاباد،1345(1966)

## شاری خامۆشان

تاقە کوچەی شاری خامۆشان

خۆڵەپۆتینێکی نەرمە،

قرچەقرچی نیوەڕۆی هاوینە، گەرمە،

چۆڵ و بی ئاوییە،

زۆر لەمێژە هاتوچۆی تێدا نییە....

ئەمنی رێبوار،

ئارەقەم تك تك لە روومەت دێتەخوار،

دەکوتم ماندو و شەکەت،

دەچمە پێشێ..

خۆرەتاو دنیا دەسوتێنێ، دەڵێی گیانم دەکێشێ...

جێگەپێیەك،

جێدەمێنیت و دەبێتە نەخشی رێیەك،

رێیەکی سوتاو بە تیشکی داخ و گەرم،

خۆڵەپۆتینێکی نەرم....

ریزە ماڵیك دێتە بەرچاو:

تۆز لەسەرنیشتوو،

لەدەسچوو...

دەرك و دیواری بەسەر یەکدا ڕمیو،مردوو..

ئاخرین ماڵ:

کاول و وێران و رووخاو،

چاوەیەکی نیوەسووتاو،

باخچەیەکی ئیش، بێگیا،تێکدراو،

چۆڵ و بێدەنگ،

مات و بێدەنگ،

دەرکی ژینی داخراو،

سەردەمێکی کۆشکی ئاواتی منی ئاوارەبوو...

تاقە کوەی شاری خامۆشان
خۆڵەپۆتینێکی نەرمە
نیوەڕۆی هاوینە،گەرمە،
شوێنی پێیەك،
نەخشی ڕێیەك،
یادگاری ئاخرین میوانی شارە،
دوور... کوندێك خەم دەخوێنێ:
–ئاخۆ لەم ڕێگایە کێ ڕێبوارە ئەمجارە...؟

مەهاباد،1345(1966)

# گەلی هەژار

## بۆ شەهیدی نەمرسمایلی شەریفزادە

(سمکۆ)

گەلی هەژارو خەمینم، لەزوڵمی بێگانە،
له گوێن سەهۆڵی سەری لەندو
هەوشینان،
کە تاقەتی نیە خۆراگرێ لەبەر گەرما،
تواوە تك تك و ڕیی گرتەبەر بەرەو هیچی

گەلی هەژارو خەمینم،
لەکاتی هەوڵی دوایی کە نەمرێ، خۆبگرێ،
وەکو ستێری بەیانی لە ئاستی تیشکی هەتاو
لەگەڵ هومێدی بەسەرچوونی ڕۆژو هاتنی شەو
نەما،
مەحوبۆوە...
گەلێ کە دانەیی تۆیی زەمانە نەیدەشکاند
لە ژێری باری گرانی گوناهی پێشینیان،

**وەکو وەنەوشەی ملکە لەئاستی هێرشی با،**

**بەبێ ئەوەی کە بپاڕێتەوەو بناڵێنێ،**

**چەماوە، کۆم بۆوە**

**خودا! چ زوڵمێکە؟**

**شنەی شەماڵی بەیانی کە بۆنی گوڵ دێنێ**

**لەبۆ مەتینی سەهومە، کە مردنی لەگەڵە**

**ئەوەی کە خادمی گەل بوو، دەهات و خۆی دەنزاند،**

**لە بەختی ئێمە ئەوێستێ لە دوژمنانی گەلە....**

**خود! هەڵینەگری،**

**خەم و ئەوەندە بە کێ هەڵدەگیری ئەی هاوار....؟**

**چلۆن بمێنێ گەلی وا هەژارو رەنج بەخەسار.....؟**

**ئەراك،**1347(1968)

# دوو پەری

دوو پەری هاتنە خوار...
یەکیان دەستی بە سەر ڕوومەتی تۆدا کێشا،[77]
بۆ جوان کردنی تۆی تێکۆشا...
ئەوی دی هات و لە من دەستی وەشاند،[78]
شەمی هیوامی کوژاند...
ئێستێ تۆ بوویەتە ئەم سوورەگوڵە،
ئەمنیش ئاشقێکی شێت و هەژار...
مياندواو1352(1973)

---

[77]-بە کەسێك کە زۆر جوان بێت دەڵێن" پەری دەستی بەرومەتیدا کێشاوە"یان" پەری دەم و چاویان شتوە"یان" پەری دەستیان بە دەم و چاویدا هێناوە"

[78] – بەکەسێك کە شێتە بێت دەڵێن"پەری دەستیان لێوەشاندوە، یان پەری دەستیان لێداوە" بەڵام لە باشور دەڵێن"جنۆکە دەستیان لێوەشاندوە"

## تاریکی و نوور

ئەتۆ جوانی!
ئەتۆ گیانی!
ئەتۆ سروەی شەماڵی بەربەیانانی!
ئەتۆ وەك دیمەنی خاوەن شکۆی کوێستانی
کوردانی...!

ئەمن دارێکی وشك و ڕووتی بەرتاوم،
ئەمن کۆشکێکی ڕووخاوم،
بەجێماوم....

ئەمن کوێستانی تەم گرتووم،
لەپێکەوتووم،
لەدەشتی بەرەبرینی چارەنووسا ڕەنجەڕۆ ماوم.
بەزنجیری ئەوینی تۆ لە زیندانی خەما بەسراو و داماوم،
لە ڕژدی بەندەنی عیشقت پشووبڕبووم
لەخەم پڕبووم......
ئەتۆ دلخوازەکەم! ئەی کۆترە باریکەی لەدەسچوو

لەسەر پاساری کۆشکی پڕ تروسکەی ژینی رابردوو،
لەگەڵ زەردەی گەلاڕێزا،
لە شەققەی باڵەکانت دا....
بەداماوی بەجێتهێشتم لە نێو ئادەی خەم و زیندانی هەڵبەستا...
من و تۆ ەندە لێك دوورین...
وەکو تاریکی و نورین....
میاندواو،1354(1975)

# ئەتۆم دەوێ!

ئەتۆم دەوێ!
لەنێو گوڵانی جوانی سەر زەوی،
لە نێو مەلانی کێوی و کەوی،
لە نێو ستێرەکانی ئاسمان،
لە نێو دیاردەکانی بوون و مان،
ئەتۆم دەوێ...
ئەتۆم دەوێ کە ئاشنای منی!
ئەتۆم دەوێ کە مەندی،هێمنی!

ئەتۆ لە ئاوی کانیی بەر بنار،
لە لارەلاری گیاو گوڵی بەر شنەی بەهار،
لە ئاورینگ،
لە هەوەڵین گزنگ،
جوانتری...
ئەتۆ لە سرتەسرتی جیژوان،
لە دیمەنی شەو و گڕ و مەڕ و شوان،

لە گۆلی مەند ،
لە سامڕەند،
لە چیمەن و گیا و زەمەند،
لە بۆنی هەڵز و پنگ و گیابەند،
بە هەستم ئاشناتری ...

ئەتۆم دەوێ!
ئەتۆ کچی خودای جوانی و وەفای!
ئەتۆ بە دەردم ئاشنای!

ئەتۆ هەوێنی شیعرەکانمی!
ژیانمی،
ئەتۆ سەر و بنی بزە و وتە و دوانمی!
کەوایە دەستی من لە دەستی خۆت گرە!

بهێڵە تان و پۆی نیگای من و بزەی جوانی تۆ،
بێتە جێ هەسانەوەی خەیاڵی بەرز و نەسرەوم...
بلاٌ بە سێحری زەمزەمەی وتەی جوان و خەمڕەوێن،
دە مێکی دابمرکێ ئەسپی تۆڕی مەیلی سەرڕەوم...

جوانترین گوڵی خودا!

بلاٚ بە هێزی بێبڕانەوەی ئەوین،

لە کێوی خەم وەسەر کەوین...

لە مێرگی ئەوپەڕی سنووری خەم،

نە زۆنگەیە،نە زۆر گەیە،

بە هاری بیٚ خەزانە چاوەڕوانی ئێمەیە ...

میاندواو 1357(1978)

# مزگێنی

## بۆ پەیکی کازیوە: مامۆستا شێرکۆ

### بێکەس

بەدرێژایی شەوی پایز،
کەس بۆ تاوێ نەنوستبوو،
هەموو چاویان لە بستووبوو..
ئاخۆ گزنگ،
لەدەستی کام شەوەزەنگا،
یەخسیر ماوە؟
ڕاگیراوە؟

لەکازیوەی تەم گرتوا،
لەگۆڕستانی ئاواتی ڕابردوا،
شۆڕەسوارێك،
گەوەی بڕی بەرەو ئاسۆ
موژدەی هێنا،
بۆ ئەم، بۆ ئەو، بۆ من، بۆ تۆ:
ئەوە گزنگ بەڕێوەیە،
گوتی: میوانی ئێوەیە!
ئامادە بن!

شۆڕەسوار ڕانەوەستا

ڕۆیی کوتای بەبێ وچان،
مزگێنی برد بۆ هاوسێیان،
تا ئەوانیش ئامادەبن
چیا، خەڵوەزەری1358(1979)

## گوڵی هیوا

خەیاڵەکەم،
ئەسیرێکی تەلیسمییە،
لە گۆمی چاوەکانتا...

خەیاڵەکەم
پەپولەیە،
دەڕوا، دەفڕێ بەرەو بەیان،

خەیاڵەکەم،
ئاسکۆڵەیە
لەزەنوێری کوێستانی دڵ،
لەبۆنی گوڵ- گوڵی هیوا-

**وا مەستی ئەبیٚ،**
**کە من لە خەم رزگار ئەکا...**

**خەیاڵی من،**
**گشتی ئەتۆی!**
**ئەتۆی کچی خودای جوانی!**
**ئەتۆ کیژی موکریانی!**
**بەڵام ئەتۆ!**
**بیرو بڕواو خەیاڵی تۆ،**
**دیلی داوی خۆپەرەستین،**
**هەرگیز لە فکری مندا نین**

**بەڵام هاوڕێی خەیاڵەکەم– گوڵی هیوا –**
**ماڵی ئاوا**
**لەگەڵ منە تاکو دەمرم**
**تاکو لە ئامێزت دەگرم**
**مەهاباد، پوشپەڕی**
1358(1979)

# مەڵێ مەیە

خەیاڵەکەم،

ئەسیرێکی تەلیسمییە لە گۆمی چاوەکانتا،

خەیاڵەکەم،

کەروێشکەیە،

شەپۆلەکەی خەمی دڵم بە بادەدا..

خەیاڵی من،

ئەتۆی کە بۆنی پنگی بەربەیانمی،

ئەتۆ کە گیانمی،

ژیانمی...

بەڵام ئەتۆ!

خەیاڵ و بیر ڕایەکەت،

ئەسیری خۆپەرەستییە،
له جامی جوانی و جەفا،
خەریکی نۆش و
مەستییە...
ئەتۆ بەهاری و ئەمن خەزانی سوور ...
ئەمن بەرەو بەهار ئەچم...
کەچی شەقاوی تۆ بەرەو خەزانی زەرد و سەخڵەتە...
وچانێ بگرە وەرزی دووهەمی ژیانی خۆت و خۆم،
ئەتۆ ئەمن،ئەمن ئەتۆم ...

خەیاڵەکەم!
کەوابوو هەڵمەیە!
مەڵێ مەیە!
کەچاوەکەت لەبۆ دڵی کڵۆڵی من،
هەمیشە نەشئەیە،مەیە...
مەڵێ مەیە!
بواری چارەنووسی تۆ و من،
لەمێژە چاوەڕوانی ئێمەیە،
مەڵێ مەیە...!
مەهاباد-
پووپەڕی1358(1979)

## ماڵ ئاوایی

هەوریلە!بووکی دڵم!خونچەی ئاگرین!

بەستێنی نادیاری ئەوین!بەربەیانی ژین!

ئەی یارە ژیکەڵەی بەڕەوت چەشنی باڕەکەو!

ئەی جوانە دیمەنی گڕی نێو تاریکایی شەو!

دواجارە دێمە لات،

ئیدی ئەتۆ و وەفات...

ئێوارێ ڕوو لە شەبەق ڕەوتەنیم،دەڕۆم،

دەستم لە خۆم دەشۆم...

ئەمڕۆکە شۆڕشی گەل چاوەڕێی منە،

ڕابووە گەلم،خەریکی بەرەنگاریی دوژمنە،

هەوریلە!چۆن دەبێ ئەمنیش خۆدە خەو بکەم؟

سەر نێمە نێو بەفر،بەفریو چەشنی کەو بکەم؟

خۆ نا،دەڕۆم، دەڕۆم،

دەستم لەخۆم دەشۆم...

هات و نەهاتە ڕێی سەفەرم،دوور و سەخڵەتە،

ناخۆشییە، هەژارییە، شێوانە، مەینەتە،

هەڵدێرە،لێڕەوارە،کەژە، ڕژدە، ئەستەمە،

سەختە، تەلانە، دوندە، نشێوە، خڕ و چەمە،

هەوریلە! ئەو کەسەی لە گەوەی سەختی سەرکەوێ،

ئەو پیاوە،نانەوێ...

هەوریلە!دڵڕەفێنە!نیگا مەندە!لێو قوتە!

مەمکوژە!بمدوێنە،بە بێ دەنگی مەمکوتە!

چاوت دە چاوی من بڕە با مەستی بادە بم...

وا دیارە ماوەیەك،

بابردەڵێك دەبم،لە سەر کێو و ئەو چیا

یەخسیری با دەبم...

بادڵ کە ئۆگری چاوی کەژاڵتە،

مەستی خەیاڵتە،

بۆ جاری ئاخرین،

هەڵبەستی ئاگرینی ئەوین،

پێشکەش بە تۆ بکات...

ئیدی ئەتۆ و وەفات...

چیا،گەلاوێژی1358(1979)

# گێژەڵوکە

لە ڕێگەی گەیشتن بە ئاوات،
وەکو گێژەڵووکەم لە دوو ڕێی بەسەرهات...
گەلێ کێو و ڕژد و خڕ و چەم،
گەلێ خەم،
گەلێ تەم،
بەجێم هێشتووەو ڕێ دەپێوم بەرەو دوندی ئەستەم...

دەلێن کۆشکی ئاواتی گەورەی لەمێژین،
لە زەنوێری داونێنی کێوێکی بەرزە ....،
گەلێ کانیاوی جوانی بلوورین،
لە داوێنی کۆ دێنە نێو سەوزەڵانی.
سروودی هەبوون و نەمردن دەخوێنن...
ڕوانگەی کەژ و لێڕ و هەڵدێر و زەنوێر،
بەهەشتی ئەهوورا دەنوێنن...

لە دەشتی بەرینی زەمانا ئەسیرم،
کەچی هێشتێ بژوێنی ئۆخژنێ دووره...
ئەوەی نادیارە سنوورە،سنوورە...
کە وابوو،

مەڵێ بێوەفا بوو...
هەڵە و هەتڵە بوونم لە پێشە،
مەترسی بەرەو چاڵە چوونم لە پێشە...

بەڵام ئەی هەموو بەژنەکەت  پێکەنین!
کەژاڵێ!گوڵی ئاگرین!
ئەمن دڵنیام ئاخری خۆڵە پۆتینە دەبڕێ،
شەماڵی بەهاری لەڕووم تۆزی ماندوویی دەسڕێ،
شەبەق ڕەنگی سووری گوڵاڵەی دەبەخشێ
بەگوڵاوی ژینم،
کەوی کۆ،
بە قاسپەی  لەهەر دەنگێ خۆشتر،
دەدەن جوابی سەد زایەڵەی پێکەنینم ....

لەمەڵبەندی دوایی من و تۆ،
لەبادەی گزنگی بەیانانی ئاسۆ،
لەسەر تاکو پێ مەست دەبین،
هەست دەبین
بزەی مەندی هەڵبەست دەبین...

چیا،خەزەڵوەری1359(1980)

# سنووری بەیان

بەهارەکەم!

کەویارەکەم!

دەیانەوێ گوڵ و گیای وڵاتمان،

ژیانمان، ئاواتمان،

لەنێوبەرن....

دەیانەوێ پەپولە جوانەکەی بزە،

لەسەر گوڵی دەمی مناڵەکانمان،

بەرەو نەبوونی هەڵفڕێ....

بەڵام گوڵم!

هەر ئاگرێ کە بەردەبێتە کۆی بزوتی مانمان،

هیوای شکانەوەی شەوانی رەش پتر بەتین دەکا.....

خەیاتی گەل بەرین و بێ بەزین دەکا....

کەوابوو، چاوەڕێی گزنگی بەربەیانی بە،

نزیکە دەشتی نوور...

شکاوە، شەقکراوە ئاسمانی بێ ستێری بێسنور...

هەموو چیا دەبێتە پەیکەرەی بلوور...

شیلاوێ، رەزبەری

1359(1980)

# زەماوەندی گەورە

پەپوولە!
بەدوو باڵە رەنگین و نەخشینەکەت،
لەگەڵ قاسپەقاسپی کەوی مەستی بادەی کوڕادە،
لەگەڵ شەوشنەی شەوگەڕی تۆزی رێگا وەلادەر،
لەگەڵ پێکەنینی گوڵی مەندی تێراوی دێراوی جوانی،
بڕۆ، هەڵفڕە، روو لە ئادەی بەهەشتی ئەهورای مەزن کە!
کە ئەهریمەنی تاریکایی لە نوری تەریکە..
تەماشاکە داری تەیاری بەهاری مەسیحا،
چلۆن بۆتە چەتری پشودانی رێبواری تینوو...
تەماشا گڕی ئاگری شوانی ماندوو حەساوە،
چلۆن جەرگی شەوگاری دەبڕی بەرەو ژیانی هەرمان..
تەماشا لەنێو نوێنی نەرمی زەمەندی ئەوینا،
چلۆن بێچوو ئاسکانی ئاواتی گەورەی لە مێژین،
بەبێ ترسی راوکەر خەریکی گەمەو هەڵبەزینن..
پەپولە!
پەپولەی بەنازی لە دڵ جوان!
بڕۆو گوێبدە زەمزەمەی ئاوی لێژێ،
کە لەنگێزەیەك رەها بووە لە بەندی کەوی و کۆیلەیی....،
بەرەو مێرگ و زەنوێری هەربوون بەرێوە....

بەدەنگی برینداری داودییە بانگەوازی،
کەبۆ هەڵپەڕینی زەمازەندی ئازادی دڵ هان ئەدا..
بەدڵ بانگ ئەکا: شەرمی روانینی شللێر،
ئەوە زەعفەرانی پەژارە بە فەوتان ئەدا...
پەپولە!
گزنگی بەیانی ژیانێکی نوێیە،
کەوا تیشکی ئەڕوا بەرەو دوور.... دوور...
ئەوا هەندەرانی هەموو کردە نوور...
پەپولە!
ولاّتم هەموو مەستی هەستی ژیانە،
هەموو چاوەڕوانی زەماوەندی گەورەن،
ئەوەی بیری لیناکرێ تێکشکانە، نەمانە...
پەپوولە!
لە کاتی زەماوەند و شایی – کە نزیکە لێمان–
من و تۆ لەگەڵ مامزی دوورە زێدم،
ئەچین سەیری گۆوەندی ئاواتی خۆمان ئەکەین..
لە دەنگدانەوەی دەنگی خاوەندی هیوا،
لەبەرزایی کوێستانی ئازادی گوێ هەڵئەخستن...

مەهاباد، 1385/10/25(1980)

# خەم مەخۆ گوڵم!

گوڵم! بە چاوی پڕ لە خەم قسەم لەگەڵ مەکە!
کە دیمی دڵ،
لەمێژە چاوەڕوانی نم نمی بزەی دەمی جوانتە!
گوڵی پەرپوەڕەنگی خیزەڵێنی گیانی تاسەبار،
شنەی بەهارەکەم!
چاوەڕێی وتە و دوانتە!

بەمن مەڵێ:
مەلانی بەرزەفڕ بەدڵشکاوی و ئەوین بڕاوی و
پەژارەوە،
بەرەو هەواری نادیاری ئەوپەڕی خەیاڵی بێ
سنوور،
لە مێژە کۆچی خەم
دەکەن...
مەڵێ کە ویشکەسوێمە دێوی شەو بناری گرتووە،
بەرهەڵستە زێوی قاڵی سەرتەزێنی مەستیهێنی
کانیاو،
کوڵی دڵم لە نێو بەرێ...
مەڵێ نەمامی ژینی پڕ جەفا و جەرخارەکەم،

ڕواوی شۆڕەکاتە،بڕکەمردووە،
چرۆ و گەڵای زوەراندووە،
مەحاڵە تازە بێتە بەر...
لەبیر مەکە چنوورەکەم!
کە هەوری ناهومێدی بۆتە هۆی خەمت،
کەچی نزیکە ڕووگەی ئارەزوو،
وچانیٚ بگرە هەر سبەینیٚ زبوو،
شنەی شەماڵی شادیهێنی کێو و کەژ،
دەبێتە تێکەڵی خوڕەی شەتاوی بەر بنار!
گزنگی بەربەیانی دڵڕەفێنی خەمڕەوێنی شەوتەرێن،
دەبێتە لابەری شەوەی شەوی ڕەشی بناری تازیەدار!
جوانەدیمەنی ژیانی نویٚ دەبێتە هۆی بزە!
لە هەر کویٚ زەلکەیە دەبێتە میرگی دڵڕەفێن!
مەلانی دوورەلانی تاسەبار، بە مۆسیقای ئەوینەوە،
بەرەو ولاٌتی کوردەواری دێنەوە!
پەژارە لادەچیٚ و بە پێکەنینەوە دەڕۆینە گوڵچنین.
لە بەرزە کۆوە قاسپەقاسپی باڕەکەو،
سەما دەخاتە بەژنی ڕێکی خواژنی ئەوین!
گوڵم!
نزیکە خەم مەخۆ...

چیا–ڕێبەندانی1359(1981)

# یاد

شەوە، شەوێکی درەنگ،
دنیا خاپوورە، بێدەنگە،
بۆ" زاگرۆس"و "چیا"و" ئاگرین"
دڵم تەنگە...

ئاخۆ ئێستا،
خەونی کێهە جوانەبژوێن،
یا نە لارەی کامە لاوێن،
کامە کانیی روون و خاوێن،
مەستیان دەکا؟
لێوان لە هەڵبەستیان دەکا؟

یا نە ژینێکی وەك سازی سیم هەڵپساو،
یا نە هەزار چەشنە بیری نیوەتەواو،
لە دەوری وان مەلی خەویان تاراندی،

پەژارەیان باراندبێ...
ڕۆڵەکەم!
"زاگرۆس" سۆمای چاوانم!
"چیا"ی جوانم، چیوای ژیانم!
" ئاگرین" گوڵی ئاورینم، گیانی گیانم!
لەبەهەشتی خۆشی" ئالتسای"،
لە لێڕی بێوێنەی "رادە"
لە بەستێنی دڵ ئەستێنی یەکاوی"راین"،
تەنیا ڕووی ئێوە دەبینم،
هەر ئێوەن ئاواتی ژینم...

کەوابوو تا کاتی خۆشی یەکتر دیتن،
سەرکەوتوو بن!
ژیانێکی پڕ لە خۆشی،
دوور لە تووش و لە پەرۆشی....

ئاڵمان، ئالتسای، گولأنی

1363(1984)

# داوەڵ

شەوە، تایك و بێنووره،
شەوە زاڵە،
ژیان تاڵە،
هومێدم کۆشکی خاپووره،

نەهاژەی ئاوی ئاوهەڵدێر،
نە خوڕەی چەم،
نە سرتەی کانیاوی روون،
دەڵێی گشتی لە سامی شەو قەتیس ماون
پەری چیرۆکەکان ئەمشۆ،
لە بەندی بێ تروسکایی شەوا یەخسیر و داماون

تەنانەت ئاسمانی مل بە کوێنی رەش،
لەپرسەی مردنی ئەستێرەکانیدا،
خەمی داگرتووەو خەم بۆ وی پەرژینە،
لەنێو جەرگی کەژ و لێڕو چەما شینە

**بەلاّم هاواریان کورتە،**
**ئەگەر ژین وایە، لەعنەت بیّ لە هەرچی**
**پیّیدەلّین ژینە**
**شەوە، تاریك و بیّنوورە،**
**جریوەی مەل لە گۆماوی شەوەزەنگا،**
**لەگەل هاواری من خنکا**
**بە پەنجەی ئاسنینی دیّوی شادی کوژ**
**تەواوی تیّلەکانی سازی دلّ قرتان**
**تەوژمی شادی فەوتیّنی کزەی زریان،**
**شەمی هیوای گەلی کوژاند،**
**هەزاران داخی بیّئامان،**
**دلّی برژاند، دلّی برژاند**

**شەوە، تاریك و بیّنووزە،**
**لەجەرگی تاریکیدا بەزمی شەیتانە**
**کەئەمشۆ مەستی سەرکەوتن خەریکی بادە نۆشانە**
**ئەوا سەرگەرمی کەیفەو هاوپیالّەی وی**
**نیّرۆنی ئەم سەدە سەدامی خویّنڕیّژە**
**کە رووحی ئاتیلا، جەنگیز، نیرۆن،هیتلەر،**
**لەنیّو ئیّسك و پروسکی گەندەلّی ئەو داوەلّە بیّدەنگ و داماوە**
**خەریکی سرتەسرتن، جوولّەجوولّیانە**

شەوە هاواری بێهاوار
منی رێبوار،
دەپێوم ریٚ بەرەو پێوار
بەلاّم هەیهات،
کە دیواری شەوم پۆلاّیە، ئەستورە،
هەتا چاو بڕدەکا دنیایەکی رەشپۆشی بێنوورە

لە پڕ دەنگێکی هیوادەر
دڵی هیوا لە دەس داوان دەبووژێنیٚ
کڵی دنیا دەلەرزێمیٚ،
دەنەڕێنیٚ:
ئەتۆ سەدام! ئەی فاشیست! ئەی خوێنرێژ!
نەما باوت
لەنیو کوورە مرۆ سوتێنەرەکەتدا چیدی ناتوانیٚ
گەلی کورد بسوتێنی
دەگوڕێنیٚ:
ئەتۆ سەدام! نێرۆنی روڕەشی مێژوو!
ئەتۆ چیدیکە ناتوانی،
لەبەر دڵخۆشی ئەربابانی خوێنخۆرت
ولاّتی ئێمە ئاگردەی

## هەتا جارێکی دی شیعری گڕی ئاگر بخولقێنی

شەوە، تاریکە، بێنوورە،
هەموو لا مات و خاپوورە،
ژیان تاڵە
شەوە زاڵە،
بەڵام ئاسۆی ژیان روونە
کە کاتی رۆژەو زەمانی شەو بەسەرچوونە

مەهاباد،جۆزەردانی1367(1988)

# دەنگ...دەنگ...دەنگ...

دەنگەکان هاتن و چوون
"سرتە"و"ناڵە"و"ڕۆڕۆ""هاوار"
گۆچیان گرت بە زەوادی چەمی نوور
باڵیان گرت و فڕین
روو وە مەڵبەندی بلاوێنی چیا

شنە مزگێنیی بەهەشتی هێنا:
ئاسۆ روناك و شەبەق سورو گەشە،
کەوی نسار سپی،
سێوەڕە کەسکە لە داوێنی چیا...

مەهاباد،خەرمانانی
1368(1989)

# گڕوو

## پێشکەشە بە یەکەمین دۆستی

## ڕاستیم(ئەنوەرخان)[79]

گراویی من!

دوو چاوە دڵڕەفێنەکەت دە چاوی من بڕە!

بلاّ لە یەك بهاڵێ مۆنجی نادیاری دوو نیگا..

نیگام نە بۆنی سویسن و هەلاّڵەیە،

کلیلی دەرکی گاڵەیە..

مەلی ئەوین!

دەزانی دووری چەندە سەخڵەتە؟

فریزوە کە هەر ڕەگی خەمێکە بێ ئەمان،

بەبێ وچان،

دەکا ڕەگاژۆ بۆ لەشم...

کە ڕەمزی مردن و نەمانمە،

کەڵەی ڕواوی ڕەگەی ژیانمە...

---

[79]– ئەنوەری سوڵتان پەنا

**گزنگی ژین!**

**کوانێ چۆمی وشکەڕۆ دەگاتە وشکەگوڵی دڵ؟**
**لە وشکە ساڵی یادەکەم...**
**کوا دڵۆپە ئاوێ بۆ گەروی هەناسەلێبڕاوی نایەکەم؟**
**گوڵووکی من!**
**دەڵێن بەهاری ساڵی نوێ بەڕێوەیەو پەساپەسا دەگاتە مە...**
**گریم بەهار،**
**بە گرمەگرمی هەورەوە لەرێوە هات...**
**کوا گوڵێ لە شۆرەکانی قاقڕی ژیانی من،**
**بەدەم رەهێڵەوە بزەی دەبزوێ، هەڵدەدا؟**
**کە ژینی من هەمووی خەمە،**
**بەهاری من، بەهاری شین و ماتەمە...**

**کلیلی دڵ !**

**لەکوێ کەسێك هەیە لە من بگا؟**
**کوانێ ئاشنا بە دەردەکەم؟**
**وزەی قسەم لە هێڵی شادە کورتترە...**
**لە کوێ بە گوێی کەسێکی ڕادەگا:**
**وزەی هەناسە سەردەکەی خەزان؟**
**دڵم دڵی"کەرەفتوو"وە،**
**پڕە لە ڕازو رەمزی" کەس نەزان"**

شنەی بەیان!
ئەمن کە ئاشقی شەماڵ و لێڕەوارو کانی و چیام
بڵێی بەرۆکە تین بدا بە خەڵقی هەستی نەسرەوم؟
بڵێی لە رژدی ئەستەمی زەمانە سەرکەوم؟
بڵێی زرنگەیەك لە جامی دڵ بگاتە ئاسمان؟
بڵێی نەرووخێ پردی مان...؟
مەهاباد، رێبەندانی1367(1989)

## مەرگی شاعیر

سێبەری بێدەنگ و مەندی،
تەرمی بێگیانی بەشوێن خۆیدا کشاند
کەوتە نێو زەندۆڵی بوومەڵیلەوە
کوندەبوو دەستی بە خوێندن کرد:
–شاعیرێکی دیکە مرد!
بوکی رەشپۆشی شیعر هاواری کرد:
–رۆژە مەرگی هەستی شاعیر، کاتی مەرگی شاعیرە!

مەهاباد،رەزبەری1368(1989)

# هاوارە ئاشنا!

ئەی ئاشنا بەخەمی بێ پسانەوەم!
زەنوێرەکانی ویشکی بزڕکاوی ویشکەسوێ،
هەر چاوەچاوی دەنگی  چەمی  ویشکەڕۆ دەکەن
باڵندەکان–پۆلی پەریی دوورە لێڕەوار–
بێ تاو و بێ قەرار،
هاواری تۆ دەکەن:
"ئەی ئاشنا بە ڕازی بزەی تیشکی بەربەیان!
ڕووگەی ئەوین کوا؟
ڕێی پێکەنین کوا؟"

- هاوڕازی ئاشنا !

هەرچی هەڵۆیە بۆ تۆ دەکا شین و سەر نەوین،
سۆلاوەکان، بێ تۆ قەتیسن لە بەرزەکۆ،
باڵی پەپوولە ڕەنگی فڕی ، پشتی گوڵ چەما،
بۆن و بەرامی هەڵز و کەنێر و کەما نەما

**هاواری باڕەکەوی کۆ گەیشتە کۆ:**
**"ئەی پیری شارەزا بە هەموو ڕەمزی پێگەیین!**
**باڵی فڕین کوا؟**
**مەڵبەندی ژین کوا؟"**

**ئەی ئاشنا بە کوڵ کۆی دڵی پڕم!**
**تاریك و ڕوونیٚ هاتی لە ڕێوە بە موژدەوە:**
**"شەو شەق کراوە،بەیانیش بەڕێوەیە،**
**تیشکی هەتاو،-دیلی ڕەها بوو لە داودی شەو-**
**بەر خوێنی خوێنی شەهیدانی ئێوەیە**
**کانی دەزێنەوە،زیٚ دێنە هاتوچۆ،**
**سۆزی، بە دەم شنەوە،داری ئارەزوو،**
**یەك یەك دەکەن چرۆ!"**

**هاوارە، هەی لە من و وەی لە بەختی ڕەش،**
**بوولێڵیٚ ڕۆیی و ون بووی لە ناخی تەم**
**ئاواری کۆشکی ڕماوی سەد ئارەزوو،**
**بوونە گڵی مەزاری هەزاران دڵی بەخەم**
**دێوەزمە پێکەنی،**
**دەوری هەزار شیعری بە پەرژینی زی تەنی**

گوێبگرە سروەیە هەر گازی تۆ دەکا:
" گیانم بە تیری نەشتەری سەد گوێنی کون کونە
هاوارە ئاشنا!
بژوێن لەمن ونە"

ڕێبواری سەختەڕێ!
میوانی بەزمی هەزاران شەهیدی کورد!
مانای بەرینی ژین!
هانای گوڵی گزین!
ئێستێ بە من بڵێ:
رووگەی ئەوین کوا؟
مەڵبەندی ژین کوا؟"

تورکیا،چرۆم،خاکەلێوی 1369(1990)

## دەڕۆم

دەڕۆم، دەڕۆم،
دەڕۆم بەرەو هەواری ژین
دەڕۆم بەرەو بەهاری خۆشەویستی و ئەوین
بەرەو ولاتی دوورەقین

دەڕۆم، دەڕۆم
ئەمن کە شاعیری دژی بەدیم،
لەکوێ دەزانن چەندە تەنگە ئەم ڕکەی تێیا دەژیم؟
لەکوێ بڕستی وەم هەیە دەمێکی بای خۆم بدەم؟
ڕکە، ئەگەر کە شووی لە زێڕ بێ هێشتا سەخڵەتە
ژیانی نیو ڕکە کلۆڵییە، بەرەو نەمانە، مەینەتە[80]

[80] – مەلێی فێری دارستان و لێڕ بێ قەفەس پیری دەکا، با شووی لە زێڕ بێ ... (هێمن)

دەڕۆم، دەڕۆم
دەڕۆم بەرەو سنووری ئارەزوو
چ دڵفڕێنە، خەمڕوێنە، شەوڕمێنە کۆشکی جوانی ئاروزوو
لەدەشتی پان و بەرینیا،
نەخەم هەیە،
نەتەم هەیە،
نە سەخڵەتی و ستەم هەیە
لەهەرچی بەرقەدو نواڵەیە،
هەمووی زەمەندی لالەیە،
لە بەزمی سانەوەی دلان،
شەرابی پێکنین لە نێو پیاڵەیە

دەڕۆم، دەڕۆم
لەمێژە، زۆر لەمێژە قافڵەی هومێد بەڕێوەیە
گەوەی بڕیوە روو بە دوند،

گوڵم! دەڕۆم
دەڕۆم لە شوێنی ئەو کەسەی ڕکەی شکاند
رچەی شکاند
دەڕۆم و دەستی رادەموسم و دەڵێم:

**ئەگەرچی ماوەیەك،**

**لەنێو قەلاّی شەوا بە کۆیلەیی ژیاین،**

**بەتین و هێزی دەست و مستمان،**

**سەهۆڵمان تواندووە،**

**قەلاّتی مۆتەمان ڕماندووە**

**سنوورمان شکاندووە،هەزار هێڵمان پەڕاندووە**

**دەڕۆم دەڵێم:**

**گزنگی بەربەیان!**

**سلاّو لە تۆ!**

**هەتاوی ڕێی ژیان!**

**سلاّو لە تۆ!**

**تورکیا، چرۆم**

1369(1990)

# دەوری خۆشی[81]

ئازیز! نەکەی فرمێسکی روون هەڵوەرێنی،
بەسەر دڕکی دڕکەڵانی بەسەرهاتا

ئازیز! نەکا خەم داتگرێ،
لەدوو رێی هات و نەهاتا

ئازیز! لەدوای کیوی پڕدی رۆژی توشی،
بڕۆێنێکی بەربەرینە..
هەتاکو چاو هەتەردەکا،
دیمەنی زەنوێری ژینە

ئازیز! کەشەو شەق بوو بەیان بزەی هاتێ،
دەوری خۆشی و بەختەوەری دەسپێدەکا
مەیگێڕی ژیکەڵەی ئەوین،
بەقەشمەری و بەنازەوە بۆت تێدەکا!

---

81– وەڵامی نامەو شیعریکی(سەلاحەدین ئاشتی)یە، کە بۆ شاعیری ناردوە، جگەلەمەش جاریکی تریش ئاشتی لاواندوەتەوەو دڵخۆشی ئازارەکانی داوەتەوە، وەك لەشیعری(ئازین)

ئازیز، دنیا هەر خەم نیە،
لە ژیاندا،
کاتی دڵخۆشی کەم نیە
کەوابوو خۆشەویستەکەم!
چاو لە چاوی کیژی هیوا مەتروو کێنە!
کۆشکی تاسە مەڕوو خێنە!
ئاسۆ ڕوونە!
شنەی شەوبا،
موژدەی هەرمان و هەربوونە..

تورکیا–چرۆم –گوڵانی1369(1990)

# چۆن دەتوانم؟

گوتم:
دەبێ خەم وەلانێم،
خەم خۆرەیە...
گوتم:
دەبێ کۆشکی کەسەر
تێك ڕووخێنم
گوتم:دەبێ بادەی پەژارە بڕێژم،
شووشەی جەخار تێك بشكێنم
کەچی دیتم زۆر ئەستەمە..
من کە کوردم،
ڕایەڵ و پۆی بزە و نیگاو وتەم خەم و پەژارەیە،
چۆن دەتوانم؟
من ڕواوی شۆرەکاتم
ڕێبواری ڕێگەی نەهاتم،
دووره هاتم

خەم هەوێنی ژیانمە،
خەم بوونمە،
خەم مانمە
ئەگەر لە نێو شەوەزەنگا،
هەتاوی گەش هاتە دەرێ،
ئەگەر داری ئاواتی کورد،
هاتە بەرێ،
ئەو دەم خەم خاشەبڕ دەکەم
ژینم لە شادی پڕ دەکەم
ئەوسا ئەگەر کوڕم پرسی:
خەم چلۆنە؟
دەڵێم:ڕۆڵە!خەم پیێوارە،
خەم نەدیوە،
ئەو سانەیە
ئەگەر گوتی :
شادی چیە؟
دەڵێم:شادی شیعری منە،
بزەی تۆیە،
گوڵی جوانی زەمانەیە!

دانمارک–کۆپێنهاگ–گەلاوێژی1370(1991)

# ئاوات

گوڵم!
بڵێ کە کێ لە کوێوە هات و سەیری کامە دیمەنی گوڵانی کرد؟
بڵێ کە کامە ڕێبواری کامە ڕێ،
لە نێو حەریری کامە سێوەڕە
هەسایەوە؟
بڵێ کە کامە تووکی کامە دایکی کوڕ نەماو،
لە کامە جێگە کامە تەوقی خستە گەردنی ئەوەی کە داوی
نایەوە؟
گوڵم! بە تۆ بڵێم:
لە تەنگەڕێی تەنیشتی گۆڕی کۆن و نوێ،
لە مێژە ڕۆحێکی مەزن بە مەندی هاتوچۆ دەکا
تەواوی ناوی کێلەکان دەڵێتەوە
دڵۆپە خوێنی جەرگی
دارەمەیتەکان،
بە نەرمی دەسترێتەوە
لە مێژە هەوی ئاسمانگری هەتاو کوژی ستێرەپۆش،
لە چوار قولینچکی چوار لەتی وڵاتی سەد سنوور،
لە جیاتی نم نم و خوناوە،ڕێژنەخوێنە ڕۆ دەکا

گوڵم!

له دۆڵ و بەندەن و چیا،

له مێژه بۆنی هەڵز و خاو و پنگه و کەما،

قەتیسی ساڵی وشك و قاقڕن،

له مێژه جامی سانەوه له دەستی ئێمەدا،

بەتاڵ و باقرن.

بەمن بڵێ:

بڵێی لەماهیەتی بەندەنێکی رژد،

لەبۆ سبەی کەتیبەیەك له ئێمه چێکرێ؟

بڵێی له بەزمی ئاسمانی کۆڕی مۆسیقا،

دەمێکی نارەناری قوڕگی وشکی ئێمه رێدرێ؟

بڵێی شەوەی شەوی رەشی درێو،

بەرەمزی ماچی گوڵبەدەم،

لەنیو تەلیسمی خۆشەویستی و ئەوین خرێ؟

بڵێی لەجیاتی گورزو کۆڵەوەژ،

گوڵ و قەڵەم بەدەستەوه گرین؟

بڵێی له گەرمەلانی خۆ بژین؟

بڵێی...؟بڵێی....؟

دانمارك،سەندهۆڵم،

خەرمانانی1370(1991)

# زەردەشت

خالۆ ریبوار وەکو کەس نەدەچوو:

چاوەکانی دەدرەوشانەوە وەك ئەستێرە،

وتەکانی هەموو رێك و پتەو و بیّ وینە،

رەوت و ئاکاری پیاوانە و مەند،

رووتی نوورانی،

بۆ گزنگ ئاوێنە

چاوی گێڕا لە زەمەندو زەنوێر،

چ نەبوو بێجگە لە دەشتێکی رەقەن

روانییە کانی و جۆگەو ئەستێر،

کانیاو کوێرببوون،

جۆگەلە خوێنی لەڕەگدا دەگەڕا،

گول و ئەستێرك هەموو وشك و برنگ

خاڵۆ ڕێبوار گوتی:
کوا؟ لەکام شوێنە ئەدی ئاگری ئاگردانان؟
شەرمەزاربوونەوە گشت
کوڕەساویلکە گوتی:
هەموو لا ئاگرە، دوو ڕۆژ لەمەبەر،
گوندی ئێمە گڕی گرت
تەرمی زارۆ و ژنیش رادەبەدەر،
کەوتە نێو کۆلاَنان
ژن هەموو کۆرپە لە ئامێزو کچیش هەگبە لە پشت

خاڵۆ ڕێبوار گوتی:
ئاگری پاکی ئەهوورام دەوێ
هەموو ئەوەی ڕۆژێ لە" ئاتوور گوشەسب"
ڕۆژێکی دیکە لە لووتکەی"دمدم"
یا لە"ئاگری"ی پیرۆز،
یا لە کێوی" نەکەرۆز"،
یا لە قوللەی"ئاسۆس"
یا لە تیغەی" زاگرۆس"
یا لە دوندی" شاهۆ"
لە چیای" زمناکۆ"،
لە " کەرەفتوو"

لە کەژی"دالأهوو"
شەوەزەنگ و شەوەو دوێوی شەوی راو دەنا
یەك گوتی: کێی ئەتۆ؟
خاڵۆ رێبوار"ئەڤێستا"ی دایە
ئارەقەی شەرم ڕژا

خاڵۆ رێبوار گوتی:
ڕێگەتان لاڕێیە
ڕێگەیەکی دیکە دیارە کە بەرەو هەورازە
خاڵۆ رێبوار گوتی:
من دەچم بۆ " شەنگار"

دانمارك، دیانالۆند، 199

# وەلاٌمێك بۆ جەلال مەلەكشا

بەڵێ دەبێ، ڕۆژێك دادێ،
سنورە داڕێژراوەكان،
وەك دیواری شاری بەرلین،
تێكرووخێنین..
ڕۆژێك دادێ،
دەركی ركان تێكبشكێنین..
دڵنیابە ڕۆژێك دادێ،
سوجادەكەی شاری سنە،
لەشەقلاٌوە رابخەین و..
بەرقلیانی بەیانی نۆشی گیان كەین...
لەقامیشلی نەهار بكەین،
كاتی خەوتن لە مێردینا،
چاو لە ئەستێرەی ئاسمان كەین..
چاوەكانت مەچووقێنە!
گڕی ئاگری چیای ئاگری،
شەو شكێنە..
گوێیەكانت مەئاخنە!
پیرەمەگرون دەنگی مەلیك،
دووپات ئەكا..

بیربکەرەوە!
یادی قازی ڕێنوێنە..
بەڵێ دەبێ..
بەڵام دەبێ بۆ مان، بۆ ژیان،
بڕوا بکەین بە ودمی تیشکی بەربەیان..

دیانالۆندی ، دانمارك،92/2/28

# تۆ هەر ماوی

خۆشەویستم!
کاتێ بیستم:
تۆ کۆچت کرد،
لەبەرچاوما کۆتری هیواو دڵخۆشی مرد
هەرچی دەمدی،
قسەی دڵی ڕوانین بوو....
ڕوانینی مەڵۆی خەم و تۆڵەو قین بوو
لە ئەوپەڕی پەژارەوە،
بە کۆڵێ پرسیارەوە،
ڕووم کردە کێو و بەندەنان
کوێستان بەتەم،
گوڵان سەریان بەردابۆوەو خەم دەگریان،
مەلان سەر باڵیان شین بوو

خۆشەویستم!
چ ناخۆشە،
دینی قافڵەی بێ سەرقافڵە،
هیوا بڕان،

بێدەنگی و رەنج وئازار
لەئاست قاقای دێوای دزێو
گریانی بێدەنگ و هاوار

خۆشەویستم!
کاتیٚ ویستم
پڕ بەدڵم هاواربکەم،
دەستی زۆردار ئەوکی کوشتم
هاوار لەنێو گەروما مرد
کاتی ویستم،
چاو بگێڕم،
بەسەر چاوی چاوەڕێما
پەردەیەکی رەشیان کێشا
ویستم راکەم،
کۆت و زنجیر ئازاریان دام

بەڵام ئازیز!
بەرلەوەی کە گوێم باخنن،
گوێم لە سیڕەی هەڵۆیەك بوو،
لە سامی ئەو، دێو بێدەنگ بوو،
پەردەی رەشی چاوم لاچوو،

زنجیر پسا، کۆتیش داکەوت
هاوارم کرد:
سەرقافڵەی هیوا کوانێ؟
هەڵۆ گوتی:
– لە بەرزایی چیاکانا،
لە ئاسمانی کوردستانا،
دەڕوانێتە گەل و وڵات
پەرۆشە بۆ جەرگەی خەبات
چاوم لە دوندی چیا کرد،
ئازیز! ئەتۆ راوەستابووی،
بزەی مەندت لەسەر لێوبوو،
قسەت دەکرد:
– کاروان دەبێ رانەوەستێ
رێ نادیارە
هەرچی راوەستێ، دەوەستێ!
خۆشەویستم!
ئەتۆ دەتگوت:
– بوومەلەرزە،
ئاگرپرژێن، گێژەڵوکە،
بەستەڵەك و سەرماو سەهۆڵ،
تەرزە، لافاو،

هیچ کامیان نەیاتوانی
ڕێگەی کاروانمان کوێرکەن
خەباتمان ئەستێورکەن!

خۆشەویستم!
کاتێ بەرەو ماڵ بوومەوە،
لەگەڵمابووی،
لەدڵمابووی
کاتێ دڵۆپە فرمێسکێ،
لە چاوەکەم خزییە خوارێ،
کەوتە سەر پەلکی سوورگوڵێ،
گوڵم چنی و بۆم ڕاداشتی،
بزەت هاتێ
لە ڕوانینت شەرمەزاربووم
دەتگوت اوت بە من دەڵێ:
– خۆ نەمردووم!
بەڵێ وایە تۆ هەر ماوی و هەر دەمێنی!
تۆ پەیکەرەی کۆڵنەدانی!
تیشکی مێژووی!
هێزی ژیانی!
تۆ بەربەیانی هەرمانی!

# ژیانەوە

زرنگەی کۆت و زنجیرێ هەواڵی هاتنی هێنا
لە نێو تاریك و لێڵی سەردی پاییزا،
شەکەت،
بێهێز،
خەواڵوو،
تێکچەماو،
ماندوو،
لە پێچی ڕێوە پەیدابوو
ڕەهەندی بێ زەمانی دوور و بێ ڕۆچنایی رابردوو
بەدەستاری سزا،
وەهای هاڕیبوو، وردی کردبوو،دەتگوت:
-کەڕو کوێرە
نەگوێی دا بەو هەموو:
- شەوباش
-چۆنی؟
-چیت بەسەرهاتووە؟

نە ئاوڕی داوە سەر هیچکەس
بەڵێ تاوانی رابردوو چ سامناکە
یەکێك هاواری کرد:
–باوکە!
کە ویستی باوەشی پێدابکا دیتی ئەو هەورە،
رۆحە،
نامۆیە،
تاپۆیە
بەبێدەنگی، بە ئارامی لە باسکەی کێوی ئاوابوو
زرنگەی ژەنگنە زنجیرو کۆتێ هەر دەهاتە گوێ

لەنێو تاریك و روونی شەستەبارانا،
لەپێچی رێوە پەیدابوو
گەیشتە ئێمە دوایین ئاڵقە زنجیری پڕزی، داکەوت
شەماڵی بانەمەڕ تۆزی لەسەر لابرد
بزەی هاتێ
لە ئاوی کانیاوی زەمزەمی نۆشی
کتێبێ بوو لە دنیای دی
روانینی، بزەی، رەمزی موعەمما بوو
بەلاّم نەیگوت....
یەك هاواری کرد:

**-باوکە!**

**کەچی نەیزانی هەورە،**

**روحە،**

**تاپۆیە،**

**نامۆیە**

**کە ویستم پرسیاری لێبکەم:**

**-چۆنە؟**

**-چیە؟**

**ونبوو.......**

**بەڵێ ڕێبواری بێهێزی لە پێکەوتوو لە رابردوو،**

**ئەوێستێ مەندو سەرکەوتوو،**

**لە ئاسۆگەی چیای بەرزی تەناسوخ بوو**

# چاوەکەت

چاوەکەت: شیعرە، تەلیسمە، بادەیە
مەستی مەستە،
پڕ لە هەستە،
دیمەنی تاریك و ڕوونی ئادەیە

لێوی ئاڵت: کانیاوی هەستمە،
ماچ خوارزە،
جوانە،نازە،
ئارەزوومە، مولهیمی هەڵبەستمە،

پێکەنینت: زەمزەمەی کانیی ئەوین
مۆسیقایە،
شیعری خوایە،
سیحری"بوون"ە، رازی"مان"ە و رەمزی"ژین"

خاڵەکەی نێوان مەمانت: رووگەمە

**دڵ بزوێنە**
**شادی هێنە،**
**تاقە ئەستێرەی گەشی بسوو گەمە،**
**بەژن و باڵاکەت: لەبارە، ناسکە،**
**جوان و بەرزە،**
**ڕێك و تەرزە،**
**لارو لەنجەت چەشنی رەوتی ئاسکە،**

**ئەی ڤینۆس!**
**ئەی چاوەکانت پڕ لە راز!**
**من لە دەشتی چارەنووسا رێگە  ونبووم،**
**بمگەیە!**
**بۆ منی سەرتابەپا غەرقی نیاز**
**رەمزی" هەرمان"ت لەلایە،بمدەیە!**
**با خوداگیرم نەبی، بڕوانە دڵ شەیدایە بۆت**
**لادە ئەو پەردەی کە کێشاوتە لە نێوان خۆم و خۆت!**

# ئازیز[82]

ئازیز!
شەوەو زەماوەندە
ئەوەی ماوەو ئەوەی بەڕواڵەت خەوتووە
هەریەك دەستی دۆی بێوێنەی خۆی گرتووە
ڕەشبەڵەکە، تەحا لەو گەورە گۆوەندە
چاوەنواڕیی بووکی بەیان دڵنشینە
ئازیز! وەرە تۆش ببینە
بووکی بەیان،
وێڕای لاوژەی بارەکەوان
بەڕێوەیە
هەرچی بڕوای بە شەو هەیە لەم نێوەیە
ئازیز!
راستە تیغی بەیان

---

82– وەلاًمێکە بۆ نامەو شیعرێکی( سەلاحەدین ئاشتی) کە بۆ هاواری نوسیوە، بەم شێوەیە دەستپێدەکات:
ئازیز نەکەی
دەس بەداوی پرچی رەشی شەویٚ بگری!
شەو تاریك و بێتین و سرە،
بەرینە دەشتێکی خۆڵەمرە!

هەزاران جار لە گەردنی شەو خشاوە
بەڵام ئازیز!
شەو هەر ماوە
قەڵای مێردان هەر دەمێنێ
تۆپی زەمان نایڕوخێنێ
ئازیز! ئەمن،
دەس بەداوی زوڵفی ڕەشی شەوا دەگرم
زوڵفی لەسەر ڕوو لادەدەم
تا هەتاوی بەیانی خۆی بنوێنێ
ڕەشی و تووشی بڕەوێنێ
ئازیز!
لەژێر ڕەشماڵی شەو
هەزار هەزار ڕەمزو ڕازە
لەنێو دوێنێ و سۆزی ئێستا شەوی ڕەشم بەردەبازە
قەڵای مێردان دەڵێن شەوە
ئەوەی درزێوە نەك شەوە، شیرین خەوە
ئازیز!
بڕوانە ئەستێرە، لە ناخی شەو ئەجریوێنن
شنە، شەوبا، سروە، شیبا، تەنیا بەشەو خەمڕەوێنن
شەو پێشەنگی بەیانییە
پێتوایە نییە؟

# پیری ڕێبوار

پیری ڕێبوار گوتی:
زۆری نەماوە ڕێگا
لەم گەوەی سەربکەوین
مێرگی دڵخوازی مە خۆدەنوێنێ
هەر تکەی ئارەقەیەك
گوڵێکی دەڕوێنێ.
گەل هەموو تۆزاوی
هەموو ماندوو و شەکەت
ئارەقە خوێنی دەمی دڕکی دەشوشت
بەرزەکۆ هێزی دەکوشت
بە ورەی توند و پتەو
لە گەوەی سەر کەوتن
بەشەقەی باڵی هەلۆ
بزەی هاتە دەمی خۆر
بە چپەی نەرمی شنە
گوڵ و گیا دەرکەوتن

پیری ڕێوینگ گوتی:

ئەوە ئێوەو ئەوە مەڵبەندی بەهار!

ئەوە ئێوەو گوڵی سوور !

کاتی وەی هاتووە هەڵکەن ئاڵاٚ

لەهەموو دوندی سنوور!

پێشەوای پیر گوتی:

شەو و شەگار رما

پشتی زۆردار چەما

توشی و سەخڵەتی و کۆیلەیی و دیلی نەما

سێبەرە و هەڵدێ بەرەو تاریکی.

بوو بە گۆوەندو زەماوەند لە هەموو شوێنی وڵات

هاتە بەر داری خەبات

هەڵکرا ئاگری ئاگردانان

تێکشکا دەرکی هەموو زیندانان

خۆشی لاولاوێکی گەش بوو کە داهاڵاٚ لە وڵات

قافڵەی هاتی بەرەو خەڵکی دەهات

هەر دەهات

هەردەهات

شەونم ، ئاوێنەیی بێگەردی خەیاڵ

رومەتی نێرگزە چاومەستی لە ئامێزابوو

نواڵە بژوێن و بەرین
لە چیا هالاٚبوو
زەمزەمەی مۆسیقا
هەڵپەڕینی کچی نوور
هاتوچۆی ئەسپی کەحێلٚ
کۆلکەزێڕینە میداڵی شادی
هەریەکەو باڵی فڕینی گەل بوو
رەنگ و دەنگ  تێکەلٚ بوو

# هۆی دەربەدەریم

لە منی دەربەدەری ئاوارە دەپرسن،
-بۆ هاتووی..؟
پێیاندەڵیم:
لەزێدەکەم-کوردستان -
کاتیێ هەتاوی هەتیو سەری نایەوە،
لە پێگەی داگیرکەران
خوێن کفارە دەکا..
بەیانیان بەتینی گزنگ،
ئەو گزنگەی بە گڕی ئاگری مێژوو گەرم داهاتووە،
خوێنەکان دەبنە هەڵم
دەچنە ئاسمان
دەبنە هەور
هەورەکان بەسەرماندا دەبارێنن
نەك باران، خوێن..
ئەمانە هەزاران وەك من ئاوارە دەکا...

83
............

وەبیرم دێ لە زێدەکەم

لەنێو کانگای هومێدەکەم

کچێکی نازو شۆخ و شەنگ

کچێکی دڵرفێنی، چەلەنگ

بەقەشمەری، بەرەوتی جوان

بە بزەی مەند، بە لێدوان

بە چاوی وەك ئاوری بن کا

بە تێروانین، بە نیونیگا

کۆتری دڵتی راوکردبوو

خەیاڵتی خاوکردبوو

لە پێگەی ئاڵۆزی ژینا

لەدوو رێگای دوو ئەوینا

لەلایەکی عیشقی شیرین

جوانترین ئەستێرەی ژین

لەلایەکی عیشقی خەبات

---

[83] – پێدەچێت ئەم شیعرە ،بەهۆی شیعری(چاوت ئاوری بن کایە)ی (هێدی) یەوە نوسرابێت، بەڵام تەواو نەکراوە.

بۆ رزگاری گەل و ولاّت

گیرت کردبوو هەبەسابووی

من دەمزانی چۆن شەمزابووی

بەلاّم زۆر زوو بوویە ئەغیار

جەغزت کێشا لە دەوری یار

بەسیحری شیعرێکی بەهەست

کە شیعرناسان پێی دەبوون مەست

قبووڵت کرد دەردی چیایی

..............................

................................

...........................

.....................

بەندی و کۆیلەیی و دەرەبدەری
سەختی و سەخڵەتی و چەرمەسەری
یادگارێکە لە بۆ من ماوە
لاپەڕەی ژینمی پێ نووسراوە
نە لە زێدم هەیە جێگەی ژینێك
نە لە خاکی دەرەوە پەرژینێك
روو لە هەر شوێنێ دەکەم نامۆیە
خۆشی سانەوە بۆم تاپۆیە
هەر بەتەنها ئەمەیە تاوانم
کوردم و ئاشقی کوردستانم
ژینی من گشتی شەو و شێوانە
پەلەقاژەی دەمێکی تر مانە
خەم و تەم بوونە هەوێنی ژینم
هۆی بزەو شادی لە ژین نابینم
داخ و سەد داخ کە خاك و گڵەکەم
لەت لەتە هەر وەکو جەرگ و دڵەکەم
شەوەزەنگ باڵی بەسەر کێشاوە
دڕکی ناکۆکی سەریهەڵداوە
شنەبا نایە تەم و خەم لادا
دێوی شەو هەل بە بەبانی نادا

تۆ بڵێی لاچێ شەوی توشی دزێو
خاشەبڕ بن شەوەو مۆتەو دێو
تۆبڵێی تیشکی بەیان بێتە دەرێ
داری هیوای گەلەکەم بێتە بەرێ
تێك رمێ کۆشکی نەیانی و دەلەسە
پەری ئازادی بڵێ: دیلی بەسە
کاتی دڵخۆشی و بووژانەوە بێ
رۆژی ئۆخژن و دەمی سانەوە بێ
نیشتمانم بووە پێگەی دوژمن
جێی پشوودانێ نەماوە بۆ من
لەوبەری تورکە دەڵێ تۆ تورکی
زۆر لە مێژە کە بە تورکی کورکی
چونکە کێوی فێرە تورکی نابێ
زەحمەتە تازە لە بۆ من چابی
بۆیە دەتکوژم و تۆوت دەبڕم
بڵێ تورکم بلاّ ورگت نەدڕم
لەم بەرە فارسە دەڵێ ئێرانی
فارسی و هێشتێ بە خۆت نازانی
کێ دەڵێ تۆ گەلێکی جیاوازی
بۆ دەنا لێم بوویە سمکۆ و قازی

مافی چت لێم گەرەکە، کاکی چەتە
بەشی تۆ بەندی و لێدان و پەتە
عەرەبیش لەو بەرەوە لێم دەکوژێ
خوێنەکەم هەروەکو نەوتم دەمژێ
پێم دەڵێ تۆش وەکو ئێمە سامی
.......................................
.......................................
.....................................

**تێبینی:**

**هاوار لەو بڕوایەدابووە کە پیتەکانی(ح،ع،غ) پیتی کوردی نین، بەڵام سودیا لێوەرگیراوە بۆ وشە بێگانەکان و لەدیوانەشدا شاعیر هەوڵیداوە ئەم بڕوایەی پیادەبکات.**

١

# جەللاد

وەرە جەللاد !
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تا کوو بزانی چۆنە ئیمانم ..
ئەتۆ جەللاد !
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم ،
ئەگەر بێنی لە بەر چاوم بکوژی گشت عەزیزانم ،
بە وەڵلاهی ،
بە خاکی پاکی کوردستان ،
ئەمن کوردم قەتیش نالێم پەشیمانم ..

* *

وەرە جەللاد !
وەرە ئەی خوێن مژی بەدکار !
دە توانی بمخەیە ئەستۆم گوریسی دار
ئەوەش نازیە بۆ من ،
بە وەی ناکوژی ئیمانم ، ئەوە سەربەرزیە بۆ من..

* *

وەرە جەللاد !
وەرە ئەی دڕندە ! ئەی بێداد !
لە بەرچی بەختەلی ئەی بۆچی نامکوژی ؟
بە زیندوویی لە گۆڕا بۆچی نامنێژی ؟
قەسەم بەم کۆت و زنجیرە ،
بە هەرچی دیل و یەخسیرە ،
بە ئاواتم ،
بە ئیمانم ،



٢

بە ئامانجم،
بە پەیمانم،
بە خوێنی پاکی ئەو کوردەی لە ڕێی ئاواتی کوژراوە،
قەسەم بەم خاکە خوێنینە،
قەسەم بەم ژینە شێواوە،
ئەگەر دەربێنی چاوانم،
ئەگەر بشکێنی ئێسکانم،
بە وەللاهی،
بە خاکی پاکی کوردستان،
ئەمن کوردم قەتیش نالێم پەشیمانم..

ئازار - ١٣٣٨



٢٠

کەوان

دوو چاوی تۆ وەکوو جووتەی کەوانە (١)
برۆکانت بەرەو سینگم کەوانە

بەیانان تاسە تاسی پێکەنینت
لەگوێی مندا لەگوێی تاسەی کەوانە

هەزار خۆزگەم بە دەزبیەی بەرۆکت
کە بۆ تەماسی بەروێت دەرکەوانە (٣)

دەبیرم دێ کە بۆم هاتبوویە ژوانێ
هەچی دەمکرد ئەتۆ دەتگوت کە: وانە (٣)

ئەگەر چی پیر و داماوم ئەوستێنیش
دڵی من هەر بە ئاواتی کەوانە

تاران - ١٣٤٢

١- جووتە کەوان = دوو ئەستێرەن کە دنیکرا هەڵدێن و ئاوا دەبن.
٢- بەروێ = بەرۆک.
٣- هەچی = کورت کراوەی "هەرچی" یە.



٥٦

تراوکە

گوڵم! تۆ ڕەمزی بوونی! هۆی ژیانی!
گزنگی دڵنشینی بەرەبەیانی!

گڕی عیشقی، فرشتەی خۆشەویستی!
هەناسەی چاوەڕێی کاتی ژوانی!

تکەی فرمێسکی شلێری بەشەرمی!
بزەی سەندی گەزیزەی لاپەڕانی!

وەنەوشەی، باڵی نەخشینی پەپوولەی!
گمەی کۆتری دڵی، وەزنی ڕەوانی!

دەنەی دەنگی، زرینگەی جامی بادەی!
شەوینی، پێکەنینی ساردە کەمانی!

لەسەر پەڕگی گوڵاڵەی دەم بەهاران،
دڵۆپی شەونمی ڕوون و جوانی!

لە تاریکی شەوی پڕ نزور و سوێدا،
گڕی، بۆ ڕێگە ون بوو ڕازی مانی!

بە ڕۆژیش جەژنی کەرنەڤاڵی بەهاری!
بە سەندی هەر وەکوو شەوی کیانی!

٥٧

لە چاوی ڕێبواری ڕێی ئەو دنیا،
تراوکەی دەشتی پان و بێ بڕانی!

لە حاندی تۆ هەموو هێزێ دەوەستێ،
ئەتۆ ڕاگیرکەری چەرخی زەمانی!

هوشیندی ناهوشیندی دڵ خەمینی!
کەچی بۆس هوشیندی بێ نیشانی!

من و تۆ چەندە لێک دووربن، هاوار
ئەمن دەس کورتم و تو کاکەشانی!

تاران - هاوینی ١٣٦٣



٦٠

یاد

شەوە ، شەوێکی درەنگە ،
دنیا خاپوورە ، بێ دەنگە ،
بۆ "زاگرۆس" و "چیا" و "ئاگری"
دڵم تەنگە ..

* *

ئاخۆ ئێستا :
خەرمانی کێژە جوانە ژۆردین .
یانە لاوەی کانە لادێ .
کانە کانی روون و خاوێن .
مەستیان دەکا .؟
لێزان لە هەڵپەستیان دەکا ..؟

* *

یانە ژینێکی وەک سازی سیم هەڵبیار ،
یانە هەزار چەشنە بیری نیوە تەواو .
لە دەوری وان ملی هەڵدیان تاراندن ،
بە زارەیان باراندن ...

* *

رۆژ لە کامە !
"زاگرۆس" سەرمایی چاوانم !
"چیا" ی جوانم ، هیوای ژیانم !
"ئاگری" گڕی ئادرینم ، گیانی گیانم !



٤٦١

لە بەهەشتی خۆشی "ئاڵمیای"،
لە لێزی بێ دڵنیەی "رادە"،
لە بەستێنی دڵ لە ستێنی یەکادی "راین"،
تەنیا رووی ئێوە دەبینم،
هەر ئێوەن ئاواتی ژینم..

*　　*

کە وا بوو تاکاتی خۆشی یەکتر دیتن،
سەرکە دڵتوو من..
ژیانێکی پڕ لە خۆشی،
دوور لە تووش و لە پەرۆشی..

ئاڵمان - ئاڵمیای ٨٤/٥/٩ (گوڵانی ١٣٦٣)



٤٨

ئاگر

پێم بڵێ نووری ، بروسکەی ، یا گڕی؟
هەرچی هەی بۆ گیان و ماڵم ئاگری

ڕوو لە هەر لایێ بکەم ، هەرکوێ بچم ،
کۆترم و تۆ وەک شەهێن دێی دەمگری

یادی تۆیە ئۆگری ڕۆژ و شەوم
داخەکەم تۆ هەر لەگەڵ خۆت ئۆگری

دڵنشینی ، دڵڕفێنی ، دڵ کوژی ،
دڵ بە کەس نادەی کە چی خۆت دڵگری

ئاخری دنیا هەموو دەگری بە ناز
خۆ تۆ "نازی"؟ نی کە دنیا داگری

ڕێم بدە خونچەی دەست بگرم بە لێو
خۆ چ ناقەومێ لە ئامێزم گری

مەهاباد - گەلاوێژی ١٣٥٩

٤٩

دوو پەری هاتنە خوار..
یەکیان دەستی بە سەر رووسەتی تۆ داکێشا، (١)
بۆ جوان کردنی تۆی تێکۆشا..

ئەوی دی هات و لەمن دەستی وەشاند، (٢)
شەمی هیوای کوژاند..

ئێستێ تۆ بوویتە ئەم سوورەگوڵە
ئەمنیش شێت و هەژار..

سیاندار - ١٣٥٧

١ = بە کەسێک کە زۆر جوان بێ دەڵێن: "پەری دەستیان بە رووسەتی دا کێشاوە" یان "پەری یان دەم و چاویان شتووە"
٢ = بە کەسێک کە شێت بێ دەڵێن: "پەری یان دەستیان لێ وەشاندووە" یان "پەری یان دەستیان لێ داوە"



View publication stats